هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

# ڕێزداری لە شێوەزاری بادینی زمانی کوردیدا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زمان زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر کراوە
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن

**ذکری نزار محمد شریف** بەکالۆریۆس – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر- ٢٠٠٠

بەسەرپەرشتیی

**د. عاطف عبدالله فەرهادی**

پوشپەڕ ٢٧١٥ کوردی      ڕەمەزان١٤٣٦ کۆچی      حوزەیران ٢٠١٥ زایینی

## ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە، کە بەناونیشانی (**ڕێزداری لە شێوەزاری بادینی زمانی کوردیدا**)یە، قوتابی (**ذکری نزار محمد شریف**) بەسەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر ئامادەکراوە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

**سەرپەرشت**

**د. عاطف عبدالله فەرهادی**

**/ / ٢٠١٥**

**بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**پ.ی. د. ئیدریس عبدالله مصطفی**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**لە بەشی زمانی کوردی**

**/ / ٢٠١٥**

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاووتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (**ڕێزداری لە شێوەزاری بادینی زمانی کوردیدا**) یە، قوتابی (**ذکری نزار محمد شریف**) پێشکەشیکردووە، لەگەڵ قوتابییەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆک ولایەنەکانی دیکە کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (　　　　) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

سەرۆکی لیژنە

پ.د.

/ / ٢٠١٥

ئەندام

پ.د.

/ / ٢٠١٥

ئەندام

د.

/ / ٢٠١٥

ئەندامو سەرپەرشت

د. عاطف عبدالله فەرهادی

/ / ٢٠١٥

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان _ زانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر پەسەندکرا.

پ.ی.د. شادان جەمیل عەباس

ڕاگری کۆلێژی زمان بە وەکالەت

زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر

/ / ٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم نامەیە پێشکەشە :-**

***( بەو هەناسەی .... مانا بە ژیانم دەبەخشێت )***

هەواڵنامەی کتێب

سوپاس وپێزانینم بۆ:-

- خوای گەورە ، کە دەرفەت وتوانا خوێندنی پێدام.
- ماڵباتە میهرەبانەکەم ، کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا پشتیوانییان کردووم .
- ماموستای بەرێز (د.عاطف عەبدوللا فەرهادی)، کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم نامەی گرتە ئەستۆ .
- هەموو ئەو ماموستا و هاوڕێ بەڕێزانەی ، کە لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەدا هاوکارییان کردووم .

هەواڵنامەی کتێب

# لیستی هێماکان

| | |
|---|---|
| _ | بۆ سەرەتای ڕستە |
| .... | بەشی تەواونەکراو لە ڕستەدا |
| S | ئاخێوەر |
| H | گوێگر |
| R | پلەی سە پاندن |
| D | مەودای کۆمەڵایەتی |
| P | هێزی بەشداربووان |
| $W_x$ | بەهایەکی ژمارەیی |
| FSA | Face saving Acts – کردەی پارێزەری لە ڕوخسار دەکەن |
| FTA | Face Threatening Acts– کردەی هەڕەشە لەڕوخسار دەکەن |
| CP | ڕێسای گفتوگۆ |
| PP | ڕێسای ڕێزداری |
| IP | ڕێسای ئایرەنی |

هەوالنامەی کتێب

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Intonation | ئاواز |
| State | بار |
| Maxim | بنەما |
| Situation | بارودۆخ |
| Impolite | بێرێزی |
| View | بۆچوون |
| Concept | چەمك |
| Modesty | خاكەرایی-خاكیەتی |
| Self | خود |
| Politeness | رێزداری |
| Gender | رەگەز |
| Behavior | رەفتار |
| Confrontation | رووبەرووبوون |
| Directive | راستەوخۆ |
| Principle | رێسا |
| Positive face | روخساری ئەرێنی |
| Negative face | روخساری نەرێنی |
| Feature | سیما |
| Imposition | سە پاندن |
| Imperative | فەرماندان |
| Speech Acts | کردە قسەییەکان |
| Relevance | گونجان |
| Indirect | ناراستەوخۆ |
| Equivalent | هاوواتا |
| Stress | هێز |

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار | I |
| ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆكار | II |
| پێشكەشنامە | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| لیستی هێماكان | V |
| لیستی زاراوەكان | VI |
| ناوەڕۆك | IX-VII |
| پێشەكی | ١ |
| بەشی یەكەم: | ٢٣-٣ |
| ١-١- تەوەری یەكەم: زمان و ڕەهەندی كۆمەڵایەتی | ٣ |
| ١-٢- تەوەری دووەم: ڕێزداری پێناسە و ستراتیژ | ٧ |
| ١-٢-١- ڕێزداری | ٧ |
| ١-٢-٢- ستراتیژەكانی ڕێزداری | ٩ |
| ١-٣- تەوەری سێیەم: ڕێزداری و ڕێساكانی گفتوگۆ | ١٣ |
| ١-٣-١- بۆچوونی گرایس | ١٣ |
| ١-٣-٢- بۆچوونی لاكۆف | ١٥ |
| ١-٣-٣- بۆچوونی لیچ | ١٦ |
| ١-٣-٤- بۆچوونی دیكرۆ | ١٩ |
| ١-٤- تەوەری چوارەم: ڕێزداری نازارەكی | ٢٠ |
| بەشی دووەم: | ٥٦-٢٤ |
| ٢-١-١- تەوەری یەكەم: مۆدێلی ڕێزداری بروان و لیڤینسن | ٢٤ |
| ٢-١-١-١- ستراتیژی ڕاستەوخۆ | ٢٨ |
| ٢-١-١-٢- ڕێزداری ئەرێنی و ستراتیژە لاوەكییەكانی | ٢٩ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٢-١-١-٣- ڕێزداری نەرێنی و ستراتیژە لاوەکییەکانی | ٣٦ |
| ٢-١-١-٤- ستراتیژی ناڕاستەوخۆ | ٤٠ |
| ٢-١-١-٥- ئەنجامنەدانی (FTA) | ٤١ |
| ٢-١-٢- ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی هاوبەشی ڕێزداری دەکەن | ٤٢ |
| ٢-١-٢-١- پلەی سەپاندن | ٤٣ |
| ٢-١-٢-٢- مەودای کۆمەڵایەتی | ٤٣ |
| ٢-١-٢-٣- هێز | ٤٤ |
| ٢-١-٣- هاوکێشەی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان | ٤٥ |
| ٢-١-٤- ئەو ڕەخنانەی لەم مۆدێلە گیراوە | ٤٥ |
| ٢-٢-تەوەری دووەم : پاڵنەرەکانی ڕێزداری | ٤٨ |
| ٢-٢-١- ڕاگرتنی پەیوەندییەکان لەنێوسیستەمی کۆمەڵایەتیدا | ٤٨ |
| ٢-٢-٢- ڕاگرتنی لایەنی دەروونی | ٥٣ |
| **بەشی سێیەم:** | ٧٩-٥٦ |
| ٣-١- تەوەری یەکەم: ڕێزداری و بەکارهێنانی جیاواز | ٥٦ |
| ٣-١-١- توانج لێدان | ٥٩ |
| ٣-١-٢-گاڵتە پێکردن | ٦٠ |
| ٣-١-٣- خۆپاراستن | ٦١ |
| ٣-١-٤-مەرایی | ٦٢ |
| ٣-١-٥- سنوردانان | ٦٢ |
| ٣-٢-تەوەری دووەم: ڕێزداری لە ئاستەکانی زماندا | ٦٣ |
| ٣-٢-١- لە ئاستی دەنگسازی | ٦٣ |
| ٣-٢-٢- لە ئاستی وشەسازی | ٦٥ |
| ٣-٢-٣- لە ئاستی ڕستەسازی | ٦٨ |
| ٣-٢-٤- لە ئاستی واتاسازی | ٧١ |
| ٣-٣- تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان هەڵبژاردنی ستراتیژ و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان (ئەنجامی ڕاپرسی) | ٧٤ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ئەنجامەکان | ٨٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٨٣ |
| پاشکۆکان | ٨٨-٨٩ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | i |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | A |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

## ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە (ڕێزداری لە شێوەزاری بادینی زمانی کوردیدا)یە . مەبەستی لێکۆڵینەوەکە ناساندنی ڕێزداریە لەزماندا و دیاریکردنی ستراتیژیەت و شێوازەکانێتی، هەروەها ئاشکراکردنی پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانە بۆ پەیڕەوکردنی شێوازێکی زمانی ڕێزدار .

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەچێتە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە بەپێی بەکارهێنانی لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا .

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەژیانی کۆمەڵایەتییدا ڕۆژانە لە بۆنەی جیاوازدا، ئەو وشە و دەستەواژانە دەبیستین، کە ڕامانی ڕێز و پێزانین لەخۆ دەگرن . لەڕێگەی لێکۆڵینەوە دەمانەوێ بزانین ئایا دەربڕینی ڕێزداری لەزماندا تەنیا لەسنوری بەکارهێنانی وشەی تایبەت دەخولێتەوە، یاخود تەکنیك و ستراتیژیەتی پێویستە تاوەکو ببێتە ئامرازێکی کارلێکەر لە پەیوەندییەکاندا، هەروەها کەمی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەزمانی کوردیدا و نەبوونی هیچ لێکۆڵینەوەیەك لە دیالێکتی ژووودا، هۆیەکی دیکە بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

## کەرستەی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەچوارچێوەی (زمانی کوردی – شێوەزاری بادینی) دایە. نموونەکان هەمووی لەم شێوەزارە وەرگیراون و ڕاپرسییەکەی بەشی سێیەم لە دام و دەزگاکانی سنوری پارێزگای دهۆك بە قەزا و ناحیەکان ئەنجامدراوە .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی مۆدێلی (ڕێزداری براون و لیڤینسن) ئەنجامدراوە .

هەواڵنامەی کتێب

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

دەستنیشان کردنی زیاتر لە فەرمانگەیەك لەسنوری پارێزگای دهۆك و وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی بەشی سێیەم .

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێك هاتووە:-

**بەشی یەکەم:** کە چوار تەوەر لەخۆدەگرێ: تەوەری یەکەم سەرەتایەکە بۆ باسکردنی بابەتێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی باس لەڕەهەندی کۆمەڵایەتی زمان کراوە، لە تەوەری دووەمدا پێناسە و چەند ستراتیژێکی ڕێزداری بەشێوەیەکی گشتی خراونەتەڕوو، لە تەوەری سێیەمدا تیشك خراوەتە سەر ڕێزداری لەڕێساکانی گفتوگۆدا بە پێی بۆچوونی چەند لێکۆلەرێك، لەتەوەری چوارەمدا چۆنیەتی ڕێزنواندن بە شێوەی نازارەکی باسکراوە .

**بەشی دووەم:** لە دوو تەوەر پێکهاتووە:لە تەوەری یەکەمدا مۆدێلی ڕێزداری براون و لێفنسن بە تێروتەسەلی بە ستراتیژە سەرەکی و لاوەکییەکانی بە نموونە خراوەتەڕوو، هەروەها ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە کار لەبەکارهێنانی ستراتیژیەت دەکەن باس کراوە و لە کۆتایدا ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم مۆدێلە کراوە خراونەتەڕوو، تەوەری دووەم بریتییە لە خستنەڕووی ئەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەی ڕێزداری دەهێنێتە ئاراوە .

**بەشی سێیەم:** لەسێ تەوەر پێکهاتووە:لەتەوەری یەکەمدا بەپێی تیۆری دەورووبەر بەشێوەیەکی پراکتیکی چەند ڕەهەندێکی جیاوازی بەکارهێنانی ڕێزداری باسکراوە، لە تەوەری دووەمدا دەرکەوتنی ڕێزداری لەئاستەکانی زماندا لەشێوەزاری بادینی بەڕێژەی جیاواز خراونەتەڕوو،لەتەوەری سێیەمیشدا ئەنجامی ڕاپرسییەك لەسەر پەیوەندی نێوان هەڵبژاردنی ستراتیژ و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە مۆدێلی براون و لێفنسن لەسەر ئاخێوەرانی شێوەزاری بادینی واتە لەسنوری پارێزگای دهۆك ئەنجامدراوە.

# بەشی یەکەم

# بەشی یەکەم

## ١-١-تەوەری یەکەم: زمان و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

زمان لە هەموو قۆناغەکانی پێشوەچوونیدا ئامرازی پەیوەندیکردن بووە. بوونی زمانێکی هاوبەش لەناو تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ خزمەتی هەموویان دەبێت. (لەبەشە گرینگەکانی شارستانی مرۆیی، کە پشت بە زمان دەبەستن، ئەو بەشانەن کە مۆرکی کۆمەڵایەتییان پێوەیە، وەك ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ئایدولۆژیا و خزمایەتی. هەر ئەمانەش دەبنە بناغەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و بەبێ زمان دروست نابن) (هجمان، ١٩٨٩: ٨٧).

دەربڕینە زمانییەکان ڕەگەزی سەرەکی کارلێکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتین. بۆیە زۆر لە زانایان، زمانیان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناساندووە و لەوچوارچێوەیەوە سەیری زمانیان کردووە . (فیردینارد دی سوسێر ١٨٥٧-١٩١٣) دامەزرێنەری زمانەوانی نوێ، پێیوایە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مرۆیی لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت، دەشلێت: "زمان ئەرکێکی مرۆییە، مرۆڤ بە تەنیا ناژێت، بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکدا لەدایك دەبێت و بەپێی کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیە ڕەفتار دەکات(بەهار زایر،٢٠٠٩: ٧). کەواتە زمان دەستکردی تاکێك نییە، لەژیانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەشدارن لە بەکارهێنانی و دیاریکردنی سیماگشتی و تایبەتیەکانی. (محمد معروف فتاح) لەباسکردنی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگەدا دەڵێت: "زمان مرۆڤ و دەورووبەر بەیەکتر دەگەیێنێ و مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لەناو کۆمەڵدا بمێنێتەوە، چونکە زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی هۆیەك بێت بۆ هەست دەربڕین و زانیاری گەیاندن، لە زۆر باردا زمان تەنیا بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەکارنایێت، بەڵکو بۆ جێخۆشکردن و خۆبردنەپێش و خۆسەپاندن و دیاریکردنی شوێنە لەناو ریزەکانی خەڵکدا، جگە لەمانە زمان ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەهۆیەوە دەتوانین بڕیار لە سەر ئاخێوەر بدەین خەڵکی کوێیە و لەچ بارێکی دەروونیدا دەژی و هەستی بەرامبەر دەورووبەرەکەی چۆنە و سەر بەچ چینێکە و ڕادەی خوێندەواری چەندە، واتە ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە، کە ئاخێوەرانی تیایدا دەژین"(محمد معروف فتاح، ١٩٨٦: ١١٤).

هۆکاری فراوان بوونی شوێن و پێگەی بابەتی کۆمەڵایەتی لەناو لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا بۆ ئەو پەیوەندییە ڕوون و ئاشکرایە دەگەڕێتەوە، کە لەناو زمان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە،کۆمەڵگە کاریگەرێکی زۆری بەسەر زمانەوە هەیە  وهەر ئەو کاریگەرییەیە لەپێکهاتەی زمانەکە ڕەنگدەداتەوە،هەندێ لایەنی زمان هەن، کە ناتواندرێ بەدەر لەدیاریکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی لێبکرێت(هدسن، ١٩٨٧: ٤٤).

(((ڤندرس) پێیوایە:کۆمەڵگە سەرپەرشتی سۆز و داب و نەریت و ڕەوشتی کەس دەکات و لە قاڵبێك دایدەرێژێت، هەر کەس لێی لابدات ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵگە دەبێتەوە، کە سوکترینی گاڵتە پێکردنە))(عبدالواحد مشیر، ١٩٩٩: ١٦).

هەر مرۆڤێك هەڵسوکەوتە زمانییەکانی بەپێی واقیعی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات، توانای هەرتاکێك بۆ ڕێکخستنی قسە و دەربڕینەکانی لەسەر بنەمای گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشێك لەتوانای زمانی تاکەکە دادەنرێت. (جۆن لاینز، ١٩٨٧: ٢٢٧) .

لەلایەکی دیکەوە دەبێت باس لەوەش بکرێت، کە ڕاستە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك ناچارن لەژێر ڕکێفی سیستمەکانییەوە ڕەفتاربکەن، بەڵام مۆرکی کەسێتی ئاخێوەریش دەبێ بخرێتە بەرچاو، واتە ئەو جیاوازیە لاوەکییانەی لەشێواز و دەربڕیندا بەکاردێت فەرامۆش نەکرێن . چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەئاڕاستە جیاوازەکاندا نیشانەی جیاوازی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانییەتی، وەك چۆن (همبولت) باس لەجەمسەرەکانی زمان دەکات وای دادەنێت،کە زمان ((بەرهەمێکی تاکی و کۆمەڵایەتییە لەهەمان کاتدا، سیستمێکی جێگیرە و بەردەوامیش لە گۆڕاندایە)) (عدنان بن ذريل، ١٩٨٠: ١٤٧).

هەر بۆیە لەباسی زماندا چەند ڕەهەندێکمان بۆ دەردەکەوێ، لەوانە ڕەهەندی بایلۆژی، کە هەر مرۆڤێك بۆ وەرگرتنی زمان و فێربوونی پێویستی بەچەند پێکهاتەیەکی بایلۆژی هەیە. گەشەکردنی ئەو پێکهاتانە دەبنە هۆی گەشەکردنی زمان لای مرۆڤ، بەپێچەوانەشەوە هەر کەم و کورتییەك لەم لایەنە کار دەکاتە سەر زمانی کەسەکە. لە ڕەهەندێکی دیکەی زمان کە دەروونییە، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە زمان بەبیرکردنەوەوە بەندە و ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بیروبۆچوونەکانی ئاخێوەر بۆ کەسانی دەورووبەری و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەکاریگەری تاك بەسەر کەسەکان و بە پێچەوانەوە .

هەرچی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە، زمان دەکاتە ئاوێنە و هەموو ئەو یاسا و بیرو بۆچوونانەی ئاخێوەرانی کۆمەڵگەکە هەیانە، کە بۆ بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانیان پەیڕەوی دەکەن، تیایدا ڕەنگدەداتەوە .

(ابن خلدون) ڕەهەندی کۆمەڵایەتی زمان بەچەند خاڵێك ڕووندەکاتەوە .

١- زمان سیمایەکی مرۆڤە، مەبەست لە سیما ئەو سیفەتە سەپێنراوانەن، کە مرۆڤ لەداب و نەریت و بیروباوەڕەوە، یاخود لە هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی کە لەدەوروبەری خۆیەوە وەریدەگرێت .

٢- ئەم سیمایە (زمان) لەڕێگەی بەردەوامی و دووبارەکردنەوەی کارەکی جێگیردەبێت و دەسەپێنرێ، چونکە زمان دەروازەیەکە بۆ تێکەڵبوون و کارلێکردن.

٣- بەتێبینی کردنی وێنەی زمانی کەسەکان، دەتوانین شێوازی قسەکردنیان ڕاست بکەین و بیگۆڕین (چیمەن نیزامەدین، ٢٠١١: ٣٥).

ئاشکرایە کە هیچ زمانێك لە دەرەوەی کۆمەڵگە دروست نابێت. هیچ کۆمەڵگەیەکیش بێ زمان نابینرێ، (کودندیال) دەڵێت: "مرۆڤ ناتوانێ ئاماژەکان ئاڵوگۆڕ بکات ئەگەر کۆنەبێتەوە" زمان بەهێزترین ئامرازە بۆ ئەو پەیوەندییانەی بەشێوەیەکی خۆویست دروست دەبن، هەر ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی لەناو زمان و کۆمەڵگەدا هەیە وایکردوەکە لەسەرەتای سەدەی هەژدەم زانستێك بێتە کایەوە بەناوی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics)، کە سەرنج لەسەرهەڵدانی زمان و بەرەو پێشووەچوونی و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەدا دەدات (جورج مونین، ١٩٧٢: ١٥٢).

لێکۆڵینەوە لەزمان لەروانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ شیکردنەوەی ئەرکە جۆراوجۆرەکانی یارمەتیدەرن بۆ زانینی ڕێچکەی زمان ، ڕێگەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازییە زمانییەکان لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی زمانی هەرچینێك و هۆکارەکانی و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەریەکیان . دیاریکردنی سنووری ئەم کاریگەریە بەواتای دانانی چەند پێوانەیەکە بۆ زمان بەپێی شێوازە کۆمەڵایەتیەکانی(میشال زکریا، ١٩٨٤: ٨٥).

جیاوازییە کۆمەڵاتییەکان، وەك چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ئاخێوەران دەبێتە هۆی دروستبوونی زاری جیا، واتە جگە لەو زارانەی هۆکاری جوگرافی دروستی دەکەن ، زاری کۆمەڵایەتیش هەن بۆ نموونە زمانی ئاخێوەرانی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی لەگەڵ کۆمەڵگەی شارنشین جیاوازی تێدەکەوێ، بەتایبەتی لەڕووی وشە و زاراوەکان و شێوازی ئاخاوتندا، چونکە ئەو چوارچێوەی زمان تیایدا بەکاردێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر سیما و خاسیەتە تایبەتیەکانی زمان .

هەوارنامەی کتێب

(جۆن فێرس)پێیوایە لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکدا ژینگەی قسەکردن لەجۆری ئەو پەیوەندییەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە پێکدێت، واتاکانی زمان لەڕێگەی بەکارهێنانی لەسەر زاری ئاخێوەرانی لەکۆمەڵگەدا دەردەکەوێت(سەرچاوەی پێشوو:٢٨٢).

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی زمان وای لەزمان کردووە، کە پێویستی بە وشە و دەربڕین و شێوازی جیاجیا بێت، واتە کەسەکان بەپێی هەڵوێست و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان وشە و شێوازی جیاواز هەڵدەبژێرن .ئەوەی پێویستی بە بەڵگە نییە ئەوەیە، کە مرۆڤ ئەو زمانەی وەریدەگرێت هەر ئەو زمانەیە، کە لەکۆمەڵگەکەیدا بەکاردێت، بۆیە ئەو زمانەی قسەی پێدەکات سیمای کۆمەڵە دیاردەیەکە (کۆمەڵایەتی، کەلتووری ، دەروونی....هتد). پێویستە بەپێی ئەو ڕێچکەی کۆمەڵگە دایناوە زمانەکەی بەکاربهێنێت .

لێرەدا بیرمان بۆ سیستەم و یاسایانە دەچێت کە زمان ڕێکدەخەن، بەواتای ئەوەی جگە لە یاسای دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی، ئەوە (چەند یاسایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی زمان بەڕێوە دەبەن، کە لەداب و نەریت و کەلتوور وچۆنیەتی بیرکردنەوە سەرچاوە دەگرن، لە ڕەوشت و زمانی قسەکردن ڕەنگ دەداتەوە لەو یاسایانەش:

١- یاسای ڕێزگرتن ، کە لەناو چەندین دیاردەدا خۆی دەنوێنێ، وەك قسە پێنەبڕین، ڕەچاوکردنی پلە وپایە، ڕەفتار لەگەڵ میوان و......هتد)
٢- یاسای ڕەچاوکردنی بیرو باوەڕی ئاینی .
٣- یاسای ڕەچاوکردنی بۆنەی کۆمەڵایەتی .
٤- یاسای ڕەچاوکردنی تەمەن .
٥- یاسای ڕەچاوکردنی ڕەگەز .
٦- یاسای ڕەچاوکردنی توێژی کۆمەڵایەتی .
٧- یاسای ڕەچاوکردنی تابۆکان .
٨- یاسای دەورووبەری قسەکردن و کاتی واتایی .
٩- یاسای ڕەچاوکردنی مەرجی کردە قسەییەکان (بەهار زایر، ٢٠٠٩: ٧٢-٧٥).

دەکرێ بڵێین لەیاسای ژمارە دوو، تاکو ژمارە حەوت دەتواندرێ لەژێر یاسای ڕێزگرتندا پۆلین بکرێن، چونکە ڕەچاوکردنی بیروباوەڕی ئاینی، یاخود گرینگیدان بەشێوازی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا و ڕەچاوکردنی تەمەن و ڕەگەز لەکاتی گفتوگۆدا و هۆشیاربوون لە بەکارنەهێنانی تابۆکان لەزماندا، ئەمانە هەموویان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دیاردەی ڕێزگرتنەوە

هەولنامەی کتێب

هەیە. واتە ئاخێوەر بۆیە ئەم یاسایانە جێبەجێ دەکات و لەبەرچاودەگرێ، تاکو لەچوارچێوەی ڕێزگرتنی زمانی دەرنەچێت و پەیوەندییەکی دروست و دوور لەململانێ و بەدەر لەتێگەیشتنی هەڵە لەناو کۆمەڵگەدا دروست بکات.

کەواتە مرۆڤ چ بەڕێگەی نەستەوە، یان بە ئاگایەکی تەواوەوە بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان ڕەفتار دەکات، بەچەندین شێواز مەبەستەکانی دەخاتەڕوو، کە بەپێی هەل و مەرجی قسەکردن و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت .

## ١-٢- تەوەری دووەم: ڕێزداری پێناسە و ستراتیژ

### ١-٢-١- ڕێزداری:

مرۆڤ بەگشتی لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەوڵدەدات بەشێوازێکی بەڕێز و پڕ لەحورمەت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆی مامەڵە بکات، تاوەکو پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ بەرامبەرەکەی دروست بکات. لەڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕەفتاری بەڕێزانە، زارەکی بێت،یان نازارەکی وێنەیەکی شیاوی خودی خۆی بەکەسانی دیکە نیشانبدات و کەش وهەوایەکی پڕ لەئارامی و نەرم و نیانی بخوڵقێنێ و مەبەست و پەیامی خۆی بگەیێنێت. بۆیە کە باس لەدیاردەی ڕێزداری دەکەین لەزماندا، ئەوە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ ئەو وشە و دەستەواژانە دەچێت ، کە وتە و ڕەفتاری بەڕێز و پەسەند لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنوێنن، هەروەها لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی دروست بۆ بە دەستهێنانی گفتوگۆیەکی لەبار.

(( وشەی ڕێزداری بەرامبەر بە وشەی (Politeness)ی ئینگلیزی دێت ، کە ئەویش لە وشەی (Polire)ی لاتینییەوە وەرگیراوە ، کە لەفەرهەنگی ئیکسفۆردی ئینگلیزیدا بە واتای (بە بریقە دەکات) دێت ، لەبنەڕەتدا بە واتای بە بریقەدارکراو، یان ڕەوشتی ڕێکوپێك هاتووە))( Hurmiz 2002:14).(پیتەر فرانس–Peter France) دەڵێت:" ڕێزداری فێربوونی ڕەفتاری ڕاست و دروستە لەگەڵ بەرامبەر لەگروپێکی کۆمەڵایەتیدا" واتە ڕێزداری پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، هاندەرێکی باشە بۆ زاڵبوون بەسەر گرفت و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، یاخود بارێکە، کە دەبێت لەهەموو گفتوگۆیەکدا چاوەڕێ بکرێت و لە ئارادابێت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بێ گرفت بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت (ئارام عبدالواحد،٢٠١٣ :٣٦ ).

هەروەها دەڵێت:"ڕێزداری بریتییە لە ڕەچاوکردن وگرینگیدان بە بەرامبەر و هەبوونی ئارەزووی ئەوەی کە بەرامبەر دڵخۆش بکات، نەك بە پێچەوانەوە تووشی شۆکی بکات" (Watts, 2003 :33).

واته ڕێزداری جگە لەوەی ڕێگەیەکە بۆ جوان نیشاندانی خود، هەوڵێکیشە بۆ ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر و ئاسودەکردنی .

( لیچ) دەڵێت:" ڕۆڵی ڕێزداری لە هەر کارلێکردن و پەیوەندیکدا بۆ بەردەوامبوونی هاوسەنگی هێزی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی پەیوەندیە هاوڕێیەتییەکانە".(ئیسکاندڵ ڤیدڵ) پێی وایە، ڕێزداری پێویستە بۆ دوورکەوتنەوە لەدەرئەنجامی نەویستراوی بێ ڕێز (Hurmiz, 2009:15). (بە بڕوای (یوڵ) ڕێزداری واتایەکی دیاریکراوی هەیە، مەبەست لێی هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی پڕ لەڕێزە لە چوارچێوەی کەلتوورێکدا. دەشڵێت:"نیشاندانی ڕێز لەپەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا، واتە دەربڕینی میهرەبانی و دڵسۆزیە بۆ کەسی بەرامبەر"( Yule،1996:60 ).

(براون و لیڤنسن) لە کتێبەکەیاندا بەناوی (ڕێزداری: بەجیهانیبوونی لەبەکارهێنانی زمان)دا ویستوویانە هەموو ئەوڕێگەیانە بخەنەڕوو، کە ڕێزداری لەزماندا دەنوێنن، دەڵێن:" ڕێزداری ستراتیژێکی کارا و دروستە، کە لە بارێکی دیاریکراودا بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ و ڕەفتاری ناپەسەند بەکاردێت "( Brown and Levinson, 1987:240 ). واتە ڕێزداری شێوازێکی تایبەتی بەکارهێنانی زمانە، کە تیشك دەخاتە سەر نەرم و نیانی لەپەیوەندیکردندا، هەوڵدانە بۆ پێکانی ئامانجەکان و بەرگریکردن لەخود لەکاتی تێکەڵبوون لە ناو کۆمەڵگەدا، نیشاندانی هەستی دۆستانەیە بە بەرامبەر.

لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان تاکەکاندا هەیە، کار دەکاتە سەر وتەو ڕەفتارەکانیان و سەر ئەو شێوازەی ناو گفتوگۆیەکان، کە لەنێوانیاندا پەیڕەودەکرێ ، بۆیە هەندێك لە پێناسەکان، کە بۆ چەمکی ڕێزداری زمانی کراوە بەرەو ئەوە دەچن، کە ڕێزداری زمانی سوود بە چ مەبەستێك دەگەینێ لە کارلێکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو و زانیارییەکان لەکاتی پەیوەندیکردندا،(بڕوان و لیڤنسن) بەکارهێنانی و دەستنیشانکردنی یەکە زمانییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە و بەڕای ئەوان ڕێزداری زمانی ئاماژە بەو ستراتیژە زمانییانە دەکات، کەئاخێوەر بۆ دەربڕینی مەبەستی گفتوگۆکردنەکە و ڕەچاوکردنی هەست و روخساری گوێگر بەکاریدەهێنێت .

بەهەمان شێوەی (بڕاون و لیڤنسن ) (کاسپر) ڕەچاوی دژایەتی و مەترسی بۆ ماوەیی لە گفتوگۆ و پەیوەندییەکاندا دەکات ، بەجۆرێك باسی ڕێزداری زمانی دەکات، بە کۆمەڵێك ستراتیژی ئارەزوومەندانە دادەنێت ، کە ئاخێوەر بەئاسانی بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسی و شەڕانگێزی بەکاریدێنێت ، بەلایەنی کەم دەبنە هۆکارێك بۆ پارێزگاریکردن لەهاوسەنگی و لەگەڵ یەك گونجان (Lakoff, 1973:34). ڕێزداری بارێکی کۆمەلایەتییە، کە توانا و ژیری لە کۆمەڵەوە دەستەبەر

دەکات، بەمەبەستی گەیشتن بە بارێکی بریقەدار ، کە تیایدا ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی زیاتر پەسەند بێت (Watts, 2003:39).

واتە مەبەست لە ڕێزداری ئەو شێوە ڕێکخراو و سیستماتیکەی هەڵبژاردنی یەکە زمانییەکانە بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشە و ململانێتی نێو گفتوگۆیەکان کە بەکاردێت . هەر لە ڕێگەی ڕێزدارییەوە دەتواندرێت بەشداربووان هۆشیاربکرێنەوە، کە گفتوگۆ و پەیوەندییەکان چۆن ئاڕاستە بکرێن و بەردەوامی پێبدرێت ، لە دیاردەی ڕێزداریدا توانای دانە زمانییەکان ڕووندەبێت لە ڕادەی نزیککردن و دوورخستنی کەسەکان لەیەکتری، بۆیە ڕێزداری ئەو کاتە پەیڕەو دەکرێت، کاتێ ئاخێوەر ڕەچاوی ئەوە بکات، کە تا چ ڕادەیەك وتەکانی لەگەڵ پێشبینیەکانی گوێگر دەگونجێن، واتە بەو شێوەیەی کە پێویست دەکات هەروا ڕێکیان بخات .

بەگشتی ڕێزداری شتێك نییە لەگەڵمان لەدایك بێت، بەڵکو بابەتێکە دەبێت فێری بین و پێی ئاشنابین، خاڵێکی گرینگی پرۆسەی ڕۆشنبیرکردنی خودە، تاوەکو کارامەیی و لێزانینمان لەپەیوەندیکردندا پێببەخشێت. بابەتێکە واتاکەی لە تێگەیشتنی ئاساییمان بۆ بەڕێزبوون زیاترە و چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری لەخۆ دەگرێ، هەر بۆیە هەوڵی شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی بنەما و یاسای لە لێکۆڵینەوە زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و پراگماتیکییەکان بەگشتی دراوە.

## ١-٢-٢- ستراتیژەکانی ڕێزداری:

پەیڕەوکردنی دیاردەیەکی وەك ڕێزداری لەلایەن کەسەکانەوە تەنیا لەچوارچێوەی هەڵبژاردنی چەند وشەیەك، کە ڕامانی ڕێز دەدەن لە قسەکردن و مامەڵەکردندا ناوەستێت، بەڵکو وەك کارێکی وردو ئاڵۆز پێویستە ئاخێوەر نەخشەی بۆ داڕێژێت،بیر لە گرتنەبەری چەند ڕێگەو شێوازێك بکاتەوە، تاوەك بتوانێ ئامانجی خۆی بگەیێنێ ، وەك ئاشکرایە زمان چەند ئەرکێکی جیاواز جێبەجێدەکات. (مەبەست لە ئەرکەکانی زمانیش ئەو کارانەن، کە مرۆڤ بەهۆیەوە لەناو کۆمەڵدا ئەنجامیاندەدات، هەرچەندە ئەم کارانە وردو تێکەڵن و بەئاسانی پۆلین ناکرێن، بەڵام بەگشتی زمانەوانەکان بۆ سەر حەفت ئەرکی سەرەکی دابەشیان کردووە ئەوانیش: (زانیاری و هەواڵگەیاندن، پرسیارکردن، فەرماندان، جێخۆشکردن، ڕاپەراندن، هەست دەربڕین ووروژاندن)(محمدمعروف فتاح،١٩٩٠ :٢٦). بۆ ئەنجامدانی هەر یەك لەم کارانە پێویستە مرۆڤ بەشێوەیەکی ژیرانە ستراتیژی جیاواز بەکاربێنێت، سنورێك بۆ چۆنیەتی دەربڕین و گفتوگۆیەکانی دیاری بکات و هەوڵی ئەوەش بدات سنوری

بەرامبەرەکەی بپارێزێت، تاوەکو جێگای لەناو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا بکاتەوە و ناسنامەیەکی شایستە بۆ خۆی لە قاڵبی ڕێزداریدا دروست بکات.

(هێرشۆفا) باس لە چوار ستراتیژ دەکات لە بابەتی ڕێزداری زمانیدا، کە بریتین لە:

١- پەیامی ڕاستەوخۆ
٢- ڕێزنواندنی ئەرێنی
٣- ڕێزنواندنی نەرێنی
٤- پەیامی ناڕاستەوخۆ

## ١- پەیامی ڕاستەوخۆ:

لەم ستراتیژیەدا ئاماژە بەو وتە و کردارە ڕاستەوخۆیانە دەکرێت، کە تیایدا ئاخێوەر ڕستە و دەستەواژەی درێژ بەکارناهێنێت و زۆر بە سادەیی بیرۆکە و داواکارییەکەی دەخاتەڕوو، کە هەندێ جار لە شێوەی فەرمان دەبێت. بۆیە پێویستە باس لەو حاڵەتانە بکرێت، کە ئەم شێوازە دەربڕینە ئاسایی دەکات. بەگشتی ئەم ستراتیژە بۆ ئەو حاڵەتانە دەگونجێ، کە ئاخێوەر پێگە و بارودۆخی خۆی لای کەسی بەرامبەر دەناسێت و ئەو بوارەی پێدەدات، کە ئەم جۆرە ستراتیژە بەکاربێنێ، یاخود هەلومەرجێکی نائاسایی و بەپەلە بێتە پێشەوە، چونکە دەربڕینی کورت و ڕاستەوخۆ زۆربەی جار لەکاتێکدا بەکاردێن، کە هەلومەرجی بەپەلە و نەخوازراو لەئارادا بێت، کە دەرفەتی بیرکردنەوە لەهەڵبژاردنی وشە و ڕستەی گونجاو لەبەر دەستی ئاخێوەردا نەبێت (Jana, 2008:9).

واتە مەرج نییە دەربڕینی ڕاستەوخۆ و کورت و بەتایبەت ئەوانەی لە شێوەی فەرماندانن، تەنیا لە پەیوەندیەکدا جێگەی ببێتەوە، کە ئاخێوەر لە ئاستێکی بەرزتر بێ چ لەلایەنی کۆمەڵایەتی، یان پیشەیی. یاخود لە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی و ناسیاویدا بێت، کە هەردوو بەشداربوو لە گفتوگۆکاندا نزیك و ئاشنایی یەکتربن و بەم شێوە مۆرکی بێڕێزی بە قسەکانیانەوە نەلکێ، وەك کاتێ هاوڕێیەك، یاخود ئەندامێکی خێزان داوایەك ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر دەکات، یان شتێکی بەبیربهێنێتەوە، وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

- زی بزڤرە.
- خو مژیل نەکە.
- کتێبا من دگەل خو بینە.

بەڵکو هەندێ جار لە بارودۆخێکی پەلەدا ئاخێوەر ناچار دەبێ گوێ بەوە نەدات، ئەو کەسەی قسەی ئاڕاستە دەکات کێیە و بەشێوەی فەرمان قسەکە دەکات، وەك:

- هۆشیاربە، نەکەڤی .
- خو بدە پاش .
- وەنەك .

ئەم جۆرە پەیامە دەکرێ ئاڕاستەی کەسێکی نەناسیاو، یان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لەخۆ بەرزتر بکرێت، کە بۆ بەرژەوەندی کەسەکە و پاراستنی بێت لە ڕووداوی نەخوازراو، هەر بۆیە کەسی بەرامبەر هیچ کات بەم جۆرە دەربڕینە دڵگران نابێت، لەوانەیە سوپاسی ئاخێوەریش بکات . واتە ئەم جۆرە ستراتیژە پێویستە بەپێی سیاقی هاتنی وشە و ڕستەکان لێکبدرێت، تاوەکو گونجاوی و پەسەندی بەکارهێنانی ئاشکرا بێت .

## ٢-ڕێزنواندنی ئەرێنی:

ئەم جۆرە ڕێزدارییە هەمیشە بۆ بەرز نرخاندنی ڕووخسار وهەڵوێستی کەسی بەرامبەر بەکاردێت. ئاماژەیە بۆ هاوڕایی و گونجان لەنێوان کەسی ئاخێوەر و بەرامبەرەکەی. لەزمانی ئاخاوتندا گوێمان لەزۆر وشە و دەستەواژە دەبێت، کە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێن، بۆ فەراهەمکردنی کەش و هەوایەکی ئاسودە . ئەم جۆرە دەربڕینانە زیاتر لە گفتوگۆی نێوان دوو کەسدا بەکاردێن، کە ناسیاوی یەکتری بن. بەڕای (هێرشوفا) سەرەڕای بوونی ناسیاوی لەناو دوو کەسدا، بەڵام هێشتا پەیوەندییەکان سنووردارن و دەبێت بیر لەهەڵبژاردنی وشە و شێوازی گونجاو لەباسکردنی بابەتەکان بکرێتەوە، تاوەکو ببێتە مایەی دروستبوونی کەشێکی ئارام (Jana, 2008:10).

دەکرێت بڵێین: ئەم جۆرە ستراتیژە لەڕەفتارەکانی هەواڵپرسین و دانیشتنی خێزانی و بەسەرککردنەوەلەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاردێت .

## ٣-ڕێزنواندنی نەرێنی:

ئاخێوەر لەکاتی داواکردن و نەبوونی دڵنیایی لەجێبەجێکردنی لەلایەن دوالێکراوەوە پەنا بۆ ئەم ستراتیژە دەبات، واتە بەهۆی بوونی ترسێك لەڕەتکردنەوەی داواکەی هەوڵدەدات توانا زمانییەکانی بەکاربخات بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکەی، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی گریمانە و دەربڕینێکی نەرم و نیان، کە سیمای دوو دڵی بە گفتوگۆیەکەیدا دەردەخات، وەك تێبینی دەکرێ لەم

جۆرە ستراتیژەدا بیرۆکەکان بە چەند دەستەواژەیەك دەخرێتەڕوو، وەك:(ئەگەر زەحمەت نەبێت،ببورە،هەر چەندە دێ تە ئەزیەت دەم، دێ شێم ڤێ پرسیارێ بکەم، داخازا لیبۆرینێ دکەم ....) وچۆنیەتی هەڵبژاردن و ڕێکخستنیان پەیوەندی بە کەلتوورە جیاوازەکانی ناو گۆمەڵگەوە هەیە. (هەمان سەرچاوە:١٢).

ئەوەی وایکردووە ئەم ستراتیژە بە نەرێنی ناوبنرێ ئەوەیە، کە ئاخێوەر داوای جێبەجێکردنی کارێك دەکات لەبەرامبەرەکەی، کە لەوانەیە پەیوەندییەکی نزیکی کۆمەڵایەتی کۆیان نەکاتەوە، یان گوێگر پلەو پایەی لەئاخێوەر بەرزتر بێت، بەڵام بەشێوازێکی وا داواکەی ئاراستە دەکات بۆئەوەی ڕێگە بدات کاردانەوەیەکی نادروست بێتە ئاراوە، لەهەمان کاتیشدا ڕێگە بۆ قبوڵکردنی داواکەی خۆشدەکات. ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەم جۆرە ستراتیژە زیاتر لەپەیوەندییە فەرمییەکاندا بەکاردێت،واتە هێمایە بۆ فەرمی بوونی پەیوەندییەکان و جیاوازی پێگەی کۆمەڵایەتی.

## ٤- پەیامی ناڕاستەوخۆ:

دوایین ستراتیژە کە (هێرشوفا) باسی دەکات، (جیاوازی ئەم ستراتیژە لەوەدایە، کە دەربڕینەکان بەشێوەیەکی ئەنقەست و تەم ومژاوی دەبن. زیاتر لە ڕامانێك هەڵدەگرن و دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی بەرامبەرەکەی، زۆرجار لەشێوەی ڕستەی سەرسوڕمان، یان ڕستەی پرسیاری دەبن وەك:

–وەك هەمی جارا ل دەمێ خو دگەهی!

- تو گەلەك زوو گەهشتی !

ڕوونی پەیامی ئەم جۆرە دەربڕینانە لەسەر جۆر و دووری پەیوەندی نێوان کەسەکان دەوەستێ، لە ڕوانگەی ئاشنابوون، یان بێگانە بوونیان، بەشێوەیەك چەندی پەیوەندییەکان نزیکترو دۆستانەتر بن، ئەوە کەسی بەرامبەر کەمتر تووشی سەرلێشێوان دەبێت و لە پەیامەکە دەگات( Jana, 2008:10). لەوانەیە هەمان پەیام ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربڕێت، ڕەچاونەکردنی هەست و کەسایەتی بەرامبەرەکەی پێوە دیار بێت، بەڵام پەنا بردن بۆ شێوازی ناڕاستەوخۆ ئەوە بوارێك بۆ بیرکردنەوە لە زیاتر لە ڕامانێك دەڕەخسێنێ، تاکو کەسی بەرامبەر ئەو ڕامانە پەسەند بکات، کە دوور بێت لە نواندنی بێڕێزی .

## ١-٣- تەوەری سێیەم: ڕێزداری و ڕێساکانی گفتوگۆ

بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ جگە لەمەرجی هەبوونی تواناکانی ژیری و زمانی، ئەوە بەشداربووان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی گفتوگۆیەکەیان پشت بەکۆمەڵە ڕێسایەك دەبەستن، بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی پەیوەندیکردنو چۆنیەتی ئاراستەکردنی مەبەستەکانیان. گرینگی ئەم ڕێسایانە لەگرینگی یاساکانی دیکەی زمان، وەك: لایەنی ڕێزمانی و واتاسازی کەمتر نییە . لەلێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا پسپۆڕان هەوڵیان داوە لەڕێگەی ئاماژەکردن بەلایەنی پراکتیکی و کۆمەڵایەتی زمان لەپڕۆسەی پەیوەندیکردندا هێڵکاری بۆ بۆچوونەکانیان دەربارەی شیاوترین و سەرکەوتووترین ڕێگەی گفتوگۆ لای کەسەکان بکەن، کە هەندێکیان بەپشت بەستن بەلێکۆڵینەوەکانی پێش خۆیان و فراوانکردنی بیرۆکەکان کاریان کردووە. لەئەنجامدا چەند ڕێسایەکیان لەژێر ناوی جیا و بەپێی حاڵەت و تێڕوانینی جیاواز داناوە.(هەر یەك لەو ڕێسایانە کۆمەڵێك بنەما بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆی نێوان کەسەکان لەخۆدەگرن، ئەو بنەمایانەش بۆ پڕکردنەوەی دوولایەنن: لایەنی گەیاندن، لایەنی جوانکاری کە ڕێزداری یەکێکە لەوانەیە(طه عبدالرحمن ١٩٩٨:٢٤٣).لەو بۆچوونانەی، کە پێویستە لێرەدا باسیان بکەین، ئەمانەن:-

- بۆچوونی گرایس .
- بۆچوونی لاکۆف .
- بۆچوونی لیچ .
- بۆچوونی دیکرو.

هەواڵنامەی کتێب

### ١-٣-١- بۆچوونی گرایس :

فەیلەسوفی ئەمریکی (پۆل گرایس) بۆ گەیشتن بەگفتوگۆیەکی لێهاتوو چوار بنەمای لاوەکی لەژێر یەك ڕێسا کۆدەکاتەوە، ئەویش (ڕێسای هاریکاری- Cooperative principle)یە. کرۆکی ئەم ڕێسایە بریتییە لە:(ئەوەندەی داوا دەکرێت بەشداری لەگفتوگۆیەك بکە، ئەویش لەو قۆناغەی، کە ئاخاوتنەکە ئاڕاستەی ئاڵوگۆڕکردن لە خۆدەگرێ و بەپەسەندی دەزانێت) ، (Grice 1989:26).

واتە ئەم ڕێسایە باس لە تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لەناو بەشداربووان لەگفتوگۆیەکدا دەکاتەوە، بە بۆچوونی ناوبراو لەمیانەی پەیوەندیکردندا پێویستە ئاخێوەر بیرۆکەکان بەڕوونی و بەپێی پێگەی گوێگر بخاتەڕوو، تاوەکو ئاڵۆزی نەکەوێتە ناوتێگەیشتنەکان و پێویست بە ماندووبوونی زۆرنەکات و بەچەند ئەگەرێك کۆتایی نەیێت(طه عبدالرحمن،٢٠٠٠: ١٠٤)، واتە پێویستە ئاخێوەر و گوێگر

کارئاسانی بۆیەکتر بکەن و بزانن چۆن و چەند و کەی بەشداری لە گفتوگۆدا بکەن و هاوکاری یەکتربن، بەپێی ئەم چوار بنەمایانەی خوارەوە:

١- **بنەمای چۆنیەتی** - Quality Maxim: بەواتای

أ-شتێك مەڵێ کە گومانت لێبێت .

ب_ئەو شتە بڵێ کە توانای پشتڕاستکردنەوەیت هەبێت .

پ_ڕاستگۆبە

٢- **بنەمای چەندێتی**- Quanlity Maxim: بەواتای

أ-بەشداریکردنت دەبێ بەپێی زانیاریەکانت بێ.

ب_بەشداریکردنت با زیاد لەپێویست نەبێت.

٣- **بنەمای پەیوەندی**- Relation Maxim: بەواتای

ئەو شتانە باس بکە، کە پەیوەندی بەبابەتی گفتوگۆکەوە هەبێت .

٤- **بنەمای ڕۆنێتی**- Manner Maxim: بەواتای

أ- شتێك مەڵێ، کە زیاتر لەواتایەك بدات .

ب-ڕاستەوخۆبە (Grice, 1989:60).

بە بڕوای (گرایس) بەپەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە بەشداربووان دەتوانن بەبێ شەکەت بوون و بەڕێزگرتنی بەرامبەریان بگەنە ئامانجی گفتوگۆیەکان، چونکە گفتوگۆی زمانی تەنیا لەکۆمەڵە دەربڕینێکی یەك لەدوای یەکی سەربەخۆپێکنایێت، بەڵکو بەپێی بیرۆکەی هاوکاریکردن ئەنجام دەدرێت، کە بریتییە لەنیمچە ڕێکەوتنێك بۆ گەیشتن بەمەبەستی دیاریکراو، کە لەوانەیە پێش دەستکردن بەقسە دەسنیشانکرابێت، یاخود لەکاتی ئاڵوگۆڕکردنی گفتوگۆیەکەدا سەر هەڵدەدەن (هەمان سەرچاوە:٦٢).

لەهەموو پەیوەندییەکاندا هاریکاریکردن لەناو بەشداربووان پێویستیەکی سەرەکییە، کە بەشێوەیەك مامەڵە دەکەن ڕێزگرتنی بەرامبەری تیایدابێت. بەپێی بنەماکانی(گرایس) وا پێویست دەکات ئاخێوەران لەناو خۆیاندا هاریکاربن، ئەمەش بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی بەردەوام و بەڕێزانە لەناویادا گرینگی ئەم بنەمایە لەوەدایە، لەلایەن لێکۆڵەرانی پرۆسەی گفتوگۆ بۆ ئاسانکردنی کردەی گەیاندن نێوان بەشداربووان و ڕوونی لەسروشتی گفتوگۆیەکاندا پشتگیری لێدەکرێت، بەو ڕەفتار و هەڵسوکەوت کردنەی لە پەیوەندییەکاندا جەختی لێدەکات تێڕوانینێکی فراوانتر بۆ مەبەستی

هەولێرنامەی کتێب

ناو پەیوەندییەکان دەخاتەڕوو (ئارام عبدالواحد، ٢٠١٣: ١٨٦). (گرایس) ئەم بنەمایانە بەهۆکاری عەقڵانی بۆ بەڕێوەبردنێکی هاریکارانە بۆ گفتوگۆ دادەنێت، بەپێی تێگەیشتنێکی دروست بۆ چەمکی ئەم بنەمایانە هەندێجار بەپرۆسەی پابەندبوون ناوی دەبات، بەڵام ئەم پابەندبوونەش سادە وساکار نییە، بەڵکو دەچێتە خانەی حاڵەتێکی نموونەیی (سعید حسن، ٢٠١٤: ١٧٥).

لەگفتوگۆکردندا، کەشێوەیەکە لەشێوەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی، پابەندبوون بەچەند بنەمایەك بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی دروست و بەڕێزانە بۆ شێوازی مامەڵەکردن بەخاڵێکی گرینگ هەژماردەکرێت، بەڵام مەرجیش نییە ئەم بنەمایانەی (گرایس) هەر هەمووی وەکو یەك پەیڕەو بکرێن، چونکە هەندێ حاڵەت داخواز دەکات درێژە بە باسەکە بدرێت و چەند زانیاریەکی لاوەکی بخرێنەڕوو بۆ تێگەیشتنی زیاتر، لەوانەیە فەرامۆشکردنی ڕوونکردنەوە ببێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن و جۆرێك لە گوێنەدان و بێڕێزی بە بەرامبەر.

چۆنیەتی داڕشتن و ڕێکخستنی پێکهاتەکانی زمان بەپێی مەبەست دەگۆڕێت. هاتنی هەر دانەیەکی زمان دەبێ خزمەت بەواتایەکی دیاریکراوبکات . دەربڕینەکان بەپێی میکانیزمی جیاواز و تایبەت دادەڕێژرێن ، کە لەڕوانگەی پراگتیکەوە دەتوانرێ لێکدانەوەی دروستی بۆ بکرێت .

### ١-٣-٢- بۆچوونی لاکۆف:

(ڕۆبن لاکۆف) لەلێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (لۆژیکی ڕێزداری) هەوڵیداوە، وەکو پێکهاتەیەکی پراگتیکی چەند بنەمایەك بۆ گفتوگۆ دیاربکات. دەڵێت:"دانانی چەند ڕێسایەکی پراگتیکی گرینگە بۆ ئەوەی بتوانین لەڕێگەی ئەوانەوە بڕیار بدەین، کە ئەو وتانەی دەریاندەبڕین دروست هەڵبژێراون یان نا، ئەگەر بەشێوەیەکی پراگتیکی هەڵنەبژێردراون ناپراگتیکیەکەی،تا چ ڕادەیەکە؟".(لاکۆف) بەپشت بەستن بە (ڕێسای هاریکاری) گرایس دوو ڕێسا دەستیشان دەکات، ئەوانیش:

١- **ڕوون و ڕەوان بە:**(نەگۆڕاوێکی بنچینەییە لەبنەماکانی گرایس)

٢- **ڕێزدار بە:**(چەند بنەمایەك لەخۆ دەگرێ )(Lakoff, 1973 :296).

بەبڕوای (لاکۆف)ڕێسایدووەم ( ڕێزدار بە) هۆیەکە بۆ دوورکەوتنەوە لەململانێی لەگفتوگۆدا، بەڵام لەزۆربەی کاتیشدا پەیڕەوکردنی ڕێزداریلەپێناو دوورکەوتنەوە لەڕەنجاندن و هەست بریندارکردن، دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ڕێسای یەکەم، کە ڕوونیەتییە بۆیە دەگوترێت: ئەم دوو ڕێسایە هەندێکجار دژ بەیەك دەوەستن و هەندێکجار یەکتری بەهێز دەکەن( Hurmiz, 2009:18).

( ڕێزداربە ) لەسێ بنەما پێكدێت ئەوانیش :-

١-(**سە پێنەر مەبە**): واتە هیچ كات هەوڵی ئەوە نەدەیت ڕا و داوەكاریەكانت بەسەر گوێكر بسەپێنی. ئەم بنەمایە زیاتر لەوەكاتە بەكاردێت، كە ڕێزداری لەگفتوگۆی فەرمی و بابەتییانە وناكەسێتی پێویست بێت .(طه عبدالرحمن) لەشیكردنەوەی بۆ بنەماكانی ڕێزداری لای (لاكۆف) نموونە بۆ ئەو دەربڕینانە دێنێتەوە، كە شیاوترن لە بەكارهێنان :

- **دێ شیێ( ڤی كاری )بكەی.** شیاوترە لە– ( ڤی كاری ) بكە.
- **باشتر ئەوە ( ڤی كاری )نەكەی.** شیاوترە لە –( ڤی كاری ) نەكە.

٢-**بواری خەملاندن بدە**: كاتێك زانیاری، یان ڕا و بۆچوونەكانت دەردەبڕی بەشێوەیەكی ڕەها و كۆتایی دەریاننەبڕیت،واتە بواری خەملاندن بەگوێگر بدە. زیاتر لەو پەیوەندیكردنە نافەرمییانە بەكاردێت، كە ڕێزداریلەناوبەشداربووانی هاوئاست پێویست بێت.لەم بنەمایەداباشتر وایە قسەكان بەم دەربڕینانە بخرێنەڕوو، وەك:(بەلكی، ئەزبێژم، ئەز وەسا دبینم ...).

٣-**هەستی خۆشی بەگوێگر ببەخشە**: واتە كاتێك قسە ئاڕاستەی گوێگر دەكەی ناوی بهێنە و ئەو ناسناوانە بەكاربهێنە، كە ڕامانی نزیكی و گیان بەگیانی دەدەن، زیاتر لەو كاتانە بەكاردێت، كە ڕێزداری لەپەیوەندیەكی پتەو و بەهێز لەناو بەشداربووان پێویست بێت.(طه عبدالرحمن،١٩٩٨: ٢٤٠).

ئەم سێ بنەمایە بە هەماهەنگی لەگەڵ بارودۆخ و هەل ومەرجەكانی گفتوگۆدا كاریان پێدەكرێت، كەواتە ڕێزداری لێرەدا ئامرازێكە بەمەبەستی كەمكردنەوەی كارلێكردنی كەسی بەكاردێت ( Frasser, 1990: 224).

### ١-٣-٣- بۆچوونی لیچ:

(گیڤری لیچ) باس لەچەند ڕێسایەك دەكات، كە سنوور بۆ چۆنیەتی پەیوەندیكردن لەناو كەسە هۆشیارەكان دادەنێت، ئەوانیش:

١- ڕێسای گفتوگۆ(CP).
٢- ڕێسای ڕێزداری(PP).
٣- ڕێسای ئایرەنی(IP).

بەبڕوای (لیچ) هەر دوو ڕێسای گفتوگۆ و ڕێزداری هەمان باریان هەیە، لەڕێسای گفتوگۆدا باسی ئەوە دەکات، کەچۆن لەوانەیە وتەیەك لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چۆن پەیامێك بە نادروستی دەگەیێنرێتە گوێگر. لەڕێسای ڕێزداریدا هۆیەکانی نادروستبوونی پەیامەکە ڕووندەکرێتەوە، کە بۆچی هەندێك فۆرم لە هەندێکی دیکە بەباشتر دادەنرێن، کەواتە ڕێسای ڕێزداری یارمەتی تێگەیشتنی ئەو هۆکارانە دەدات، کەپاڵ بە ئاخێوەر دەدات بۆ هەڵبژاردنی فۆرمێکی دیاریکراو بۆ ئەو ناوەرۆکەی، کە مەبەستێتی.

هەرچی ڕێسای ئایرەنییە بە ڕێسایەکی لاوەکی دادەنرێت. لەم ڕێسایەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن لەوانەیە قسەیەك بخرێتە چوارچێوەی گاڵتە بۆ شاردنەوەی مەبەستەکەی، کە (بێڕێزی)یە، یاخود چۆن هەندێکجار گاڵتە لەسنووری خۆی، کە دەردەچێت ڕامانی بێڕیزی دەدات .(Leech, 1983: 38)

(لیچ)یش، هەر وەك (لاکۆف) بۆچوونەکەی خۆی سەبارەت بەرێزداری لەڕێگەی ئاماژەدان بە (ڕێسای هاریکاری) (گرایس)دەخاتەڕوو. بڕوای وایە، کە ڕێسای ڕێزداری نەك هەر تەنیا وەك ڕێسایەکی لاوەکی بۆ(ڕێسای هاریکاری) زیادبکرێت، بەڵکو دەبێت ڕێزداری بە تەواوکەرێکی پێویستی ڕێسای هاریکاری دابنرێت، چونکە ڕێسای هاریکاری زۆرجار لەڕێگەی ڕێزدارییەوە لەکێشەکان ڕزگاری دەبێت. (لیچ) دەڵێت:" لەبنەمای هاریکاریدا هەندێك دەرهاوێشتەی لێکنەدراو هەیە، کە دەتوانرێ لەسەر بناغەی ڕێسای ڕێزدارییەوە(pp) ڕونبکرێتەوە. لەنموونەیەکی وەهادا:

ئاخێوەر: —ئەم هەمی بیرا رۆنی و ئارمانی دکەین .

گوێگر: —بەلێ ئەم هەمی بیرا رونی دکەین .

لەم گفتوگۆیەدا گوێگر سەرپێچی بنەمای چەندێتی دەکات، چونکە زانیاری کەمتر دەدات لەوەی کە پێویستە،ئاخێوەر پرسیار دەربارەی دوو کەس دەکات، بەڵام گوێگر تەنیا باسی یەکێکیان دەکات. لەباس نەکردنی (ئارمان) ئەوە دەردەکەوێت، کە کەسی گوێگر بڕوای بەوە نییە، کە هەموویان بیری(ئارمان) بکەن.(لیچ) وای بۆ دەچێت، کە ئەم بۆ دەرکەوتنە(ئەنجام)ە، تەنیا لەسەر شیکردنەوەی ڕێسای هاریکارییەوە وەرنەگیراوە، واتە گوێگر دەیتوانی بەمەبەستی سەرپێچی نەکردنی ڕێساکانی گفتوگۆ بەم شێوەیە وەڵام بداتەوە و بڵێت: (ئەم هەمی بیرا رۆنی دکەین، نەك ئارمانی)، بەڵام ئەمە بێ ڕێزی دەبوو. کەسی گوێگر زانیاریە ویستراوەکە کیدەکات بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ڕێزداری لە وتەکانیدا(Hurmiz, 2009:19).

بەگوێرەی بۆچوونەکانی( لیچ ) ئەو بنەمایانەی، کە ڕێزداری لەسەری بنیاتدەندرێت بریتین لە:-

١-**بنەمای قسە ڕەوانی**: زیانی کەسانی دیکە کەمبکەوە، سوودەکانیان زیاتر بکە، بۆ نموونە:

**-دێ شێم بۆ دەمەکێ کورت وەختی تە بگرم، من دڤیا خالەکی بۆ تە روهنکەم .**

٢-**بنەمای بەخشندەیی**: سودو قازانجی خود کەمبکەوە، بۆنموونە:

**-تۆ بهنا خۆ ڤەدە، ئەز دێ شیناتە تەمامکەم .**

٣- **بنەمای ستایشکردن**: داشۆرینی کەسەکان کەمبکەوە، ستایشکردنیان زیاد بکە ، بۆ نموونە:

**-ئەز دزانم تو خودان شیانی، دێ شیێ بۆمن ڤی ئاریشێ چارەکەی.**

٤- **بنەمای بێفیزی**: پیاهەڵدان و ستایشکردنی خود کەمبکەوە، بۆ نموونە:

**-ئاخ چەندبێ هش و بیرم من تێبینێت کۆمبونێ ووناکرن، ل نك تە هەیە بدەیە من ؟**

٥- **بنەمای ڕازیبوون**: دژایەتی بیروڕا لەنێوان خۆت و کەسانی دیکە کەمبکەوە، هاوڕابوون لەنێوانتان زیاتربکە، بۆ نموونە :

**-ڕاستە، ئەڤ ڕێکە خوشترە، بەلێ ب چەند دەمژمێرێت دیش ئەم ناگەهن .**

٦-**بنەمای هاوسۆزی**: ساردوسڕی لەهەست لەنێوان خۆت و ئەوانی دیکە کەمبکەوە، هاوسۆزبوون لەنێوانتان زیادبکە، بۆ نموونە:

**-ئەز ژبەر نەساخییادەیکاتە گەلەك دلگران بووم .**

٧- **بنەمای هێنانە قسە**: خۆت لە بێدەنگی دووربخەوە، بەردەوامی بە گفتوگۆ بدە ( Louni smaha, 2014: 57).

بۆ نموونە: پاش سلاوکردن دەکرێ ئەم پرسیارانە بکەی.

**-دگەل کارێ خۆ یێ نو چەوانی ؟**

هەرچەندە (لیچ) بەشێوەیەکی ئاشکرا هیچ پێناسەیەك بۆ چەمکی ڕێزداری دەستنیشان ناکات، بەڵام ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەتوانرێت ڕێزداری بەپێی بنەمایەکانی ڕوونبکرێتەوە و چوارچێوەی بۆ دابنرێت . ئەم کارەی (لیچ) لەلایەن چەندین لێکۆڵەرێك، وەکو سەرچاوەیەکی شیکاری بۆ دیاردەکانی

ڕێزداری زمانی، جا چ لەناو دوو کەلتوور لە زمانێکدا، یان لەسەرتاسەری کەلتوور و زمانە جیاوازەکاندا بەکارهێندراوە) .

### ١-٣-٤- بۆچوونی دیکرۆ:

(دیکرۆ) چەند ڕێسایەك بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی گفتوگۆ دەستنیشان دەکات، کە بریتیین لە:

١- **ڕێسای سوودمەندی:** بەپێی ئەم بنەمایە بەشداربووانی گفتوگۆ بەشێوەیەکی گشتی بۆ مەبەستی یاری وکات بەسەربردن قسەئاڵوگۆڕ ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت سوودێك لە گفتوگۆیەکان وەربگرن، کەواتە لای (دیکرۆ) پێویستە قسەکان گرینگیان هەبێت، تا ببێتە پاڵنەرێك بۆ بەردەوامبوون لە گفتوگۆکردندا .

٢- **ڕێسای هەواڵگەیاندن:** لێرەدا ئاخێوەر وەك سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری دادەنرێ لەبابەتێکی دیاریکراودا. ئاخێوەر ڕوو لە گوێگر دەکات بۆ پێشکەشکردنی چەند زانیاری تازە، تا بۆشایەکان لای گوێگر پڕبکاتەوە، یان بۆ ئەوەی زانیاری نوێ بخاتە سەر زانیارییە کۆنەکانی. بەپێی ئەم ڕێسایە نابێت قسەکان لەڕووی زانیارییەوە بەتاڵ بن، بەڵکو دەبێ ئەو زانیاریانە لێبکات بیر لە بابەتەکە بکاتەوە و شیکردنەوە بۆ ڕامانە شاراوەکان بکات کە نەخراونەتەڕوو. واتە دەبێ زانیارییەکان بەپێی کەمی و پێویستی گوێگر لەو بابەتە پێشکەش بکرێن .

٣- **ڕێسای پەیوەنداریێتی:** پێویستە لەکاتی گفتوگۆدا ئاخێوەر بەهێزترین زانیاری، کەپەیوەندی بەبابەتەکەوە هەبێت بخاتە بەردەستی گوێگر.

٤- **ڕێسای ڕاستی:** پێویستە تەنیا ئەو قسانە بدرکێنن، کە دروست بن و لەو قسانە کە گومانی تیایدابێت دووربکەونەوە .

٥- **ڕێسای ڕێزداری:** بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو وتانەی، کە بۆ گوزارشتکردنی ناوەرۆکێکی توند و ئازاربەخش، پێویستە ئاخێوەر پەنا بباتە بەر شێوازێکی نەرم وجوان و بەهەستیارییەکی زۆرەوە وشە و دەربڕینەکانی هەڵبژێرێت، واتە دەبێ پشت بەستراتیژیەك بۆ کەمکردنی هێزی واتای وتەکان ببەستێ بۆ ئەوەی گوێگر بەشێوەیەکی ئارام قبولیبکات ، ئەو ستراتیژەش ڕێزداری دەربڕینە، بۆیە ئەم ڕێسایە زۆرجار لە گەڵ ڕەوانبێژی بەرامبەر دەکرێت، کەچۆن واتای ئەرێنی وتەکان گەورە دەکرێ، واتای نەرێنیشیان بچووك دەکرێتەوە(عبدالعزیز بنعیش، ٢٠٠٥: ١٣).

## ١-٤- تەوەری چوارەم: ڕێزداری نازارەکی

لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا سەرنەکەوتنی پڕۆسەکە بەواتای ڕوودانی هەڵەیەکە لەیەکێ لەم لایەنانەی خوارەوە:

١-لایەنی زارەکی:بەکارهێنانی وشەیەکی نالەبار، یان بەکارهێنانی شێوازێکی ناپەسەند لەدەربڕین .

٢-لایەنی نازارەکی:جولەیەکی ناشیاو، یاخود هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی ناپەسەند .

٣-لایەنی ڕێزمانی:هەڵەکردن و ناشارەزایی لەئاستەکانی وشەسازی و رستەسازی زمانەکە. (سعید حسن،٢٠١٤: ٢٠٠٣)

کەواتە لایەنی زارەکی ونازارەکی تاڕادەیەکی زۆر هەمان کاریگەریان هەیە لەسەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پەیوەندیکردن و ڕادەیی گەیاندنی پەیام بەدروستی، بۆیە لەباسکردنی ڕێزداریدا پێویستە باس لەو لایەنە ناگوتەییانە بکرێت، کە ڕۆڵیان لەنواندنی ڕێزداری لەپڕۆسەی پەیوەندیکردنداهەیە، چونکە (هەردوو شێوەکەی زارەکی ونازارەکی بەهۆی هێماو ئاماژەی دیاریکراو جێبەجێدەکرێت، هەرهەموویان هەڵگری واتان)(احمدالعیدوالاخرون،٢٠١٤: ٣٢). گواستنەوەی زانیاری و گۆرینەوەی بیرۆکە و گەیاندنی هەواڵ و ئاڕاستەکان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یاخود لەکۆمەڵەیەك بۆ کۆمەڵەیەکی تر، لەڕێگەی هێماکانەوە کرۆکی پرۆسەی پەیوەندیکردنە لەڕووی زانستییەوە .ئەم پرۆسەیە سادە نییە و زیاتر لەفاکتەرێك کاری لێدەکات، کە گرینگترینیان هەڵبژاردنی هێما و ڕەفتاری گونجاو ، زانینی ڕامانی ئەو هێمایانەیە بەپێی هاتنیان لەسیاقی جیاواز لای دەوروبەر و ڕەچاوکردنی کاردانەوە و لێکدانەوەکانی بەرامبەر (فاروق خالد،٢٠١١ : ٣٢ -٣٥).

لەپەیوەندیکردنی ناگوتەییدا هەردوو زمانی جەستە و ئاماژە ڕۆڵی سەرەکیان دەبێت، وەك گوزارشتەکانی روخسار و جولەی ئەندامانی جەستە و هێما دەستکردەکان، واتە هەموو ئامرازەکانی تری پەیوەندیکردن دەگرێتەوە، جگە لەوشەکان (چ بەقسە ،یان بەنووسین)، کە توانای گەیاندنی پەیامیان هەبێت (محمد اسماعیلی، ٢٠١٣ :٣٥). پەنابردن بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە هەندێجار بەئاگاوە دەبێت، هەندێ جاریش لەخۆوە. هەندێ لەلێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە پەیوەندییە نافەرمییەکان بەکارهێنانی هێما و ئاماژە واتاهەڵگرەکان لەهەندێ حاڵەتی دیاریکراودا بەڕێژەی٩٩٪ دەبێت، واتە پەیامەکان زیاتر لەگوزارشتەکانی روخسار و چۆنیەتی وەستان و دانیشتن و تۆنی دەنگ و جولەی ئەندامانی جەستەدا دەردەکەوێ(حمید الطائی والاخرون، ٢٠١٣: ٤٤).

ئەوەی لەبابەتی ڕێزداری بەشێوەی ناگوتەیی گرینگە ئەوەیە، کە(گوێگر، یاخود کەسی بەرامبەر لەپەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆدا بەزۆری پشت بەهەستی بینین دەبەستێ و بۆشیکردنەوەی واتاکانی پەنادەباتە بەر یاساکۆمەڵایەتی و دەرونییەکان، واتە سەرنجی هەموو ئەو ئادگار و ڕەفتارانە (لە گەڵ قسەکان) دەدات، کە لەناو کۆمەڵگەدا واتای جیاوازیان هەیە (شیلان عوسمان، ٢٠٠٨: ١١). جوڵەی هەر ئەندامێك لەجەستە بەشێکە لەپێکهاتی قسەکردن و هیچ کەسێك دەستبەرداری نابێت .

هەندێجار بزاوتن، یان جوله بەتەنیا جێگەی زمان دەگرێتەوە،بەواتای ئەوەی بۆ پەیوەندیکردن دەستدەدات (محمد معروف فتاح، ١٩٩٠: ٢١).لەو جولانەی کە تاڕادەیەك گشتین و ڕێزداری دەنوێنن، وەك سەیرکردنی گوێگر بۆئاخێوەر لەکاتی گفتوگۆدا، چونکە هەرکات گوێگر ڕووی لابدات و سەیری ئاخێوەر نەکات ئەوە ڕامانی بێڕێزی دەدات ، یاخود سەیرکردنی کاتژمێر لەکاتی دانیشتنی مێوان، یان خۆ خەریککردن بەشتێك کە لەناودەست دابێت، وەك گەمەکردن بەپێنووس، یان مۆبایل و دەست دانان لەسەر قورگ واتای ئەوە دەبەخشێت، کە گوێگر تاقەتی قسەکردنی نییە (احمد ابراهیم، ٢٠١٣: ٣١). ئەمە و چەندین جولەی دیکە، کە بەڕاشکاوی ڕێز دەشکێنن، وەك ڕاوەشاندنی پەنجە، یان زمان دەرهێنان و چاوتروکاندن و زەردەخەنەی گاڵتەئامێز بۆ ئەوەی‌ئاخێوەر گوتن و ڕەفتارەکانی تەواوکەری یەکتر بن لەکاتی گفتوگۆ و پەیوەندیکردندا وڕێزداری پیشانبدەن، پێویستە لەم جۆرە جولانە دووربکەوێتەوە.( لەدیاردەی ڕێزداریدا دەکرێت چەندین شێوە گرینگی پێ بدرێت، وەك شێوەی دانیشتن، کەکار دەکاتە سەرئاخێوەر و هەستی بەرامبەر، بۆیە دەبینین لەدانیشتنە ڕامیاریەکاندا لایەنی ناکۆك لەسەر مێزی بازنەی دادەنیشن، واتە کەسیان لەوەی دیکە بەدەستەڵاتتر نییە) (عبدالواحد مشیر، ٢٠١١: ٣٠).

هەر لەشێوەی دانیشتن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەئامادەبوونی کەسێکی لەخۆت بە تەمەنتر، ئەگەر قاچێك لەسەر قاچێکی دیکە دابنێیت، ئەوە لێکدانەوەیەکی ناپەسەند لای بەرامبەر دروست دەکەی، یاخود زۆرجار بۆ ڕێزگرتن کاتێك کەسێکی ناسیاو لەشوێنی کارکردندا سەردانت دەکات ، ئەوە لە کورسی پشت مێزکەت دانانیشی و لەشوێنێك لەنزیك ئەو دادەنیشی. تەنانەت ئەگەر بۆکارێکیش هاتبێتە لات، بەڵام ئەگەر نەناسیاو بێت زۆرجار بەخێرهاتنیش ناکرێت، کەچی لەکۆمەڵگەیەکی دیکەی، وەك ئەڵمانیا کاتی کەسێك سەردانی فەرمانگەیەکی حکومی دەکات فەرمانبەرەکە لەپێشی هەڵدەستێت و تەوقەی لەگەڵ دەکات . پاشان داوای لێ دەکات لە شوێنێك دابنیشێ، ئەم دیمەنە نەك تەنیا لەفەرمانگەکاندا، بەڵکو لە نۆرینگەی پزیشکەکانیشدا دەبینرێ. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەشوێنە تایبەتیەکان و بۆنە دیاریکراوەکاندا بەشێکن لە ڕێزداری نازارەکی، کە دەچێتە خانەی ئیتیکێتەوە .

ئیتیکێت بەواتای (هەڵسوکەوتی نموونەیی لە مامەڵەکردندا بۆ دروستبوونی کاردانەوەی ئەرێنی لەلایەنی بەرامبەر، کە هونەرێکی بەرزی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتییە و ڕادەی پەیڕەوکردنی بۆچۆنیەتی پەروەردەکردن و ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزایی کەسەکان دەگەڕێتەوە )(صباح بۆیا، ٢٠١٣: ٩) .

هەرچەندە ئیتیکێت تەنیا لایەنی نازارەکی ناگرێتەوە ، بەڵکو لایەنی زارەکی زمانیش دەگرێتەوە، وەك هەڵبژاردنی ئەو وشە و دەستەواژانەی ، کە بۆ دەستپێکی قسەکردن و کۆتایی هێنان بە گفتوگۆ بەکاردێت . هەروەها هەندێ جۆری تری قسەکردن هەن ، وەك بەچرپە لەبن گوێچکی یەکتر لەدانیشتنێکی گشتیدا ، یان دەنگ بەرزکردن لەکاتی گفتوگۆیەکی ئاساییدا، ئەمانە بەلادان لە ئیتیکێتی قسەکردن دادەنرێت ، بەڵام ئەوەی لێرەدا باسی بکەین ئیتیکێتی ناگوتەییە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، کە لەشێوەی جیاجیا دەردەکەوێ وەك چوون هەتا بەر دەرگای دەرەوە لەکاتی بەڕێکردنی مێوان و لەهەندێ شوێن پێڵاوی میوانەکانیش لەپێشیان ڕیز دەکرێن لەچوونەوەیان ، یان مەڕ سەربڕین لەپێش مێوان وەك ڕێزگرتن، جگە لەمێوانداری لەکاتی خواردن، تا باوك یان گەورەیی ماڵ دانەنیشێ و دەست بەخواردن نەکات ئەندامانی تری خێزان دەستپێناکەن .

ئەم جۆرە ڕەفتارانە بەپێی داب و نەریت و کات دەگۆڕێن، کە هەندێکیان گشتین و هەندێکی دیکە تایبەتین، کە تەنیا لەکەلتوورێك بەدیدەکرێت. بۆنموونە سڵاوکردن، کە دەستپێکی هەر بەیەکگەیشتنێکە، بەڵام جۆری سڵاوکردن لەهەندێ کۆمەڵگەدا لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە . لەکۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاوایی کاتێ ژن و پیاوێك ناسیاوی یەکتربن، ئەوە زۆر ئاساییە ڕوومەتی یەکتر ماچ بکەن، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی وەك کۆمەڵگەی ئێمە ئەم جۆرە سڵاوکردنە تائێستا بەدیناکرێت .

ڕەفتاری بەڕێزانە لەچوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی پێشووەچوونی هزری هەر کۆمەڵگەیەکە ، تاڕادەیەکی زۆریش تایبەتین. واتە (ڕەفتارە نازارەکییەکان کاتێ ڕێزداری دەنوێنن بەهەڵوێستێکی مرۆیی دادەنرێن، کە توانایی نیشاندانی وێنەی خودی کەسەکانی هەیە. هەریەك لە ئێمە لەشوێنێکی گشتیدا ئەگەر کەسێك ببینێ هەڵسوکەوتێکی ناشیاو دەکات، لەلێخورینی ئۆتومبیل، یان لەکاتی چوونە ژوورەوە بۆ شوێنێکی گشتی پێش خەڵك بکەوێت، ناڕەحەتی دروست دەکات و بەکەسێکی نامۆ خۆی پیشاندەدات، واتە مرۆڤ لەهەر شوێن و کاتێك بەپێ گەشەی کۆمەڵایەتی لەهەموو قۆناغەکانی تەمەنیدا دەبیت ئاگاداری خۆ گونجاندن بیت، لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کەتیایدا دەژیت) (ناصر الحجيلان، ٢٠١٢: ١٦٢١٥) .

بەگشتی دەتوانین ئەوە بڵێین: کە ڕێزداری دەکرێ بەکەناڵە نازارەکییەکانی پەیوەندیکردن فراوان بکرێت، چونکە ڕەفتارە ناگوتەییەکان شتێکی سەرنج ڕاکێشن. لە زۆربەی پەیوەندییەکانی ڕۆژانەمان شێوەی گوتەیی و ناگوتەیی ڕۆڵدەبینن، بۆیە لەمۆدێلی ڕێزداری (براون و لیڤسن)، کە لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی دەکەین پشتی بەبیرۆکەی روخساری (گۆفمان) بەستووە، کە بەڕای ئەو بڕێکی زۆر لە واتا نەگوتراوەکان لەروخساردا بەدیدەکرێن .

لەپەیوەندییە ڕووبەڕووەکاندا مەرج نییە وتەکان لەگەڵ هەڵسوکەوت و جوولە یەکبگرنەوە. لەوانەیە کەسێك لەدەربڕینی گوتەیەکدا ڕێزداری بنوێنێ، بەڵام لەرێگەی ئەنجامدانی جوولەیەکی تایبەت بێرێزی نیشانبدات، وەك زەردەخەنەی گاڵتەئامێز، یان چاوتروکاندن بەواتای نادروستی قسەکانی بەرامبەر دێت، بۆیە دەبینین کە ڕێزداری زارەکی ونازارەکی هەندێجار هاوشانن و هەندێجاری دیکەش دژ بەیەکن. واتە لێکدانەوەی ڕێزداری تەنیا ناوەستێتە سەر ناوەرۆکە سیمانتیکی وتەکان، بەڵکو بەشێکی زۆری لەمیانەی ئەو ئاماژە نازارەکیانەی، کە یاوەری وتەکانن دەردەکەون .

# بەشی دووەم

# بەشی دووەم

## ٢-١-١- مۆدێلی ڕێزداری بڕاون و لیڤینسن

مۆدێلی ڕێزداری (بڕاون ولیڤینسن) یەکێکە لەو مۆدێلانەی، کە نەخشەی بۆ ڕێزداری زمانی کێشاوە، لەساڵی (١٩٧٨) لەلایەن هەر دوو لێکۆڵەر (بڕاون ولیڤینسن)ەوە دانراوە، ئەویش بەمەبەستی شیکردنەوەی چۆنێتی بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی دروست و دوور لە گرژی، هەوڵیان داوە چەندین ڕێگە وشێوازی زمانی بخەنەڕوو بەئامانجی پاراستنی ماف و پێگەی هەر تاکێك لەپەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکاندا .

لەم مۆدێلەدا تێروانینەکانیان لەسەر بیرۆکەی (روخسار)ی (گۆفمان) بنیات ناوە و داکۆکیان لەسەر ئەوە کردووە، کە لەچوارچێوەی ڕێزداریدا پێویستە پێوەری روخسار ڕەچاو بکرێت . کارەکەیان بەگشتی لەسەر دوو چەمکی سەرەکی ئەنجامداوە:-

١- چەمکی روخسار

٢- چەمکی هەڕەشەکردن (طه عبدالرحمن، ١٩٩٨: ٢٤٣).

لای (گۆفمان) روخسار بریتییە لەوێنەی گشتی خودی کەسێك، بەهای ئەرێنی کۆمەلأیەتی هەرتاکێکە، لە میانەی پەیوەندییەکی دیاریکراودا دەبێ ڕەچاو بکرێت . بەشێوەیەکی بنچینەی روخسار بەوێنە، یان ناسنامەی کەسەکە دادەنرێ، بۆیە لەپەیوەندیکردن و گفتوگۆیەکاندا پاراستنی روخسار وکەمکردنەوەی بواری هەڕەشەکردن لەسەر روخساری بەرامبەر، دەبێ ببێتە ئامانجی سەرەکی گفتوگۆی سەرکەوتوو .

روخسارلەلایەن (S)ی ئاخێوەر، وەك ئەنجامدەری گفتوگۆ و(H) ی گوێگر، وەك لێکدەرەوە، بەبەردەوامی ئاراستە دەکرێت و بەگوێرەی بابەتەکان دەستنیشاندەکرێت، بۆیە لەناو گفتوگۆیەکاندا بەجێگیر دانانرێت(Goffman, 1967 :7) .

روخسارلای (گۆفمان) دوو جۆرە:-

١- روخساری ئەرێنی.

٢- روخساری نەرێنی.

لەروخساری ئەرێنیدا بەشداربوو داوادەکات کارەکانی بەجوانی هەڵسانگاندنی بۆ بکرێت، بەواتای کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی و گەیشتن بەخۆشەویستی دەورووبەر، بەلأم

لەروخساری نەرێنیدا بەشداربوو داوادەکات کارەکانی، یان ویستەکانی ڕێگری لێ نەکرێت، دەکرێت بڵێن: هەوڵێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەلاریبوون (طه عبدالرحمن،١٩٩٨: ٢٤٣).

که باس لەروخسار دەکەین، ئەوە ڕەهەندێکی دیکە بۆ بابەتەکە زیاد دەکرێت ، چونکە دەبێ لەڕوانگەی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتییەوە باس بکرێت، وەك چۆن (یوول) (لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هۆشیاری لەبەرامبەر روخساری کەسی بەرامبەر بەبنەمای سەرەکی ڕێزداری دادەنێت)(Yule,1996: 61).

(براون و لیڤینسن) لەبابەتی ڕێزداریدا پەیڕەوی ئەو خاڵانەی (گۆفمان) دەکەنەوە، کە داوای پاراستنی روخساری یەکتری لە بەشداربووانی ناو گفتوگۆیەکاندا دەکات . بەڕای ئەوان پاراستنی روخساری هەریەکێك لەسەر ڕادەی پاراستنی لەلایەن کەسەکەی دیکەوە دەوەستێت. روخسار کە وێنەی خود دەگەیێنێ، ئەوە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەیانەوێت لەناو کۆمەڵگەکەیاندا حورمەتی لێبگیرێت و لەدەستی نەدەن (Brown and Levinson,1987:61). هەموو کەس چۆن بۆخۆی ئارەزووی بایەخ و ڕاگرتنی روخساری دەکات، دەبێ بەهەمان شێوە ئەو ویست و ئارەزووەی لەباری ئاساییدا بۆ بەرامبەرەکەشی هەبێت . کەواتە ڕێزداری وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە دێتە ئاراوە، کە هەریەك لەبەشداربووان لەپەیوەندیکردندا وریا بن و کار بۆ پاراستنی رووەمەندی یەکتر بکەن. لەمۆدێلی ڕێزداری (براون و لیڤینسن)دا باس لە دوو جۆرە کردە کراوە، کە لەوانەیە لەئەنجامی هەر گفتوگۆیەك سەرهەڵبدەن ئەوانیش:-

أ- ئەو کردانەی پارێزەری لەروخسار دەکەن (FSA) .

ب_ ئەو کردانەی هەڕەشە لەروخسار دەکەن (FTA).

(FSA) ئەو دەربڕین و کارانە دەگرێتەوە، کە گرنگی بەهەستی کەسی بەرامبەر دەدەن لە کاتی قسەکردن وپێگەی کەسەکە لەبەر چاو دەگرن.هەماهەنگی هەردوولاتیایدا بە دیدەکرێت، واتە (S) و (H) هاوکاری نیشاندەدەن و یەك ئامانجیان دەبێت. بە گشتی نموونەی ئەم جۆرە کردانە لە قسەکردندا لەشێوەی داوای لێبوردن پێش داواکردن،یان پێش قسەپێبڕین دێت (Yule,1996: 62).

لەم مۆدیلەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو کردانە کراوە، کە هەڕەشەن بۆ سەر روخسار، چونکە کارامەیی بەکارهێنانی زمان لەلایەن کەسەکان لەم حاڵەتەدا دەردەکەوێت، کە پەنادەبەنە بەر شێوازێك بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسی ڕووشکاندن، بەڕای (براون و لیڤینسن) ( هەندێ دەربڕینی زمانی هەن، کە لەمیانەی گفتوگۆیەکدا سەرهەڵدەدەن و دەتوانن ببنە هەڕەشە بۆ سەر روخساری کەسەکەی


بەرامبەر و ئازاری بدەن و لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی یەکنەگرن ودەبنە هۆکار بۆ بەزاندنی سنوورەکان و کەمکردنی ڕێز و حورمەت لەناو بەشداربووواندا (Brownand Levinson,1987:61)

(گۆفمان) دەڵێت: " لەبارودۆخێکی ئەوەهادا دەبێت بە وریایەکی لێڵەوە مامەڵە بکرێت بەشێوەیەك، کە ڕێگەیەك بۆ پاراستنی روخساری کەسەکان بگرنەبەر" (Goffman,1967 :17). (براون ولیڤینسن) ئەم بیرۆکەی (گۆفمان) زیاتر ڕووندەکەنەوە بەوەی، کە وریای لێڵ دەکەنە چەند ستراتیژێك (بۆ ئەوەی قسەکەران بۆ گەیشتن بەهاوسەنگی لەناو بەدەستهێنانی مەبەستی دیاریکراو و دوورکەوتنەوە لەبەزاندنی روخساری بەرامبەر بیگرنە بەر ) ( Brown and ,1987:68 Levinson)

لەبارەی ستراتیژەکانەوە (میڵز) دەڵێت: "ناکرێت تەنیا وەك هەندێك شێوازی دەربڕین، یاخود کۆمەڵێك هەڵبژاردن لە قسە و ئاخاوتنەکاندا کە تاکەکان بۆ خۆیان ئەنجامیاندەدەن لەڕیزگرتن تێبگەن، بەڵکو ڕێزگرتن کۆمەڵێك کار یان ستراتیژە کۆمەڵگە گەشەیان پێدەدات و پشتگیریان لێدەکات و مشتومریان لەسەر دەکات، بۆ ئەوەی تاکەکانیش بگەنە هەڵسەنگاندنێکی تەواوی ڕەفتار و پلەوپایەی خۆیان و کەسانی دیکە لەناو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا"(ئارام عبدالواحد، ٢٠١٣: ١٦٦). بۆیە (براون و لیڤینسن) (ڕێزداری بەلێکدراوی چوارچێوە و سنوری گفتوگۆیەکان دادەنێن) (Brown and Levinson,1987:74).واتە دەوروبەر بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ستراتیژی گونجاو دەدات و بەمەش سێ فاکتەری سەرەکی دەست نیشان دەکات، (بڕوانە لاپەڕە ٣٤ ) .

(براون و لیڤینسن) بۆگەیشتن بەڕێزداری لەدەربڕینەکاندا پێنج ستراتیژدەستنیشاندەکەن، کەبریتین لە:-

١- ڕاستەوخۆ- Direct
٢- ڕێزداری ئەرێنی- Posative Politeness
٣- ڕێزداری نەرێنی- Negativ Politeness
٤- ناڕاستەوخۆ- InDirect
٥- ئەنجامنەدانی ئەو کردانەی هەڕەشە لە روخسار دەکەن( پەیوەندینەکردن ) Don't do the FTA .




شێوەی ژمارە (٢) (Brown and Levison,1987:60)

ئەم ستراتیژانە بەشێوەیەکی تێکەڵ لەنەخشەیەکدا، کە بۆ مەزەندەکردنی ڕادەیی هەڕەشە لەسەر روخسار بەم جۆرە دەخەنەڕوو:-لەپەیوەندیکردندا دوو جۆر کردەوە ئەنجامدەدرێن:

**یەکەمیان:ئەو کردانەی هەڕەشە لەروخساردەکەن** (FTA)

لێرەدا ڕادەیی هەڕەشە لەسەر روخسار زیاتر دەبێت و بۆکەمکردنەوەی دەبێت پەنا بۆ دوو ستراتیژ ببەن:

أ- ڕاستەوخۆ

ب_ناڕاستەوخۆ (ستراتیژی چوارەم)

لەشێوەی ڕاستەوخۆدا بەدوو جۆر دەبێت:

أ- ڕاستەوخۆ بەبێ کردەی بژێردراو (ستراتیژی یەکەم)

ب- ڕاستەوخۆ بەکردەی بژێردراو، کەئەمەشیان دوو جۆری ستراتیژ دەگرێتەخۆ:-

١- ڕێزداری ئەرێنی (ستراتیژی دووەم)
٢- ڕێزداری نەرێنی (ستراتیژی سێیەم)

**دووەمیان:ئەو کردانەی پارێزەری لەروخساردەکەن** (FSA):- بەواتایەکی دیکە (ئەنجامنەدانی FTA)(ستراتیژی پێنجەم) (Brown and Levinson,1987:60) .

**٢-١-١-١- ستراتیژی ڕاستەوخۆ:-** لەم ستراتیژەدا مەبەستەکان بەڕوون و ڕاشکاوی دەخرێنەڕوو، بەکارهێنانی شێوازی داخوازی باشترین نموونەی ئەم ستراتیژەیە (ئارام عبدالواحد،٢٠١٣: ١٦٩)، بۆ نموونە: لەداواکردنێکی وەك **"وێ پەنجەرێ ڤەکە"**. ئەم دەربڕینە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەکردەی نەبژێردراو هاتووە، واتە هیچ پێشەکێك لەسەرەتای داوایەکە زیاد نەکراوە. لەڕووی ڕوونی و کورتیەوە ئەم جۆرە شێوازە بنەمای هاریکاری گرایس قایل دەکات، کە داوای وتەی ڕوون و پەیوەندار و بێ زیادە دەکات ، بەڵام بواری هەڕەشە لەسەر روخساری بەرامبەری هەر ماوە. واتە لەڕوانگەی بۆچوونەکانی براونو لیڤینسن (هەندێ جار ڕێزداری لەگەڵ بنەماکانی هاریکاری تووشی ململانێ دەبێت و دەبێتە هۆیەك بۆ پێشێلکردنی هەندێ لەو بنەمایانە(Brown and Levinson,1987:70).

لە ستراتیژی ڕاستەوخۆدا دەبێ هۆکاری کۆمەڵایەتی ببێتە یارمەتیدەر بۆکەمکردنەوەی هەڕەشە لەسەر و روخساری بەرامبەر، واتە ئەم جۆرە دەربڕینانە لەناو ئەو کەسانەی، کە پەیوەندیەکی

کۆمەڵایەتی نزیك کۆیان دەکاتەوە، وەك ئەندامێتی لەیەك خێزان، یان برادەرایەتی بەرەفتارێکی ئاسایی دادەنرێت و ناپەسەند نابێت، بەڵام بەدەر لەهەبوونی ئەم جۆرە پەیوەندییە، شێوازی ڕاستەوخۆ لەپلە بەندی ستراتیژەکانی ڕێزداری بەدوای ئەوانی دیکەدا دێت .

لەبەر ئەوەی ڕێزداری وەك ڕەفتارێکی زمانی پێویستی بەکاری زۆرترە بۆ ئەوەی هەڕەشە لەسەر روخسار هێوربکاتەوە، بۆیە لەشێوازی ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی کردەوەی بژێردراو بەپێی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان و چۆنیەتی ڕێزکردنیان ڕێزداری دابەشی دوو جۆر دەبێت : ڕێزداری ئەرێنی و ڕێزداری نەرێنی، کە هەریەك لەم ستراتیژانەش چەندین ستراتیژی لاوەکییان لێدەبێتەوە .

## ٢-١-١-٢- ڕێزداری ئەرێنی و ستراتیژە لاوەکییەکانی .

هەڵبژاردنی ستراتیژیەتێك کە دەرفەتێکی رێکوپێك بەرجەستە بکات، بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی ترسی ڕووخسار، بە واتای هەڵبژاردنی ڕێگایەکی زمانی دێت بەشێوەیەکی هۆشمەندانە.

ڕێزداری ئەرێنی ئامانجی دروستبوونی روخسارێکی ئەرێنیە لای گوێگر، کەئاخێوەر وێنەیەکی ئەو روخسارە ئەرێنییەی لە مێشکیدا هەیە، بۆیە دەیەوێت ئەو روخسارە ئەرێنەیەی، کە خۆی لە خەیاڵی دایە وئارەزووی بۆ دەکات لەروخساری گوێگریشدا دەربکەوێت،ئەویش لەڕێگەی بەکار هێنانی یەکێك لە ستراتیژیەتەکانی ڕێزداری.

هەروەکو (بڕوان و لیڤنسن) دەڵێن:"ستراتیژیەتی ئەرێنی وەك ڕاستکردنەوەیەك و ماف بۆ گەڕاندنەوەیەکە بۆ گوێگر و بەمشێوەیەش کەسی گوێگر روخساری ئەرێنی دەبێت". لە باری ویستنی ڕووخساری ئەرێنی بۆ گوێگر، دەبێت ڕەچاوی کردار و ویستەکانی کەسی گوێگر بکەین. بە پێچەوانەی ڕێزداری نەرێنی کە تیایدا ڕاستکردنەوەکە یان ماف بۆ گەڕاندنەوەکە تەنیا سنوور دار کراوە بۆ باری ڕادەی سەپاندن،چونکە ئەگەر ڕادەی سەپاندن زۆربێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی ترس و دەرکەوتنی روخساری نەرێنی لای گوێگر. لەڕێزداری ئەرێنی هەمیشە ڕاستکردنەوە و ماف بۆ گەڕاندنەوەی کەسی گوێگر لەبەر ئەوە نییە،کە گوێگر توشی دڵڕەنجاندن،یان پێشێلکردنی مافێك بووە، بەڵکو دەکرێت ڕاستکردنەوە و ماف بۆ گەڕاندنەوەکە لەڕێزداری ئەرێنیدا بۆ مەبەستی بەرزنرخاندن بێت، یان بۆ دەرخستی لێکچوون و هاوشێوە بوون بێت لەنێوان گوێگر و ئاخێوەردا.

لەچەندین ڕووەوە ڕێزداری ئەرێنی نواندنێکی سادەی هەڵسوکەوتە زمانەوانییە ئاساییەکانی نێوان ئەو کەسانەیە، کە پەیوەندییەکی پتەو وبەهێزیان لەنێواندا هەیە، کە لەنێوانیاندا بەرژەوەندی

هاوبەش هەیە و لە کەسایەتی یەکتری ڕازین، ئەو کەسانە ئەوە نیشاندەدەن، کە تێگەیشتنێکی باشیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

ستراتیژیەتەکانی ڕێزداری ئەرێنی بە سەر سێ دەستە میکانیزمی سەرەکی دابەشدەکرێن، میکانیزمەکان ئەمانەن :-

**یەکەم: دەرخستنی بنەمای هاوبەش .**

**دووەم: گەیاندنی ئەوەی، کەئاخێوەر و گوێگر هاوکار و هەماهەنگی یەکترن.**

**سێیەم: بەدیهێنانی ویستی گوێگر .**

## دەستەی یەکەم: دەرخستنی بنەمای هاوبەش .ستراتیژی (١ تا ٨ ) دەگرێتەوە .

هەشت ستراتیژ لەخۆ دەگرێت هەموویان ئەوە دەردەخەن، کەئاخێوەر و گوێگر ئامانج و بەهای هاوبەشیان لەنێواندا هەیە . سێ ڕێگەش هەن بۆ دروست کردنی ئەو هاوبەشیە:

١-ئاخێوەر بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بەوە بکات، کە خۆی و گوێگر دەکەونە هەمان گروپی کەسیەتییەوە .دەتوانێت هەبوونی تێڕوانینێکی هاوبەش لەنێوان خۆی و گوێگر بخاتەڕوو .

٢-ئاخێوەر جەخت لەسەر ئەندامەیەتی خۆی و گوێگرلە گروپێکی هاوبەش بکاتەوە .

٣-ئاخێوەر ئەوەنیشان بدات، کە هەندێك لە ویستەکانیگوێگر سەرەنج ڕاکێشن وبە جۆرێك لەجۆرەکان ویستی ئەویشن(Brown and Levinson,1987:101-103).

ستراتیژەکان ئەمانەن :-

**ستراتیژیەتی یەکەم: سەرەنجی ( حەز و بەرژەوەندی و پێویستی و ویستەکانی ) گوێگر بدە .**

دەبێت ئاخێوەر سەرەنجی لایەنەکانی بارودۆخی کەسی گوێگر بدات (گۆڕانکاری بەرچاوی، شتە دیارەکانی، یان هەر شتێکی کە گوێگر دەیەوێت ئاخێوەر ڕەزامەندی لەسەر نیشانبدات، یان پەسەندی بکات. بۆ نموونە:

**-پێدچێت تو برسی بی، گەلەك ب سەر دەمێ تێشتێ یابۆری،دا بچین فراڤینەکی بخوین ؟**

**ستراتیژیەتی دووەم: زیادەڕۆی بکە لەگەڵ ( حەز و ویست و سۆزی کەسی گوێگر )**

ئەو ئاوازە دەنگەیە،یان ئەو هێز و جەختکردنەوەیە، کە زیادەڕۆی تیایدا دەکرێت ، بریتین لە سیما دیارەکانی ڕێزداری ئەرێنی، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

-دەستخووش، ئەڤە چ باغێ دلگیرە تە هەیە !

**ستراتیژیەتی سێیەم:خەستکردنەوە و بەتین کردنی حەز لەگەڵ کەسی گوێگر.**

ئاخێوەر دەتوانێت هەندێك لەحەز ویستەکانی خۆی لەگەڵ کەسی گوێگر هاوبەش بکات . لەڕێگەی بە تینکردن و خەستکردنەوەی ویست و حەزەکانی گوێگر لەلایەن قسەکەرەوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوێگر ڕادەکێشێتە ناو گفتوگۆیەکەوە. هەروەك لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

-تە ناهێلم ، هەتا دگەهییە ئارمانجا خو .

ئەو زیادەڕۆییەی، کە لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت لەوانەیە، وەکو ڕاستکردنەوە و ماف بۆ گەڕاندنەوەیەك بێت لەبڕی کردەیەکی کە بۆتە مایەی ترس لەسەر روخساری گوێگر، بەمەش ئاخێوەر جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە دڵسۆزە و نییەتی باشە.

**ستراتیژیەتی چوارەم:نیشانە و ناسنامەی لەیەك گروپبوون.**

لەڕێگەی بەکارهێنانی چەند ڕێگە و شێوازی جیاواز، ئاخێوەر دەتوانێت ئەوە دەربخات، کە دەکەوێتە هەمان گروپی گوێگرەوە، واتا هاوگروپە لەگەڵ گوێگر.بۆنموونە:

-وەرە ڤێرێ هەڤال، من ئەڤ جهە بۆ هەڤالەکێ دی گرتبوو.

**ستراتیژیەتی پێنجەم: گەڕان بەدوای گونجاندن**

ئەم ستراتیژیەتەش لەڕێگەی دووبارەکردنەوە دەردەکەوێت . بۆنموونە:

-لە ڤەگەریانێ تایێ ئۆتۆمبێلا من پەنچەر بوو .

- بڕاست، تایە پەنچەر بوو.

**ستراتیژیەتی شەشەم: دوورکەتنەوە لە نەگونجان/ هاوڕانەبوون (بەشێوەیەکی نائاشکرا ) .**

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- هەوڵبدە زی بزڤڕی .                    - نزانم من هندەك شۆل ێت مای، دێ تەمام کەم پاشی .

–ئەو کراسێ من کڕی یێ چەوابوو ؟ – نەکرێتە، پیرۆزبیت .

**ستراتیژیەتی حەوتەم: بیر لە خالی هاوبەش بکەوە وجەختی لەسەر بکەوە .**

ئەو پەیوەندی و هاوڕێیەتیەی کە لەنێوان ئاخێوەر و گوێگر دەردەکەوێت، وەکو نیشانەیەك بۆ ئەو کاتە بەنرخە دادەنرێت کە هەردوو کەسەکە بەسەریان بردووە، هەروەها وەکو ئاماژەیەکیشە بۆ ئەو توانایەی کە ئاخێوەر وگوێگر لەباسکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشە گشتیەکاندا خەرجییانکردووە، یاخود کاتێك باسی چەند بابەتێکی ناپەیوەست –بەڵام هاوبەش لە نێوانیان– دەکەن، وەکو ڕاستکردنەوە و ماف گەڕاندنەوەیە بۆ یەکتری پێش ئەوەی کردەیەکی هەڕەشەئامێز لەسەر روخسار ڕووبدات. بەم جۆرە ئاخێوەر دەتوانێت حەزی خۆی بەرامبەر گوێگر نیشانبدات، ئەوەش دەربخات هەرتەنیا بۆ ئەوە نەهاتووە، کە کردەی هەرەشەئامێز لە سەر رووخسار ئەنجامبدات. ئەم ستراتیژیەتە بەمەبەستی نەرمکردنەوەی داواکارییەکان بەکاردێت، بۆ نموونە کاتێك کەسێك داوای چاکەیەك لەیەکێك دەکات پێشتر لەڕێگەی گفتوگۆکردن باس لەو بابەتە گشتیانە دەکات، کە وەکو بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا دادەنرێت، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕادەی هەبوونی بنەمای هاوبەش، وەکو خەم و نیگەرانی هاوبەش و دەرخستنی هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە بابەتێك یان ڕووداوێکی تایبەت بە گوێگر، ئەمەش بەچەند ڕێگەیەکەوە دەبێت :

**١- گۆڕینی چەقی کەسی: لەکەسی ئاخێوەرەوە بۆ کەسی گوێگر .**

ئەمەش بەچەندان شێوە ئەنجامدەدرێت، وەکو ئەمانەی خوارەوە:

أ– کاتێك ئاخێوەر بەجۆرێك قسەدەکات، کە وەکو بڵێی کەسی گوێگرە قسەکە دەکات، یان هاوڕایە لەگەڵی. بەم هۆیەش کلکە پرسیار دروست دەبێت، کە ئاوازە دەنگییەکەی بۆ خوارەوە دەبێت، وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا:

- **سوباهی تو ناچییە شەهیانێ، مانە ؟**

ب– کاتێك ئاخێوەر و گوێگر بەباشی یەکتر ناناسن ، یان کەسێك بەشوێن و شارێك ئاشنا نەبێت و ناونیشان بدات .بۆنموونە

**–مەبەستا تە ل دۆماهیکا جادێ، ئەو مالا ل دەستێ چە پێ ؟**

پ– کاتێك ئاخێوەر دەیەوێت هاوسۆزی گوێگر دەربخات، یان تەنیا بیەوێت جەختکردنەوەی گوێگر لەسەر هاوبەشبوون بەدەستبهێنێت، وەك لەم نموونەیە دا:

- دایکێ، ئەڤ برینە گەلەك یا بژانە .                    -بەلێ رحامن ، دزانم یا بژانە .

ت- بە یەکگرتنەوەی کەسەکان، واتە گۆرینەوەی هەردوو جێناوی (من) و (تۆ) بۆ (ئێمە)، ئەگەرچی کە تەنیا ئەوە کەسی ئاخێوەرە بە کارەکە هەڵدەستێت، وەکو لەم نموونەیە دا:

-باشە بلا ل ڤێرێ دۆماهیێ ب ڤی بابەتی بینین و بچینە سەر بابەتەکی دی .

ج- بەکارهێنانی وشەی (دەزانی)لە کۆتایی رستەیەك، کە تیایدا کەسی گوێگر بەباشی شتەکە نازانێت، بەڵام وەکو کلکە پرسیار بابەتەکە دەخاتەڕوو، وەکو لەم نموونەیەدا:

-ئەز گەلەك ب زەحمەت فێری لیخۆرینا ئوتومبیلێ بووم، تو دزانێ ؟

٢- گۆڕینی کات :

بەکارهێنانی کاتی ڕانەبردوو، بەتایبەتی کاتێك شتێك لەکاتی ڕابردوودا ڕوویدابێت و بەکاتی ڕانەبردوو باسی لێوە بکرێت، وەك ئەم نموونەیە :

-ئارمانی گۆت، ئەو گەلەك حەش گولێت باخچەیێ تە دکەت .

ئەم گۆڕینە لە کاتی ڕابردووەوە بۆ ڕانەبردوو بۆ ئەوەیە، کە ڕاستەوخۆیەك و زیندوو بوونێك بە بابەتەکە بدات، هەروەها بۆ ئەوەی کە حەزی کەسەکان لەیەك نزیك بکاتەوە.

٣- گۆڕینی شوێن:

بەکارهێنانی ئەو ئامرازە شوێنیانەی، کە بۆ دەرخستنی شوێنی نزیك بەکاردێن، نەك ئەو ئامرازە شوێنیانەی، کە ئاماژە بە هەبوونی مەودا دەدەن، وەك بەکارهێنانی (ئەڤە ، ڤێرێ) لە جیاتی (ئەڤاهە ، لەوێرێ)، وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- براستی ئەڤ شەهیانە یا خوش بوو .

یاخود کاتێك ئاخێوە دڵنیایە کە گوێگریش زانیارییەکان دەزانێت، بۆ نموونە:

-دوهی بە شەڤ ئەز ل پێش The Voice ڕینشتبووم .

وادادەنرێت کە هەردووکیان (H،S) بنەمای هاوبەشیان هەیە و هەردووکیشیان دەزانن، The Voice پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنییە.

**ستراتیژیەتی هەشتەم: نوکتە**

لەبەرئەوەی  نوکتە شتێکە لەسەر بنەمای پێشینە و زانیاری هاوبەشی نێوان بەشداربووان دەگوترێت، لەوانەیە نوکتە  بۆ ئەوە بەکاربێت، کە جەخت لەسەر ئەو پێشینە هاوبەشە،یان بەها هاوبەشانە بکاتەوە،کە لەنێوان ئاخێوەر و گوێگر هەیە، هەروەها نوکتە وەکو هونەرێکیش بەکاردێت بۆ ئەوەی کە کەسی گوێگر بخاتە پشووەوە(WWW.LC.arizona.edu) .

دەستەی دووەم: گەیاندنی ئەوەی کە ئاخێوەر و گوێگر، هەردووکیان هاوکار و هەماهەنگن.

ستراتیژی ( ٩ تا ١٤ ) دەگرێتەوە.

کە ئەمە دووەم پۆلە لەستراتیژەکانی ڕێزداری ئەرێنی. ئەم دەستەیە بریتیە لەهەبوونی ویستێك بۆ بەشداریکردنی ئاخێوەر و گوێگر لەچالاکییەك بەشێوەی هاوکاریکردن . ئەگەر کەسی ئاخێوەر و کەسی گوێگر هاوکار و هەماهەنگی یەکتری بکەن،ئەمە ئەوە دەگەیێنێ، کە ئامانجی هاوبەشیان لە هەندێك بواردا هەیە، ئەم دەستەیەش لە ڕێگای هەبوونی چەند ستراتیژێکەوە لەناوئاخێوەر و گوێگر جێبەجێدەکرێت:

ا- ئەوەی ئاخێوەر بۆ گوێگری دەوێ، هەر هەمان شتە کە گوێگر بۆ خۆی دەوێت.

ب- لەڕێگەی دیدی هاوبەشەوە، کەسی گوێگر ئەوەی بۆ ئاخێوەر دەوێت، کە ئاخێوەر خۆی بۆ خۆی دەوێت.

پ-لەوانەیە ئاخێوەر ئەوە دەربخات، کە لەگەل گوێگر هاوکارە و باوەڕی بە ئالۆگۆڕکردنی نێوان خۆی و گوێگر هەیە (Brown and Levinson,1987:125) .

ستراتیژیەتی نۆیەم: پێشبینی کردن/جەختکردن و دووپاتکردنەوەی زانیاری لەلایەنئاخێوەر و نیگەرانبوون سەبارەت بە ویستی گوێگر.

لێرەدا پاڵەپەستۆیەك دەکەوێتە سەر ئاخێوەر، تاوەکو لەگەڵ گوێگر هەماهەنگ بێت، وەك ئەم نموونەیە:

-دزانم بۆ دەمژمێر پێنج تە ئوتومبیلا خو دڤێتەڤە، مادەم پێدڤی ناکەت بچمە دەڤەری با ژێری؟

**ستراتیژیەتی دەیەم: پێشکەشکردن و بەڵێن .**

که تیایدا ئاخێوەر نییەتێکی باش نیشاندەدات لە ڕازیکردنی روخسار و ویستەکانی گوێگر لەڕێگەی پێشکەشکردنی شتێك، یان بەڵێن دانێك، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا بەرچاودەکەوێت:

**-حەفتیا بێت دێ دەمەکێ بۆ دیتنا تە رێکخەم .**

**ستراتیژیەتی یانزەم: گەشبین بە**

ئاخێوەر وای بۆ دەچێت، کە گوێگریش هەمان ئەو شتەی دەوێ، کە ئەو بۆی دایناوە و گوێگریش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بە دەستهێنانی، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکی هاوبەش هەردووکیان کۆ دەکاتەوە، وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا:

**-لەزێ نەکە، تە پرچا خو شەنەکریە ! (کاتێك پیاوەکە لەدەرگا دەچێتەوە دەرەوە)**

بەهیوابوون وگەشبینبوون ئامانجی ئەم ستراتیژیەیە، ئەم گەشبینیەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی کردەی ترس لە سەر روخسار ، وەك ئەم نموونەی خوارەوە دا:

**-پەرتوکا تە بلا بۆ حەفتیەکێ ل نك من بیت ؟**

**ستراتیژیەتی دوازدەم: کۆکرنەوەی ئاخێوەر و گوێگر لە چالاکیەکە دا :**

ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ دەبێت (ئەم) کە تیایدا کەسی ئاخێوەر مەبەستی تۆ یان منە ، وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا دیارە:

**-بلا (ئەم ) بچین، ڤراڤینەکێ بەر هەڤکەین .**

**ستراتیژیەتی سێزدەم: هۆکار بدە/داوای هۆیەك بکە**

ئەم ستراتیژەش لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی گوێگر جێبەجێدەکرێ، هۆیەکەی بە شێوەیەکی پراکتیکی دەبێت و وادادەنرێت، کە کارەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر گوێگریش هەیە،وەکو لەم ڕستەیەی خوارەوە:

**-دەرگەهی دێ ڤە پاتکەین، بایەکێ زۆر یێ ل دهێتە ژوور .**

**ستراتیژیەتی چواردەم: وادانان یان جەختکردنەوەی ئاڵوگۆڕی**

لەوانەیە ئاخێوەر و گوێگر یەکتری هانبدەن، یان بانگەشەی ئەوە بکەن،کە هەماهەنگی لە نێوانیان دا هەیە لەڕێگەی ئالۆگۆری ئەرك و ناچارکردن وهەبوونی ماف بەسەریەکتریدا،ئاخێوەر لەوانەیە بڵێت:" چاکەکەی منت لە پێش چاوبێت "، وەیان بە پێچەوانەوە. بۆنموونە

**-حەفتیا بۆری من ل جهێ تە شۆلکر، ڤی حەفتیێ دێ شێی ل جهێ من بی .**

**دەستەی سێیەم: بەدیهێنانی ویستی گوێگر لەبەر هەندێ شت .ستراتیژی ( ١٥ ) دەگرێتەوە.**

ئەمە دواین میکانیزمەی ڕێزداری ئەرێنیە، لەم میکانیزمەدا (بڕوان و لیڤنسن) دەڵێن: "ئاخێوەر بریاری ئەوە دەدات کە ڕاستکردنەوە یان ماف بۆ گوێگر بگەڕێنێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی بە دیهێنان یان جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی هەندێ لە ویستەکانی گوێگر. ئەم میکانیزمەش ئەم ستراتیژیەتیە خوارەوە لەخۆدەگرێت:

**ستراتیژیەتی پانزەم: دیاری بدە بە گوێگر ( شت، هاوسۆزی، تێگەیشتن، هەماهەنگی )**

دیاری پێدان (وەکو ڕێگەیەکی هەستپێکراو)لەناو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا، ئەمەش بەجۆرێکە کە بتەوێت خۆشەویست بیت،گرینگیت پێبدەن، گوێت لێبگرن ، لێت تێبگەن. (ئەمانەش هەموویان ئەوە دەردەخەن، کە ئاخێوەر هەندێك لەویستەکانی گوێگر دەزانێت و دەیەوێت بۆ گوێگر بیهێنێتە دی) (AbdulMajeed,2009: 520-525).

**٢-١-١-٣- ڕێزداری نەرێنی و ستراتیژە لاوەکیەکانی :**

(بڕوان و لیڤنسن) لە ڕێزداری نەرێنیدا پۆلێنکردنێکی تێرو تەسەل پێشکەش دەکەن و ستراتیژەکان بەسەر پێنج دەستە میکانیزمی سەرەکی دابەشدەکەن و لە نێوانیاندا دە ستراتیژی نەرێنی هەڵدەچنن، بەم شێوەیە:

**یەکەم- ڕاستەوخۆبە .**

**دووەم - گومان و گریمانە مەکە.**

**سێیەم-بەرامبەرەکەت ناچارمەکە.**

**چوارەم- بیر لە داواکاری گوێگریش بکەوە**

**پێنجەم_ ماف بە ویستی گوێگربدرێ لە ستایشکردن .**

**دەستەی یەکەم( ڕاستەوخۆبە ) ستراتیژی ژمارە (١) دەگرێتەوە :-**

**ستراتیژی یەکەم - لەباری ئاساییدا ناڕاستەوخۆبە، واتە دەتوانی لە سونگەی داب و نەریتەوە ناڕاستەوخۆبی .**

ویستێکە بۆ ڕووبە ڕوونەبوون. لە بەرئەوەی ئەو سەپاندنەی، کە لە ئەنجامی ڕاستەوخۆبوون دێتە ئاراوە، بە ڕێزداری دانانرێت. پێویستە بەدوای چارەسەرێکی مامناوەندی بگەرێن ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی دووڕەگی ناڕاستەوخۆبوون، واتە وتەکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە لە هەمان کاتدا. لە گوتاری ڕۆژانەدا، چارەسەری مامناوەندی بۆ ئەم چەشنە دەربڕینانە لە ڕێگەی ئەو فرێز و ڕستانەوە دەبێت، کە لە زیاتر لە واتایەك دەدەن، واتە ڕستەیەك بە ئاشکراو ڕوون دەردەکەوێت، کەچی ئاخێوەر وانیشاندەدات کە حەزی کردووە نا ئاشکراو ناڕوون بێت( Brown and Levinson,1987: 132).وەك لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**-بۆچی کێك و پسکیتا ددەیە پشیکا خو؟ .**

**دەستەی دووەم ( گومان و گریمانە مەکە )، ستراتیژی ژمارە (٢) دەگرێتەوە :-**

**ستراتیژی دووەم - پرسیار بکە.**

سیفەت و تایبەتمەندی سەرەکی ئەم ستراتیژە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە لە سیفەت و تایبەتمەندی ستراتیژی یەکەم، بیرۆکەی سەرەکی ئەم ستراتیژە بریتییە لە دوورکەوتنەوە لەو گومان گریمانانەی کە لەوانەیە گوێگر بیگرێتەبەر. لێرەدا ئاخێوەر بەردەوام مەودای خۆی لەگەڵ گوێگردا دەپارێزێت، ئەم ستراتیژەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرسیار و کلکە پرسیار[1]ەوە دەبێت ، وەك لەم نموونەیەدا دیارە:

**-سوباهی دێ تە دەم هەبیت، مانە ؟**

---

١- کلکە پرسیار بە واتای (پرسیارێکی کورتکراوە کەئاخێوەر دوا بەدوای رستەیەکی راگەیاندن ئاراستەی گوێگری دەکات تا ئەو مەرامەی هەێتی پێیبگات ). (ساجدە فرهادی، ٢٠١٣: ٢٩) .

**دەستەی سێیەم ( بەرامبەرەکەت ناچارمەکە ) سترتیژی ژمارە ( ٣ تا ٥ ) دەگرێتەوە:-**

لەسەر بنەمای پێشبینی کردنی کاردانەوەی گوێگر بناغەی بەستووە. ئەم پێشبینیکردنەش بە ئاسانی لەو کاتەدا چاودێری دەکرێت کە داوای یارمەتیدان لە گوێگر بکرێت، یان شتێکی پێشکەش بکرێت.لە ستراتیژەکانی ئەم دەستەیە :-

**ستراتیژی سێیەم - ڕەشبین بە ، گەشبین مەبە :**

لەم بارەدا،روخساری گوێگر ترسی لەسەر نییە، لەبەرئەوەی ئاخێوەر دەرفەتی کاردانەوەی جیاوازی پێدەدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاخێوەر پێشبینی ڕەتکردنەوە بکات، بۆیە ستراتیژی سێیەم باس لە ڕەشبینی دەکات وەك خاڵێکی سەرەکی هەروەکو لەم نموونەی خوارەوە:

**- سوباهی ئەو پەرتوك گەهشتبا دەستێ من ، باش بوو .**

**ستراتیژیەتی چوارەم - ڕادەی سە پاندن کەمبکەوە ( زۆری مەکە ):**

تایبەتمەندی ئەم ستراتیژە لەوەدایە ئەوئاماژەپێدەرانە تیایدا بەکاردێت، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی سەپاندن. لە زماندا وشەکانی وەکو "تنێ" دەتوانێ ئەم ڕۆڵە بگێرێ،وەکو لەم نموونەیە دا:

**-تنێ من دڤیا لتە بپرسم، دێ شێم ئەڤ شەڤ لڤێری بمینم ؟**

**ستراتیژی پێنجەم - هۆکاری جیاواز بدە :**

هەروەکو ناونیشانەکەی دەریدەخات، بیرۆکەی سەرەکی لە خاتر گرتن یان ڕێزگرتن ئەوەیە کە بە ڕادەیەکی زۆر هەست بە باری گوێگر دەکرێت وگەڕانەوەی هۆکار بۆ کەمتەرخەمی ئاخێوەر خۆی دەبێت، ئەم ستراتیژیەتە وا لە گوێگر دەکات هەست بکات، کە ماق ئەوەی هەیە بەرهەڵستی لە سەپاندن بکات .وەك ئەم نموونەیە

**-داخازا لێبۆرینی دکەین ،ئەڤرۆ هوین نەشێن وەغەرێ بکەن ، شاشی ژ ئالیێ کۆمپانیامە ڤە چێبوو.**

**دەستەی چوارەم ( بیر لە داواکاری گوێگر بکە ) ستراتیژی ژمارە ( ٦ تا ٩ ) دەگرێتەوە:-**

جەخت لەسەر ئەو ڕێگایانەدەکات، کە داخوازیەکانی روخساری نەرێنی گوێگر قایل دەکات، لەم بارەشدا ئاخێوەر بە ڕاشکاوی ئەوە نیشاندەدات، کە ئاگاداری ئەو داخوازیانەی کەسی گوێگرە و ڕەچاوی کردوون. ستراتیژەکانی ئەمانەن :-

**ستراتیژیەتی شەشەم - داوای لێبوردن بکە :**

ئاخێوەر سەرەتا بە داوای لێبوردن دەستپێدەکات، پاشان داواکاریە ڕاستەقینەکە دەردەبڕێت. داوای لێبوردن کردن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ڕەوان، گەیاندنی دوودڵی ئاخێوەرە، واتە ئەوە نیشانبدات کە ئەمە حەز و ویستی ئاخێوەر نییە شت لەسەر گوێگر بسەپێنێت، تەنیا پێویستی بەیارمەتیدانە. بەم شێوەیە ئاخێوەر خۆی لە بەرپرسیاریەتیەکە جیادەکاتەوە وئەوە نیشاندەدات، کە خۆی دوودڵە لە کارتێکردنی کەسی گوێگر. ژمارەیەکی فراوان لە دەستەواژە و پاڕستە هەن، کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن، وەکو

**-داخازا لێبۆرینێ دکەم، من تو بێزار کری.**

**-ببورە، من چ جارا نەڤیایە تشتەکی بخازم، بەلێ ....**

**ستراتیژی حەفتەم - شتەکان بەبابەتی نیشانبدەن ( لەهەستی کەسی دوور بکەونەوە ):**

ئەم ستراتیژە بریتییە لە بە بابەتی کردنی ئەو شتەی ئاخێوەر دەریدەبڕێت و ئاڕاستەی گوێگری دەکات، ئەمەش ئامرازێکی تری سود بەخشە بۆ دیاریکردنی ئەوەی، کە ئاخێوەر نایەوێت کاربکاتە سەر گوێگر. واتە ئەوکارانە بەکاردێنین کە بکەری کارەکە دادەماڵن وەك کاری (پێدچێت)، یان بەهۆی شێوازی بکەر نادیاری بابەتەکان دەخرێنەڕوو، بۆ نموونە :-

**-هەر کەسەکێ وەکر بیت، دێ هێتە سزادان .**

**- ێی نەکری ، ناخوت .**

**ستراتیژیەتی هەشتەم -روخسارێکی جددی نیشانبدە:**

زۆر جار ئاخیوەر بە ئەنقەست جەخت لە سەر ناوهێنانی کەسەکان دەکات، ئەویش بە مەبەستی نیشاندانی جددیتەت لە بابەتەکە . هەروەکو لەم دوو نموونەی خوارەوەدا دیارە کاتێك ئەم دوو نموونەیە بەراورد دەکرێن جیاوازییەکەیان دەردەکەوێت:

**-قوتابیێن پۆلا چارێ ڤێت لە هەر وەرزەکی پازدەیەکا بدەستڤە بینن، هەتا بشێن لەخواندنێ بەردەوام بن.**

**-ڤێت هێن پازدەیەکا لە هەر وەرزەکی بدەستڤە بینن، هەتا بشێن لە خواندنێ بەردەوام بن.**

لە نموونەی یەکەم جددیەتی زیاتری پێوە دیارە لە هی دووەم .

**ستراتیژی نۆیەم – فکری بە :**

جەخت لەسەر بەفکریکردنی بابەتەکە وفەرامۆشکردنی ویستەکانی هەردوولا (H،S) ، ئەمەش وادەکات ڕستەکە فەرمیتر بێت. (براون و لیڤنسن) پێوەرێك پێشکەش دەکەن، کە ڕادەی فەرمی بوونی دەربڕینەکان دەردەخات ،وەك ئەم دەربڕینانە :–

أ...............ب ئاوایەکێ کار لەکربوو .

ب ............ کار لە کربوو .

پ............ کار کرنەکا بەرچاڤ ل سەر مەچێکر .

**دەستەی پێنچەم (ماف بە ویستی گوێگر بدرێ لە ستایشکردن ) ستراتیژی ژمارە (١٠) دەگرێتەوە :**

**ستراتیژی دەیەم – ئاشکرا بە :**

بریتیە لە ماف گەڕاندنەوە بۆ ویستی گوێگر، لە بیستنی ستایش وسوپاسگوزەرانی. لێرەدا دەبێت ئاخێوەر تاڕادەیەك، وەکو قەرەبوێك بۆ هەبوونی کردەی هەڕەشە ئامێز لەسەر روخساری گوێگر، ڕەچاوی هەندێك ویستی تایبەتی کەسی گوێگر بکات لە ستایشکردن،بە شێوەیەکی ئاشکرا دەریببڕێت . بۆنموونە

–**ئەلبەت دێ گەلەك سپاسدار بم، ئەگەر** ........... ( WWW.Soft Panorama . org ).

٢-١-١-٤- **ستراتیژی ناڕاستەوخۆ**: لەم ستراتیژەدا هەرهەمان داواکاری بۆ کردنەوەی پەنجەرە کە لە ستراتیژی ڕاستەوخۆ نموونەمان بۆ هێنا، دەتوانرێ بەشێوەیەکی نائاشکرا بخرێتەڕوو، بۆ نموونە بەو کەسەی نزیك پەنجەرە بوترێ ،

– **ڤێری گەلەك گەرمە .**

لەم دەربڕینە هەرچەندە هەمان هێزی داواکاری تیایدا بەدی دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی شاراوە بواری هەڵبژاردن بۆ بەرامبەر بەجێدەهێڵێ .(مەبەست لەم ستراتیژە ئەوەیە، فشار لەسەر گوێگر کەمبکرێتەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شت بەسەر گوێگر نەسەپێنرێ، بۆیە مەبەستەکان پتر شاراوەن و بەشێوەی ئاماژەدان دەردەکەون)(ئارام عبدالواحد، ٢٠١٣: ١٧٨).

هەندێ لە لێکۆڵەران سەرنجی ئەوە دەدەن، ئەم ستراتیژە بە بەراورد لەگەڵ ستراتیژی ڕاستەوخۆ لەبابەتی ڕێزداریدا بە شێوەیەکی فراوانتر بەکاردێت (هەر وەکو هێرموزد و ئەوانی تر ڕوونیدەکەنەوە،

که ڕەچاوکردن و تێڕامانەکانی ڕێزداری کاتێ دەبێتە مەبەستی ئاخێوەران ، هاوشان لەگەڵ گەیاندنی داوا و پەیامێك ئەوە باشترین ڕێگە بۆ گەیاندنی شێوازی ناڕاستەوخۆیە نەك ڕاستەوخۆ، هەروەها (سیمپسن) جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە لێهاتووترین و کارامەترین ستراتیژ بۆ داواکردن بەشێوەی ناڕاستەوخۆیە، چونکە داواکاری جێبەجێ کردنی کارەکە لەلایەن ئاخێوەرەوە بەهۆی چەند وشەیەکی دیاریکراوەوە دەبێت، کە تاڕادەیەکی زۆر ڕامانیان ڕوونە و نیشاندەری ڕێزداریشن (Hurmiz,2009:23).

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم ستراتیژەش بەهەمان شێوەی ستراتیژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بنەمای (هاریکاری گرایس) یەك ناگرێتەوە. بەواتای لەستراتیژی ڕاستەوخۆدا هەرچەندە دەربڕینەکان بەپێی بنەماکانی (گرایس) دروستن، بەڵام ڕێزداری کەمتر دەنوێنێ. لە ستراتیژی ناڕاستەوخۆشدا هەرچەندە دەربڕینەکان ڕێزداری زیاتر لەخۆ دەگرن، چونکە سەپاندنی تیایدا ڕوون و ئاشکرا نییە، بەڵام لەگەڵ بنەمای (گرایس)، کە داوای ڕوونی و ئاشکرای و پەیوەندیداریێتی دەکات یەکناگرنەوە.


### ٢-١-١-٥- ئەنجامنەدانی (FTA):-

ئەم ستراتیژە لە دوای هەر چوار ستراتیژی دیکە دێت، ئاخێوەر ئەو کاتە پەنای بۆ دەبات، پاش ئەوەی لە دەستەبەرکردنی ستراتیژێکی زمانی شیاو بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی شکستدەهێنێ . واتە بۆ ئەوەی ناچاری ڕوومەندبەزێنی نەبێت، خۆی لە ڕووبەڕوونونەوە و ئەنجامدانی ئەو کردانەی هەڕەشە لە سەر روخسار دەکەن دووربخات (Brown and Levinson,1987:72).

## ٢-١-٢- ئەو هۆكارە كۆمەڵایەتیانەی هاوبەشی ڕێزداری دەكەن.

(بڕوان و لیڤینسن) باس لەچەند هۆكارێكی كۆمەڵایەتی دەكەن، كە هاوبەشی ڕێزداری دەكەن و ڕادەی پابەندبوونی بەشداربووان بەستراتیژ و بنەماكانی ڕێزداری دیاری دەكەن، كە بۆ ڕەواندنەوەی هەڕەشە لەسەر روخساری بەرامبەر دەیگرنەبەر ئەوهۆكارانەش بریتیین لە:

١- **پلەی سە پاندنی ( ئەو كردانەی هەڕەشە لەسەر روخسار دەكەن ).**
٢- **مەودای كۆمەڵایەتی.**
٣- **هێزی بەشداربووان.**




شێوەی ژمارە (١) (Brown and Levinson,1987:74).

**پوختەی ئەم شێوەی سەرەوە بەم جۆرە دەبێت:**

١-لەو بارودۆخانەی، كەپلەی سەپاندن بەرزە، پێشبینیدەكرێت ژمارەی شێوەكانی ڕێزداری زۆر بێت.

٢-لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتیە نزیكەكاندا ، ڕێزداری نزم دەبێت و بەپێچەوانەوە .

٣-ئەگەر ئاخێوەر خاوەن هێزبوو ، ئەوە پێشبینی شێوەی ڕێزداری نزمتر دەكرێت لەبەكارهێناندا.

پلەی سەپاندن(R) بەگوێرەی قەبارەی دەرکەوتنی کردەوە هەڕەشە ئامێزەکان (FTA) دەپێورێت. مەودای کۆمەڵایەتی (D) لێکچوون و جیاوازیەکانی نێوان بەشداربووانە، کە زۆربەی کات بەپێی جۆری کارلێکردنی نێوان بەشداربووان دیاریدەکرێت . هێزیش (P) دەکرێت هی دەزگا دامەزراوەکان بێت ، وەك پەیوەندی نێوان کارمەند و بەرێوەبەر ، یاخود بەشێوەیەکی گشتگیر لەژێر کاریگەری هەر هۆیەك بێت کەسێك بتوانێ ویست و ئارەزووەکانی بەسەر بەرامبەرەکەی بسەپێنێ .

٢-١-٢-١- **پلەی سەپاندن:** بریتییە لەڕادەی ترسی تێکەڵاوبوو بەکردەی (FTA) لەکەلتوورێکی دیاریکراودا. (بڕوان ولیڤینسن) باس لەچەند بابەتێك دەکەن، کە لەئەنجامی ورژاندنیان (FTA) دێنە ئاراوە، کە دەکرێ بەهۆی کەمتر خەمی قسەکەر(S) بەرامبەر روخساری ئەرێنی گوێگر (H) بێنە باسکردن، وەك بابەتی نارەوا و قەدەغە کراوەکان، یان لەگەیاندنی هەواڵی ناخۆش، یان چوونە ناو بابەتی سۆزداری و بەزاندنی سنورەکان وەك (ئاین، نەژاد، سیاسەت، ئازادی و ئافرەت) ( Brown and Levinson,1987:67).

بۆنموونە لە کۆمەڵگەی خۆماندا سیاسەت ڕۆڵێکی سەرەکی لەژیانی ڕۆژانەدا دەبینێ و لەگفتوگۆیەکاندا بە بابەتێکی باو دادەنرێت. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکان تاکی کورد لەگەڵ کەسی بەرامبەر لەو پرسیارانە دوور دەکەوێتەوە، کە تایبەتن بەمەیل و لایەنگیری کەسەکە. واتە بۆ کەمترکردنی پلەی سەپاندن بەمەبەستی ڕێزگرتن لەبیروڕای جیاواز لەم بابەتە دووردەکەوێتەوە. لە دەربڕینی بۆچوونێکی سیاسیدا، کە لەوانەیە گفتوگۆ ئامێز بێت ، پێویستە ئاخێوەر هاوکار بێت لەپاراستنی روخساری ئەرێنی گوێگر، چونکە لەوانەیە لەگەڵ بەردەوامبوون و بەرەو پێشوەچوونی گفتوگۆی سیاسی پلەی سەپاندن بەرزبێت .

(براون ولیڤینسن) لەپلەی سەپاندندا باس لەکاریگەری کەلتوور دەکەن لەسەر ئەو بابەتانەی، کە ڕادەی سەپاندن تیایدا دەستنیشان دەکەن، دەڵێن: " سەپاندن لەڕووی کەلتوور و بار ودۆخەکان دیاریدەکرێن و پلەکەشی پەیوەستە بەڕادەی کارلێکردن لەگەڵ ویستەکانی بەشداربوو(هەمان سەرچاوە :٧٧) . جگە لەبابەتی سیاسی هەروەها ئەو پرسیارانەی، کە تایبەتن بەلایەنی سۆز و خۆشەویستیەوە لەگەڵ ئافرەت لەگفتوگۆیەکی گشتیدا بەشتێکی ناپەسەند دادەنرێت و ئەم ناپەسندیەش بێگومان لەڕووی کەلتوورەوە دەسەپێنرێت، چونکە لەوانەیە لە کەلتوورێکی تر بەئاسایی دابنرێت .

٢-١-٢-٢- **مەودای کۆمەڵایەتی:** لەبابەتێکی وەکو ڕێزداریدا وا دادەنرێت، کەهەردوو بەشداربوو لە گفتوگۆیەکاندا بەشێوەیەکی هاوتا ئاگاداری مەودای کۆمەڵایەتی یەکتر بن. بڕوان ولیڤینسن جەخت

لەسەر هەبوونی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەناو مەودای کۆمەڵایەتی و ڕێزداری دەکەن، چونکە ئەوەندەی مەودای کۆمەڵایەتی نێوان ئاخیوەران زیاتر بێت پێشبینی زیاتری ڕێزداری دەکرێت . واتە مەودای کۆمەڵایەتی (D) فراوانتر بێت ئەوە ئەگەری کردەی هەڕەشە ئامێز(FTA) زیاد دەبێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە نموونەی ئەوە دەهێنینەوە لەپرسیارکردن دەربارەی هەبوونی کات لە دوو کەس بکرێت، کە یەکێکیان کەسێکی نەناسیاو بێت و ئەوەی دیکە هاوڕێیەکی نزیکت بێت، ئەوە شێوەی دەربڕینی پرسیارەکە جیاواز دەبێت.

کەسی نەناسیاو – **بێ زەحمەت، روخسەت هەیە بزانم دێ وە دەم هەبێت ؟**

هاورێ – **ئەرێ تە دەم هەیە؟**

لەم دوو نموونەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کەشێوازی ڕێزداتر وەك نموونەی یەکەم کاتێك دەردەکەوێ، کە مەودای کۆمەڵایەتی زیاتر بێت (Gray_ Matsumoto, 2009:16).

٢-١-٢-٣- **هێز:** هێزی بەشداربوو وەك سێیەم هۆکاری هاوبەشکەری ڕێزداری دادەنرێت، بەڕای (براون و لیڤینسن) هێز (P) تایبەتمەندیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتیە و سەرچاوەکەی بە ئاسانی دیاری ناکرێت . لەهەر یەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکاندا چەندین ئاستی جیاوازی هێزی هەست پێکراو هەیە . هێز(P) گۆڕاوێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، کە لەچەند فاکتەرێکی جۆراو جۆر کەسێتی، یان گشتی پێکهاتووە.

- لەوانەیە هێز تایبەتمەندی شوێن بێت بۆنموونە مامۆستا و قوتابی لە قوتابخانە.
- هێز پێویستی بەلایەنگیریەك هەیە بۆنموونە سەرمایە، ئەندامیەتی لە گروپێکی زۆرینە.
- پەیوەندی نێوان گروپەکان، پۆلەکان، یان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان .
- هەبوونی توانا لای بەشداربوو لەکۆنترۆڵ کردنی کردەکانی بەشداربوویەکی دیکە.

(براون ولیڤینسن) ئاماژەیان بە هەڵسەنگاندنەکانی هێز (P) کردوە، بەوەی کە لەسەرتاسەری کەلتوورەکان دەگۆڕێت ، ڕەگەز و تەمەن دوو فاکتەری کۆمەڵایەتین لەڕووی نەرییتەوە تێکەڵ بەهێز دەبن (هەمان سەرچاوە:١٨)، بە واتای ڕەگەز و تەمەن لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی هێز دەگونجێن ، دەبێ بەشداربووان ئاگاداری جیاوازیەکانی بن، کاتێ بەشداربووان لەڕەگەزی جیاواز بن ئەوە هێزی زیاتر هەستی پێدەکرێت لەوەی، کە بەشداربووان هاو ڕەگەز بن، هەروەها لە گفتوگۆ و مامەڵەکردندا بەتەمەنەکان لەگەنجەکان زیاتر مافی یایبەتییان دەبێت، جگە لەمانەش لەشێوە ئاسایەکەیدا هێزی

بەشداربوو دەکرێ بەهۆیشوێن و پلە و پایەی بێت، وەك پلەبەندی دەسەڵات و کارکردن، یاخود لەسەرمایەوە و خاوەنداریێتی سەرچاوە دەنێت .

### ٢-١-٣- هاوکێشەی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان .

باسمان لەوە کرد، کە هەرسێ هۆکاری کۆمەڵایەتی (پلەی سەپاندن، مەودای کۆمەڵایەتی، هێز) بەیەکەوە لە ئەنجامدانی ئەو کردانەی هەڕەشە لەسەر روخساردەکەن سەنگیان دەبێت، هەر بۆیە ڕێزداری دەبێتە پێویستێك بۆ کەم کردنەوە، یان ڕەواندنەوەی کاریگەری ئەم جۆرە کردانە. (بڕاون لیڤینسن) یاسایەك بۆ ژماردنی کێشی ئەم کردانە دادەنێن:

.(Brown and Levinson,1987: 76) $Wx = D(S ، H) + P(H ، S) + R_X$

(Wx) بەهایەکی ژمارەییە،کێشی (FTA) ی دەپێورێت و بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ستراتیژی تایبەت دەدات.

D (S, H)   بەهایەکە مەودای دووری و نزیکی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دیاری دەکات.

P (H, S)   بەهایەکە پێوانەی هێز دەکات، کەئاخێوەر لەسەر کەسی گوێگر هەیەتی و بەپێچەوانەوە.

($R_X$)  بەهایەکە ئەو ڕادەیە دەپێوێت، کە بەهۆیەوە  تێکڕای سەپاندنی (FTA) دەستنیشان دەکات.

هەر لەشیکردنەوەی ئەم هاوکێشەیەدا (بڕوان و لیڤینسن) باسی ئەگەری جیاوازی کاریگەری هۆکارەکان دەکەن  لەکەلتوورێك بۆ کەلتوورێکی تر لە دیاردەی ڕێزداریدا ( Gilks , kate, 2010:94) .

### ٢-١-٤- ئەو ڕەخنانەی لەم مۆدێلە گیراوە:

مۆدێلی ڕێزداری (بڕاون ولیڤینسن) وەك هەر بابەتێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی هەندێك ڕەخنە بووەوە ، کە لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین :-

**یەکەمیان :( هەژمارنەکردنی جیاوازی کەلتووری )** سەرەڕای ئەوەی ئەم دوو لێکۆڵەرە باسی ئەوە دەکەن، کە لێکدانەوە و شیکاریەکەیان بۆ ڕێزداری جیهانییە، بەڵام ڕەخنەی ئەوەیان لێگیراوە، کە زۆربەی ئەو نموونانەی بەکاریارن هێناوە لەزمانی ئینگلیزین، لەگەڵ هەندێ نموونەی دیکە لە زمانەکانی وەك تامیلی و تزێڵتان . ئەوەی سەرنج ڕاکێش بێت لەم مۆدێلە ئەوەیە، کە کەلتووری ڕۆژهەلاتیەکانی

فەرامۆش کراوە تەنانەت ئاسیاییەکانیش . هەردوو لێکۆڵەر (ماو –١٩٩٤) و (ماشیومۆتۆ– ١٩٨٨) لە لێکۆلینەوەکانیان لەسەر روخساری ئەرێنی و نەرێنی لەکەلتووری ژاپۆنیدا دەگەنە ئەوەی، کە لەکەلتووری ژاپۆنیدا جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە روخسارە بەهەمان کێش و قورسایی جیاوازیەکانی نێوان روخساری ئەرێنی و نەرێنی (بڕوان و لیڤینسن) دەرناکەون، چونکە لە کەلتوورە ڕۆژهەلاتیەکاندا کۆمەلایەتی بوون و گروپ و گروپێنە بەهادارترە لە تاکێتی . هەر بۆیە بەڕای ئەوان هەمان پێوانە کردنەکەی (بڕوان و لیڤینسن) بۆ ڕێزداری لەم کەلتوورە شتێکی گونجاو نییە ( Gray_ Matsumoto,2009: 5).

لەلایەکی تر (لیچ) باس لەوە دەکات، کە لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەی بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن، لەکاتی ستایشکردنی کەسێك ڕێزدارترین ڕەفتار ئەوەیە، کە ستایشکردنەکە بەسوپاسکردن قبوڵبکرێت، بەلام لە کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا ( کە بەسادەیی و بێفیزی وەسف دەکرێت) ئەوەی لەناو ئەم کۆمەڵگەیە باوە ئەوەیە، کە نکۆڵی لەستایشکردن دەکرێت . لەبەر ئەوەی پەسەند کردنی ستایش لەوانەیە شتێکی ناشرین بێت ، یان نیشانەی بیٚ ڕێزی بێت(Hurmiz,2009:119) .

مەرج نییە بۆچوونی کۆمەڵگەیەك بۆ حالەتێك هەمان بۆچوون بێت لەچوارچێوەی ناوچەیەکی فراوان، بەواتای ئەم حاڵەتەی قبوڵنەکردنی ستایش لەکەلتووری ژاپۆنی وەك کەلتوورێکی ئاسیای لەسەر هەموو کۆمەڵگەیەکی ئەم ناوچەیە جێگیر نابێت. لە کۆمەڵگەی کوریدا وەك ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی ستایشکردن بە سوپاسیەوە قبوڵدەکرێت و بە ڕەفتارێکی پەسەند دادەنرێت .

(بڕوان ولیڤینسن) لە جیهانیبوونی مۆدێلەکەیان وای بۆ دەچن، کە بۆچوونەکەیان دەربارەی ڕێزداری بەشێوەیەکی جیهانی و بەرفراوان کارپێکراو بێت و هۆکارە هاوبەشەکانی پاراستن و بەزاندنی روخسار وەك هێزو مەودای کۆمەلایەتی و سەپاندن گشتین، واتە سیستەمی کارلێکردنەکان تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەما جیهانیەکان بناغەیان بەستووە، بەلام لە لایەکی دی باس لەوەش دەکەن، کە (جێبەجێکردنی بنەماکانی مۆدێلەکە لەسەرتاسەری کەلتوورەکان دەگۆرێن و لەناوخودی کەلتوورەکانیش بەپێی پۆل و گروپەکان دەگۆرێن) (Brown and Levinson,1987: 283).واتە دەکریٚ ئەو فۆرمە زمانیانەی ستراتیژیەکانی ڕێزداری لەخۆ دەگرن لەکەلتوورێك بەدی بکرێت و لەیەکی تر نەبێت و جیاوازی کەلتووری بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازەکان وەسفبکرێت . دەتوانین بڵێین شێواز و ستراتیژەکانی ڕێزداری لەهەموو زمان و کەلتوورێك وەك ڕەفتارێکی کۆمەلایەتی هەیە، بەلام دەرکەوتنی و تێڕوانین و هەڵبژاردنی ستراتیژەکانی بەشێوەیەکی ڕێژەی لەناو کەلتوورەکان بەگوێرەی ئاخێوەرانی زمانەکە جیاوازی تێدەکەویٚ .

**دووەمیان: (گرینگیدانی زۆر بە روخسار)** لەبەر ئەوەی لەم مۆدێلە زۆر جەخت  لەسە روخسار کراوە بەخاڵی سەرەکی کاریگەری ڕێزداری دادەنرێ و هێورکردنەوەی ترس لەسەر روخسار و دوورکەوتنەوە لەو کردەوانەی، کە هەڕەشە لەسەر روخسار دەکەن بەهاندەری سەرەکی هاتنەکایەی ڕێزداری دادەنرێت . هەربۆیە بەڕای هەندێکیان ئەم مۆدێلە تیۆری کارکردنی روخسارە نەك ڕێزداری، بەڵام هەرخۆشیان(براون ولیڤنینسن) لەشیکردنەوەی مۆدێڵەکەیان ئاماژە بەوە دەکەن ، کە پشتیان بە بیرۆکەی روخساری گۆفمان بەستووە بەوەی، کە روخسار ئاوێنەی خودی کەسییە و هەموو کاردانەوەکانی خودی لێدەردەکەوێ .

**سێیەمیان: (ڕێزداری ناپێورێت)** ڕەخنەیەکی دیکە کە ئاڕاستەی ئەم مۆدێلە کرابێت ئەوەیە، کە ڕێزداری ناتوانرێت بپێورێت وەك برێك لە ئاماژە (واتس) دەڵێت:" وەسفکردنی ڕێزداری لەلێکدانەوەی خەڵکەوە دەبێت، چونکە لێکدانەوەی خەڵك تاکە ڕێگایە بۆ گەشەکردنی ڕێزداری لەڕوانگەی تیۆری کۆمەڵایەتیەوە "(Gray_Matsumoto, 2009:40).

هەرچۆنێك بێت ڕێزداری وەك دیاردەیەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، نموونەیەکی باشی بەجیهانیبوونی بەکارهێنانی زمانە. شتێك نییە تەنیا لەزمانێکدا بەدیبکرێت و بەکەلتوورێکەوە بچەسپێت و قابیلی گۆڕان نەبێت . ئەگەرنا چۆن دەتوانین ئەوە ڕوونبکەینەوە، کەزۆربەی جار خەڵك لەتێگەیشتنی یەکتر و پەیوەندی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ خەڵکانێك  لە کەلتووری دیکە سەرکەوتوو دەبن .

## ٢-٢- تەوەری دووەم: پاڵنەرەکانی ڕێزداری

دەرکەوتنی هەر دیاردەیەك لەناو كۆمەڵگەدا و ڕەنگدانەوە لە زمانی ئاخێوەرانیدا لە ئەنجامی چەند پاڵنەرێکەوە دەبێت، کە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی خۆشدەکەن و بەردەوامی پێدەبەخشن، دەبنە وەڵام بۆ زۆر لە پرسیارەکان. ڕێزداریش شتێك نییە لەگەڵ ئێمەدا لە دایك بووبێت ، یاخود لەڕێگەی پرۆگرام و فێرکردن بەسەرماندا زاڵ بکرێت، بەڵکو دیاردەیەکە وەك پێویستێك بۆ ڕێکخستن و ڕاگرتنی هەندێ لایەنی جیاواز لەژیانی مرۆڤدا دێتە دی لەوانە:

### ٢-٢-١-ڕاگرتنی پەیوەندییەکان لەناوسیستەمی كۆمەڵایەتیدا:

زمان پێویستیەکی كۆمەڵە بۆ لەیەکتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و گواستنەوەی کەلتوور، زمان بەچالاکیەکی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە هۆیەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان تاك ودەورووبەر کارلێکدەکەن،( پەیوەندییەکان بەگشتی دوو تەوەر لەخۆدەگرن:

#### أ- پەیوەندی كۆمەڵایەتی سەرەتایی:

ئەم پەیوەندییە خێزان دەگرێتەوە، وەك كۆمەڵگەیەکی بچووك لە ئەنجامی کارلێکردنی تاك لەگەڵ دایك و باوکیدا پەیدادەبێت، ئەم كۆمەڵگەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تاك هەیە بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەوشت و داب و نەریت و زۆرشت لە خێزان وەردەگرێت، وەك هەڵسوکەوتی دانیشتن و خواردن و لێبوردەیی و ڕێزگرتنی گەورە و بیروڕا و ئاین .....

#### ب- پەیوەندی بە كۆمەڵ:

ئەم پەیوەندییەی تاك لەتەمەنی (٦)ساڵی بەرەو سەرەوە دەستپێدکات، کاتێك لەبازنەی خێزان دەچێتە دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ چەن کەسانێکی تر پەیدا دەکات و هەوڵ دەدات پەیوەندی بەهێز بکات و خۆی لەگەڵیان بگونجێنێ.

ڕێزداری وەك بابەتێکی زمانی و كۆمەڵایەتی لەپرۆسەی پەیوەندیکردندا بەخاڵێکی گرینگ هەژمار دەکرێت، هەربۆیە لەدەستنیشانکردنی باشترین شێوازەکانی پەیوەندی بەستن و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەردا ڕێزگرتن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەچەند خاڵێکدا دووبارە دەبێتەوە، بۆئەوەی بتوانێ لە مامەڵەکردنەکاندا ئارامی و ڕازیکردن بەدەستبهێنی پێویستە:

١-ڕێز لە کەسایەتی و شتە پیرۆزەکانی بەرامبەر بگرە .

٢-گرینگ و بایەخی ڕاستەقینە بۆکەسی بەرامبەر دەربڕە .

٣-لەبواری پیشەکەیاندا لەگەڵیان بدوێ .

٤-شێوازی دەستخۆشی و پیاهەڵدان بەکاربهێنە، بەڵام لەزیادەڕۆیی دووربکەوە .

٥-گرینگی بەخۆشی و ناخۆشی خەڵك بدە .

٦-ڕێز لەوادەی خۆت بگرە لەگەڵ خەلکیدا .

٧-درێژ دادڕ مەبە لەداواکردنی پێداویستیەکاندا .

٨-وشە و دەربڕاوەکان بەجوانی دەستنیشان بکە، کەلەگەڵ هەست و مەزاجی بەرامبەر بگونجێت (دەرون عبدالرحمان، ٢٠١٤: ٨٢)

کەواتە لەسەر هەر تاکێك پێویستە زمان بەجۆرێك بخاتەکار بۆ بەرژەوەندی مەرامەکانی و سەرکەوتن و بەردەوامی پەیوەندییەکان و لێك نزیکردنەوەی بیروڕاکان. ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی دروستی زمان، دروستی لێرەدا بەمانای ئەوە نایێت، کەزمانێك بێت لە هەڵەی ڕێزمانی بەدەر بێت، بەڵکو واتای چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان لەشێوازی تایبەتدا بەپێی کات و شوێن و ئامانجی بەکارهێنانیان، کەچەند فاکتەرێك ڕادەیی جیاوازی ئەم بەکارهێنانە ڕێك دەخەن وەك (تەمەن، ڕەگەز، جۆری پەیوەندی فەرمی و نافەرمی)

**تەمەن:** یەکێکە لەو فاکتەرانەی، کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەڕێزداریەوە هەیە، کە دەتوانین لەدوو ڕووەوە باسی لێوە بکەین .

**یەکەمیان: ڕەچاوکردنی تەمەن لەکاتی ئاڕاستەکردنی ئاخاوتندا.**

**دووەمیان: قبوڵکردنی دەربڕین و هەڵسوکەوتی زمانی لەئاخێوەران بە پێی تەمەنیان.**

**یەکەم/** کاتێك مرۆڤ پەیوەندی دەکات پێویستە بەر هەرشتێك ڕەچاوی تەمەنی بەرامبەرەکەی بکات، چونکە شێوازی قسەکردن و هەڵبژاردنی دەربڕینە زمانیەکان لەگەڵ کەسانی بەتەمەنتر پێویستی بە ڕێز و حورمەتی زیاتر هەیە لەوەی لەگەڵ کەسێکی لەخۆی بچووکتر ، یان هاوتەمەنی خۆی بێت، بۆ نموونە (جیاوازی نێوان شێوازی داواکردن لەگەورەوە بۆ بچووك، یان لەبچووکەوە بۆ گەورە. باوك بۆ منداڵ، منداڵ بۆ باوك دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانەش بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی وشەدا هەستی پێدەکرێت)(محمد معروف فتاح، ١٩٩٠: ١٤٠).

له گەورەوە بۆ بچووك ڕادەی سەپاندنی زیاترە، کەواتە دەتوانین بڵێین کەتەمەن بەجۆرێك لەجۆرەکانی هێز دادەنرێت لەناوپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا . لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەپەیوەندیکردندا جیاوازی تەمەن بەخاڵێکی گرینگ دادەنرێت. (کۆمەڵ لەسەر تاك پێویست دەکات، کە ڕێز لەئاخاوتنی کەسە بەتەمەنەکان بگرێت و گوێڕایەڵی بێت، ئەو شێوازەی تاك لەگەڵ کەسێکی بەتەمەن بەکاردەهێنێ پێویستە زۆر جیا بێت لەگەڵ ئەو شێوازەی، کە لەگەڵ هاوتەمەنێکی خۆی بەکاری دەهێنێ و ئەمەش بۆ ئەو بەهایانە دەگەڕێتەوە، کە لەنەریتە کۆمەڵایەتیەکان هەڵگیراون)(شیلان عوسمان ٢٠٠٨: ٥٥).

زۆرجار بۆ ڕێزگرتن لە کەسە بەتەمەنەکان بەنازناوی خزمایەتی، یان بەناسناوی ئاینی بانگ دەکرێت وەك (مام، خاڵ، خالەت، حەجی، حەجیا.......) زۆر لەوێنەی کۆمەڵایەتی هەن ، کە تەمەن تیایدا حالەتەکان ڕووندەکاتەوە . هەندێ جار لەگفتوگۆیەکدا ئەگەر کەسی بەتەمەن دەنگیش بەرز بکاتەوە ئەوە دەبێ بەرامبەرەکەی ڕێز لەتەمەنی بگرێت . بەهەمان شێوە وەڵامی نەداتەوە، ئەگەرنا بەبێڕێزی بۆبەرامبەرەکەی هەژماردەکرێت . لەناو ئاخێوەرانی شێوەزاری بادینیدا زۆرجار پرسیارکردن لەبەرامبەر، کەچەند منداڵی هەیە؟ لەوەڵامدا کەسەکە بەمەبەستی ڕێزگرتن شێوازی بچووکردنەوەی شتی خۆی بەکاردەهێنێ، بۆنموونە لەوەڵامدا دەڵێت:"من دوو خولام و خدامەکا تە هەیە." واتە بچووکردنی منداڵەکانی بۆ ئاستی خزمەتکاری بەرامبەر بۆ نیشاندانی ڕێز و قەدرگرتنی ئاخێوەرە. هەرچەندە ئێمە ئەم جۆرە دەربڕینانە بەپەسەند نازانین، چونکە لەهەموو حالەتێك پێویستە منداڵ کەسایەتی بپارێزرێ و بەشێوازێکی بەنرختر بناسرێن.

**دووەم/** ڕوویەکی تری کاریگەری فاکتەری تەمەن لەسەر ڕێزداری ئەوەیە، کە مرۆڤ بەپێی تەمەنە جیاوازەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوت گوتەیی و ناگوتەییەکانی لێی قبوڵدەکرێت ، واتە زۆر جار ئەوەی لەمنالێك قبوڵدەکرێت لەکاتی گفتوگۆ ومامەڵەکردندا ئەوە لەکەسێکی گەنج، یان بەتەمەن قبول ناکرێت و کەسەکان سەربەست نین، (ئەگەر هەر تاکێکی کۆمەڵ پەیڕەوی ئەو یاسانە نەکات، کە لە هەر تەمەنێکدا بەکاردێن ، ئەوە تووشی لادان دەبێت لە ڕێساکۆمەڵایەتیەکان و بەمەش ڕووبەڕووی سەرزەنشتی کۆمەڵ دەبێتەوە، واتە مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا دەبێت بەگوێرەی تەمەنی خۆی قسە بکات، لەبەر ئەوەی تەمەن هۆکارێکە لە هۆکارەکانی تری دیاریکردنی شێوازەکانی ڕەفتار، واتە تەمەنی مرۆڤ زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوە و پێوەرە بۆ سەرجەم ئەو ڕەفتارە زمانییە شیاوانەی، کەپێویستە لەناو کۆمەڵگەدا بیکات )(ئارام عبدالواحد، ٢٠١٣: ٢٥٨)، کە ڕێزداریش یەکێکە لەو شێوازانە .

**ڕەگەز:**(لاکۆف) وای بۆ دەچێت، کە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت لەپیاو بەرێزترن و دەڵێت: "زمانی ئافرەت چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی هەیە لەوانەش، زۆربەکارهێنانی ئاماژەکانی ڕێزداری و

کۆتایی هێنانی قسەکانیان بەکلکە پرسیار بەڕادەیەکی زۆر، ئەمەش بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە، کە قسەکردنی ئافرەت لەسەر ئەوە بناغە دەبەستێ، کە کۆمەڵگە چۆن و چی لەئافرەت چاوەڕوان دەکات نەك لەسەر هەندێك ئارەزووی خۆرسکییەوە(Gray_Matsumoto,2009: 18) .

هەردوو لێکۆڵەر (براون ولیڤینسن) لەهەڵسەنگاندنیان بۆ فاکتەرەکانی ڕێزداری ئاماژەیان بەڕەگەز کردووە و ڕەگەز بەسەرچاوەیەکی جیاکەرەوەیان داناوە بەوەی، کە تایبەتمەندیەکە وپێویستە بەشداربووان ئاگاداری جیاوازیەکان بن ، ئەوان لەڕووی هێزەوە دەڕواننە ئەم بابەتە و بەڕای ئەوان بێ هێزی ئافرەت بەرامبەر بەپیاو وای کردووە، کە ڕێزدارتر بێت ( Brown and Levinson, 1987:30).

تێروانینێکی لەم چەشنە دەبێ ئەوەمان پێی بڵێت، کە پیاو لە گفتوگۆیەکانیدا لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز ڕێز نانوێنن، بۆیە بەڕای ئێمە ڕێزگرتن بەهۆی جیاوازی ڕەگەز لەچەوساوەییەوە سەری نەگرتوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین جیاوازی ڕەگەز وا دەکات، کە جیاوازی لەبابەت و شێواز و وشە و دەستەواژەکاندا بەدیبکرێت لەکاتی گفتوگۆدا، دەبێ لەو سۆنگەیەوە باسی لێوەبکرێت، کە ئایا کاتێ دوو ڕەگەزی جیاواز گفتوگۆ دەکەن ڕادەیی هەست کردن بەئاماژەکانی ڕێزداری لەئاخاوتنەکانیان زیاترە لەوەی، کە دوو هاوڕەگەز گفتوگۆ بکەن؟

ئەوەی ئاشکرایە، کە( هەڵسوکەوتی زمانی ئافرەت زیاتر پابەندبوونی پێوە دیارە و لەکاتی قسەکردندا ، داب و نەریتی گشتی زمانەکەی لەبەرچاو دەگرێ ، هەوڵدەدات لە وشەی ناشیاو وقەدەغەکراوەکان دووربکەوێتەوە بەتایبەت ئەو ناو وکارانەی پەیوەندیان بەلایەنی سێکسەوە هەیە، یان هەر ئاخاوتنێك کە بیخاتە شەرمەوە. بۆیە زۆرجار جوانکاری بۆ قسە و دەربڕینەکانی دەکات و شێوازی ڕاستەوخۆیی بەکارناهێنێت وهەندێ جاریش بەئاماژەدانی ناڕاستەوخۆ باس لەشتەکان دەکات (WWW.uobabylon).

لەکۆمەڵگەی کوردیدا، کە داب و نەریت گرینگی پێدەدرێت، بۆیە ئافرەت هەمیشە وەك کەسێکی پارێزراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پیاو هەوڵی داوە بەشێوازێکی پر ڕێزەوە بیدوێنێ و ئافرەتیش بۆ پاراستنی ئەو وێنە زیاتر پەرژین بەکاردەهێنێ، کە لەگەڵ پیاوێك قسەدەکات، کەواتە لەناو هەرگروپێکی کۆمەڵایەتیدا، کە تیایدا هەڵسوکەوت و ڕۆڵی تاکەکان شوێنی تاکەکان دیاردەکات. ڕەگەز بەوە ڕۆڵ دەبینێ، کەگفتوگۆی نێوان هاوڕەگەزەکان ئازادتر دەبێت و پەرژین و سنورداری کەمتر دەبێت لەوەی، کە لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز بکرێت.لەشێوەزاری بادینیدا چەندین ناسناو بەکاردێن بۆ ڕێزگرتن، کە زۆربەیان مۆرکی خزمایەتی پێوەیە وەك (برا، کەکۆ، خویشکێ، دوهمام، خاتین).

**جۆری پەیوەندی (فەرمی و نافەرمی):**فەرمی بوون و ڕێزداری بەیەکەوە بەستراو تێك ئاڵێندراوی یەکترن، هەردووکیان بەپێی بواری کارلێکردن ڕۆڵ دەبینن. فەرمی ونافەرمی بوون بەگۆڕانی شێواز لەناو بەکارهێنانی زمانیدا دەناسرێن (Hurmiz,2009:113).

شێوازی فەرمی سنورداری و پابەندبوونی پێوە دیارە، بەڵام هەرچی نافەرمی یە تاك لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕینەکان ئازادترە بۆ گەیاندنی مەبەست . شێوازی فەرمی زیاتر بەشوێنەوە پەیوەستە، واتە بەهۆی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەشوێنێکی فەرمی وەك شوێنی کارکردن و لەدام و دەزگایەکان ، یان ئامادەبوون بەشداربووان لەڕێکەوتنێکی بازرگانی، یان سیاسی یاخود لەسازدانی کۆنگرە وچاوپێکەوتنەکان ئەم جۆرە شێوازە خۆی دەسەپێنێ. تەنانەت ئەگەر ئەندامانی یەك خێزانیش لەشوێنی کارکردنی فەرمی وەك دووهاوکار قسەدەکەن و پەیوەندی خێزانی بەلایەکەوە دەنێنن، واتە بەهۆی ئەو سەپاندنەی لە شێوازی پەیوەندیکردنەکاندا هەیە ئەوە ڕێزداری لە بەکارهێنانی زمانیدا ڕوون و ئاشکرا خۆی دەردەخات. زۆرجار فەرمی بوون وا دەکات، کە دەستەواژەی (بەڕێز) نەك تەنیا لەگەڵ ناوی کەسەکان بەکاربێت، بەڵکو لەپاڵ ناوێکی بێ گیانیش وەك ناوی دام و دەزگایەك (لەنووسین) بەکاربێت، بۆنموونە لەداواکارێك دەنووسرێ:

بۆ/ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین –بەڕێز.

زۆرگرنگە کەسەکان کە لەهەر شوێنێك کاربکەن لە شێوازی قسەکردن و سەلیقەی گفتوگۆ شارەزابن بەتایبەت لەئاڕاستەکردنی پرسیارەکان، بۆنموونە لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی ئەگەر بێژەری کەناڵەکە جیاوازی لە شێوازی قسەکردن نەکات کاتی بەرپرسێکی باڵا، یان مێوانێکی گرنگ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، یان تاوانبارێك یاخود تیرۆرستێك دەدوێنێ ، واتە کاتی قسە ئاڕاستەی بەرپرسەکە دەکات دەبێ وشەی(بەڕێزتان) ، (جەنابتان) بەکاربهێنێ و جێناوی کەسی دووەمی تاك بەکارنەهێنێ تەنیا لەشێوە کۆیەکەی نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم خاڵانەی ڕەچاونەکرد ئەوە بەخاڵێکی لاواز و کەم ئەزموونی و ناشارەزایی لە شێوازەکانی گفتوگۆ بۆی دادەنرێت و دەبێتە مایەی سەرنجی بینەران .

ئەوەی جێگای سەرنج بێت، کە لە پەیوەندیە فەرمیەکان لەدەستپێکی ئاخاوتندا و وشە و دەستەواژەکانی وەك (بێ زەحمەت، روخسەت هەیە، ببورە.....) بەزۆری بەکاردێن واتە (ئەگەر لەڕووی ستراتیژەکانی ڕێزداری باسی شێوازی فەرمی بکەین لە گفتوگۆیەکاندا ئەوە دەتوانین بڵێن، کە ڕێزداری نەرێنی بەکاردێت و لە پەیوەندیە نافەرمیەکاندا شێوازی ڕێزداری ئەرێنی زاڵترە( Hurmiz, 2009:114).

ڕاسته ڕێزداری له فەرمی بووندا به هۆی کاریگەری شوێن، یاخود نەناسیاوی کەسەکان وەك پێویستێك بەکاردەهێنرێت ، بەڵام ئەمه ئەوە ناگەیێنێ، که لەپەیوەندیه نافەرمیەکاندا بێڕێزی هەبێت، بەڵکو ڕێزداری بەهۆی دڵسۆزی کەسەکان و بەمەبەستی پاراستنی کەسایەتی و دوورکەوتنەوە له دڵڕەنجاندن دێته ئاراوە، بەڵام بەڕاده و شێوازی جیاوازەوە، ئەمەش لەناو ئەو پەیوەندیانه بەدەردەکەوێت، کەپلەی خزمایەتی نزیك کۆیان دەکاتەوە ، وەك ڕێزنواندنی منداڵ بەرامبەر بەدایك و باوکی، هەروەها لەپەیوەندیەکانی تری کۆمەڵایەتی وەك هاوڕێتی ڕێزداری که بەشێوەیەکی جیاوازتر دەردەکەوێت، واته ئەو قسەو دەربڕینانەی هاوڕێییەکان لەیەکتری قبوڵی دەکەن، لەوانەیه لەکەسانی دیکه قبوڵی نەکەن. لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێگەیشتن و نزیکیەی نێوانیان ڕێگه بەشێوازی جیاواز دەدرێ له گفتوگۆیەکاندا به ناوی گاڵته و خۆشی دەربڕین و ناچێته خانەی بێڕێزیەوە .

## ٢-٢-٢- ڕاگرتنی لایەنی دەروونی :

ئاشکرایه که زمان و لایەنی دەروونی مرۆڤ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیه (زمان ئاوێنەی هەست و سۆز و هەڵچوونه دەروونیەکانی مرۆڤ بووە، هەرگۆڕانێك لەلایەنی دەروونی ڕوویدات ئەوە لەزمان ڕەنگدەداتەوە)(فرهاد عزیز ،٢٠١٣: ١٠). به پێچەوانەشەوە زمان دەتوانێ لایەنی دەروونی مرۆڤ له باشەوە بۆ خراپ و له خراپ بۆ باش بگۆڕێت، واته هەردووکیان دەتوانن کار لەیەکتری بکەن ، ئەمەش بەڕوونی لەو کاریگەریه دەردەکەوێت، که لەئەنجامی بەکارهێنانی هەندێ وشه و دەستەواژە دروست دەبێت، که دەبنه هۆی ئاسودەیی و دڵنیایی، یان دڵڕەنجاندن و لێکدوورکەوتنەوەی نێوان کەسەکان . هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و لایەنی دەروونیدا هەیه، زۆرجار مرۆڤ لەقسەکردنیدا پەنا دەباتەبەر زیادەڕۆیی، یان دووبارەکردنەوە ، هەوڵدەدات لەو وشه و دەربڕینانه خۆی بپارێزێت، که ڕامانی خراپ هەڵدەگرن و لەلایەنی دەروونیەوە بەپەسەند دانانرێت، واته ئەو وشانەی توانای هەست بریندارکردنیان هەبێت .(ئاخێوەر پێویسته ئەو وشانه گوڵبژێر بکات، که کاریگەریان لەسەر گوێگر دەبێت و بەهۆیەوە دەتوانێت بچێته ناو هەست و نەستیەوە، دواجار ئەمەش دەبێته هۆی بەدەستهێنانی متمانەی بەرامبەر هەموو تاکێك عەمباری وشەی تایبەت بەخۆی هەیه، که لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوەی یەکدەگرێتەوە و دەبنه هەوێنی ڕەنگدانەوەی ناخی لەژیانی ڕۆژانەیدا .ئاخێوەر دەبێ بەدوای وشەی گونجاو بگەڕێت بۆ گوزارشتکردن لەو بیرۆکەیەی، که دەیەوێت بۆ گوێگر بیگوازێتەوە، بۆنموونه لەکاتی بانگ کردندا پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەی ( بەڕێز، هێی، کوڕۆ) ببرێت، که هەریەکیان کاریگەری خۆی هەیه لەسەر بەرامبەر ، چونکه وشەی یەکەم ئاماژەیه بۆ ڕێزگرتن و دەربڕینی دووەم وشەیەکی بازارییه و

ئاماژەیەکی حاشاهەلنەگرە لەسەر ئاست و لاوازی . بێگومان بەکارهێنانی ئەم دوو وشەیە هەریەکە کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر لایەنی بەرامبەر و هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرا پیشاندەدەن و لەهەمان کاتیشدا بەکارهێنانیان بێ مەبەست نییە) (دەرون عبدالرحمان، ٢٠١٤: ١٩٩).

بۆگەیشتن بەپەیوەندییەکی بەڕێزانە پێویستە لایەنی دەروونی کەسەکان بەهەند بزانرێت و فەرامۆش نەکرێت، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی تایبەت ، یان میکانیزمێکی دیاریکراو وەك دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هەندێ وشەی قەدەغەکراو، یان گۆڕینەوەی دەربڕینێك بەیەکی تر بەهۆی ئەوکاریگەریەی، کە واتاکانیان لەسەر لایەنی دەروونی ئاخێوەران دروستی دەکەن . (لەهەر زمانێك هەندێ وشە هەن، کە ئاخێوەرانی ئەو زمانە هەستیاریان بەرامبەر هەیە، چونکە بەجۆرێك لە جۆرەکان بە هەندێ واتای ناپەسەندەوە بەندن، کە ناکرێ بەئاشکرایی ناویان بهێنرێن، بۆیە لەجیاتی ئەوان وشە، یان دەربڕینی تر بۆ ڕوونکردنەوەیان بەکاردەهێنرێن و ئەم جۆرە وشانە بە(تابۆ)[٢] دادەنرێن) (احمد مختار، ١٩٨٢: ٢٦٥) بۆ ئەم مەبەستەش وا پێویست دەکات، کە باس لە ڕێزنواندن بکەین لەڕێگەی بەکارهێنانی (یۆفیمیزم )[٣] ەوە .

## ڕێزداری و یۆفیمیزم:

یۆفیمیزم پرۆسەیەکە، کە تیایدا ئاخێوەر بەئەنقەست ناوێکی تر بۆ شتەکان دەدۆزێتەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەوکاریگەرییە نەرێنییەی، کە لەناوەکاندا هەیە، تا وای لێدێت ناوە تازەکە شوێنی ناوی یەکەم دەگرێتەوە ، ئەم کارەش چ لەڕێگەی تاك کەسەوە بێت، یان ڕێکەوتنی کۆمەڵ (ستیفن اولمان، ١٩٨٦: ١٩٦) .

بەشی هەرە زۆری بۆ مەبەستی ڕێزنواندن بەکاردێت ، کەتیایدا (ئەو کەرەسە زمانیانەی کەهەڵگری ڕێز وحورمەتن بۆ کەمکردنەوەی کاردانەوەی بەرامبەر لەشوێنی کەرەسەی تابۆ بەکاردەهێنرێت (سەرچاوەی پێشوو: ٢٥).

---

٢- تابۆ : زاراوەیەکە بۆ هەموو ئەو شتانە دێت، کە پیرۆزن، یان ناپەسەندن و بەکارهێنان و یان خۆنزیك کردنەوە لێیان بەناپەسەند دادەنرێت، ئینجا ئەو شتانە چ مرۆڤ ، وشە یان شتێکی تر بێت.(هەمان سەرچاوە ١٩٣)

٣- یۆفیمیزم: لەوشەی (euphemismos) ی گریکی هاتووە، لەدوو بەش پێکدێت (eu) بەواتای باش و جوان (pheme) بەواتای قسە دێت ، هەردووکیان بەیەکەوە بەواتای (قسەی باش و جوان) دێت .(نژیار ئیدریس ٢٠١٢: ٢٥). لەهەندێ سەرچاوەی کوردی وشەی (جوانبێژی) بەرامبەر بە یۆفیمیزم بەکارهاتووە.

لەناو هەموو زمانێکدا وشەی تابۆ بەدیدەکرێت، کە بەکارهێنانیان دەبێتە مایەی بێ ڕێزی و قەدەغەکردنیان لەوانەیە لەبەر چەندین هۆکاربێت وەك:

- ئاینی (بەهۆی پیرۆزیان)
- کۆمەڵایەتی (بەهۆی شەرم و تەریق بوون)
- دەروونی (بەهۆی ترس و بێڕێزیان).

جگە لەم هۆکارانە چەندین هۆکاری تر هەن وەك هۆکاری سیاسی و کەلتووری و .....و هەندێ جاریش لەئەنجامی تێکەڵبوونی زیاتر لەهۆکارێك دێتەئاراوە .وەك دەزانرێ،مرۆڤ بەسروشتی خۆی هەوڵدەدات لەباسکردنی بابەتی ئاینی و روحانیدا ناوەکان بەڕاشکاوی نەهێنێ، بەهۆی باوەڕبوونیان بەکاریگەری واتای ئەم جۆرە وشانە لەسەر دڵ و دەروونی کەسەکان وشەیەکی دیکە بەکاردەهێنێ ، لەڕێگەی هاوواتایی یان وەرگرتنی وشەی بیانی بێت (لمی فائق،٢٠١٢ : ٢٩٣).وەك ناوی (جنۆکە) کە لەشێوەزاری بادینی دەستەواژەی (لمەپتر، ژمەچێتر) بەکاردێت .

یاخود هەندێجار بەهۆی شەرم و پابەندبوون بەداب و نەریتەوە زۆر وشە هەن وەك، جنێو، یان ئەو ناوانەی تایبەت بەلایەنی سیکسی، یان ناوی هەندێ لە ئەندامانی لەشی مرۆڤ بەئاشکرای ناویان ناهێنرێت، وشەیەکی گشتی تر لەجیاتیان بەکاردێت.

ئەو هۆکارانە بەلایەنی دەروونی مرۆڤەوە بەندن دەکرێ لەچەند ڕوویێکی دیکەوە باسی لێوەبکرێ وەك ترس و دڵەڕاوکێ کەسەکان بەرامبەر بە هەندێ شت، بۆ نموونە ( هەستکردن بەڕەشبینی لەناوهێنانی هەندێ لەو نەخۆشییە ترسناکانەی، کە تووشبوان بەرەو مەرگ دەبات وەك ناوی شێرپەنجە)(فرهادعزیز، ٢٠١٣: ١٠)،بۆیە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ناوی دەهێنرێت ولەجیاتی بڵێن کەسێك تووشی شێرپەنجە بووە دەوترێ (ئەو نساخیا لێ دەرکەفتی) ، هەروەها بۆ مردنیش چەندین دەربڕینی جیا بەکاردێت بەمەبەستی ڕاگرتنی هەستی کەسەکان وەك (چووبەر دلۆڤانیا خودێ ، وەغەرا دۆماهێ کر ، خودێ ئەمانەتا خو وەرگرت،.....)،ئاخێوەر بۆکەمکردنەوەی کاریگەری وشەی مردن دەربڕینی تر بەکاردەهێنێ، هەرچەندە درێژتریشن، بەڵام ڕێز وحورمەتی تیایدا بەدیدەکرێ. (ئەم گۆڕانەی لەناونانی شتەکاندا دەکرێت پەیوەندی بەباری دەروونی و بیروباوەرەوە هەیە، چونکە مرۆڤ هەر لەکۆنەوە سڵییان لەناوبردنی ڕاستەقینەی هەندێ ڕووداو و نەخۆشی کردۆتەوە، جا بۆ ڕێزگرتن بێت، یان بۆ دوورکەوتنەوە لە رق و کینە وتۆڵە بێت) (عبدالواحدمشیر، ٢٠١١: ١٠٠). جگە لەناوی مردن و نەخۆشیەکان هەندێ نازناو هەن، کە بەشێوەیەکی گشتی زۆرکەم بەکاردێت ، ئەگەر بەکاریش بێت ئەوەلە نەزانین ، یان بەئەنقەست بۆ دڵڕەنجاندن دەبێت وەك ئەو نازناوانەی، کە ئاماژە بەکەم

ئەندامی کەسەکان دەکەن (کوێر، شەل، سەقەت،... ) بەمەش (ڕۆڵی باری دەروونی لەبەردەوامبوونی پەیوەندیەکان بەشێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێت، ئەم بارەش پێیدەوترێت واتای دەروونی و لەسەر بنچینەی هەست و سۆز بنیاددەنرێت . ڕێزگرتنی زمانی هەڵوێستێکی گشتگیرە بۆ بەخشینی ڕێز وگەورەییە بەهەموو تاکەکان، لەکاتی پەیوەندیکردندا کورد دەڵێت:" ڕێز لەخەڵکی گرتن ڕێز لەخۆگرتنە"(ئارام عبدوالواحد، ٢٠١٣: ٢٧٧ ). جگە لە بەکارهێنانی وشەی جوان و بەڕێز لەکاتی قسەکردندا هەروەها دەربڕینی سوپاس و پێزانین لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبێتە مایەی ئارامی و دڵخۆشی واتایەکی ئەرێنی بەدەروونی کەسەکان دەبەخشێ، بۆ ڕێزگرتن لەکارەکان و بەرز ڕاگرتنی ماندووبوونیان وەك (خودێ مالاوە ئاڤاکەت، سپاس وە ئەزیەت کێشا، دەستێت تە خۆش بن، ........) واتە بەکارهێنانی شێوازێکی بەڕێزانە و پڕ لە نەرمونیانی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دروستبوونی ئارامی دەروونی لای بەرامبەر .

# بەشی سێیەم

# بەشی سێیەم

## ٣-١- ڕێزداری و بەکارهێنانی جیاواز :-

دەربڕینە زمانیەکان تەنیا واتای سیمانتیکی پێکهاتەکانی ناگوازنەوە، بەڵکو بەگوێرەی ئەو (دەوروبەر- سیاق)ەی تیایدا بەکاردێت چەند ئەرکی تر جێبەجێدەکەن و واتای جیاواز دەگەێنن . کەواتە (دەتوانرێ هەمان دەربڕینی زمانی بۆ چەند مەبەستی جیاواز لە شوێنی جیاوازدا بەکاربێنین) (سعید حسین، ٢٠١٤: ١٧٢) ، چونکە هەر کاتێ (وشە و یان رستە بە دەوروبەر ببەسترێتەوە ئەوە وشەکان واتای فەرهەنگیان گۆڕانی بەسەر دێت و بەپێی ئەو دەوروبەری تیایدا هاتووە واتای نوێ دەدەن ) (عبدالواحد مشیر، ٢٠١١ : ٨٦) .

باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتنی هەر دەربڕینێك گرینگی دانە بە چۆنیەتی بەکارهێنانێتی بۆ روونکردنەوەی ئەو واتا شاراوانەی، کە لە ئەنجامی تێگەیشتنی خەڵکی لە یەکتری و لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە پرۆسەی پەیوەندیکردن تیایدا ئەنجامدراوە ، واتە لێکدانەوەی گوتنەکان بەشێوەیەکی پراکماتیکی .

(لێفینسن) لە پەرتوکێکی بەناوی (پراکماتیکس) هەوڵی داوە چەند پێناسەیەکی گونجاو بۆ چەمکی پراکماتیك بکات بەم جۆرەی خوارەوە :-

١- پراکماتیك لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر دەکۆڵێتەوە .

٢- پراکماتیك لە دیاردە هەمە جۆرەکانی زمان دەکۆڵێتەوە بۆ شیکردنەوەی واتای حەشاردراوی گوتنەکان .

٣-پراکماتیك لە زمان دەکۆڵێتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکی دیاریکراو لەلایەك و فەرامۆش نەکردنی واتای سیمانتیکی و بەستنی بە بارودۆخی هاتنی گوتنەکان لەلایەکی تر. (ادریس مقبول، ٢٠٠٨ : ٢٦٥).بۆ گەیشتن بە واتای دروست پێویستە هەر دوو لایەنی زمان گرینگی پێبدرێت:-

١- **لایەنی هەستپێکراو**:- ئەمەش لایەنی گۆکردن دەگرێتەوە ، کە بەهۆی درکاندن دەبیسترێ و بەنووسین دەخوێنرێتەوە .

٢- **لایەنی واتا** :- کە بەهۆی دەوروبەرەوە لێتێدەگەین .

بەم جۆرە واتا ئەوەیە، کە لە دەوروبەردا روون دەبێتەوە ، ئەگەرچی وشەکان واتایان هەیە، بەڵام واتاکان لە ئەنجامی کارکردنیان وەك بەشێکی رستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراو پاراوتر دەبێت (طالب حسین ١٩٩٨ :٢٦-٢٧). چونکە (بەهای راستەقینەی واتای وشە و رستەکانی زمان لەناو دەستی بەکارهێنەرانێتی ).(عبدالهادی الشهری، ٢٠٠٤ :٢٣). کەواتە واتای گوتنەکان لە نێوان بەشداربووان دروست دەبێت، بەتایبەت ئەگەر (ئاخێوەر و گوێگر) لەهەمان کەلتووربن ، ئەوکات روونی واتاکان ئاسانتر دەبێت .(یەك کەلتووری یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە یارمەتی بەشداربووان دەدەن لە گفتوگۆیەکدا ، و تێگەیشتن لە نێوانیان ئاسانتر دەکات . لە یەکتر گەیشتن پێویستی بە شیکردنەوەی ئەو واتایانە هەیە، کە لە ڕێگەی زانینی باگڕاوەندە جیاوازەکان و لەبەرچاوگرتنیان روون دەبن ). (لاکۆف و جونسن، ١٩٩٦ :٢١٦).

هەر بەهۆی ئەو گرینگیەی دەوروبەر لە شیکردنەوەی بابەتی زمانیدا هەیێتی ، (تیۆری دەوروبەر) هاتەکایەوە . (ئەو تیۆرەی لەلایەن (جی.ار.فیرس-G-R-firth) رابەری قوتابخانەی لەندن دانراوە . ئەم قوتابخانە زمانەوانییە جەخت لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان دەکات ، و زمان بەو ئامرازە دادەنێ کە لەناو کۆمەڵدا تاکەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئامانج و ویستە هەمەچەشنەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن . هەر بۆیە (فێرس) بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە بۆ روونکردنەوەی واتاکان ، پێویستە بۆ ئەو دەوروبەرە تایبەتە بگەڕێنەوە کە یەکە زمانیەکەی تیایدا هاتووە)(تالیب حوسین ،٢٠١٤ :٨٠). بەڕای (فیرس) هەر دەوروبەرێکی زمانی پشت بە مانەی خوارەوە دەبەستێت:-

١- کەسایەتی ئاخێوەر و گوێگر .

٢- فاکتەر ودیاردە کۆمەڵایەتیەکان یان ئەو بارودۆخەی قسەکەی تیایدا دەگوترێت (پێگەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەر ، شوێنی قسەکردن ...).

٣- شێوازی ئاخاوتنەکە ، ئایا بۆ چ مەبەستێکە ، واتە پێویستە ئامانجی ئاخاوتنەکان دیاربکرێن (باوەڕپێکردن ، درۆکردن ، گاڵتەو پێکەنین ، توانج ، سەرنج راکێشان ...) .(بەهار زایر، ٢٠٠٩ :٦٦).

لە ژیانی رۆژانەماندا زۆر لە وشە و رستە دەبیستین کە لە واتای رووکەشییاندا رێز دەنوێنن ، بەڵام ئاخێوەرانی زمان بۆ مەبەستێکی تر بەکاریدەهێنن . تەنیا بە گەرانەوە بۆ ئەو چوارچێوە یاخود ئەو دەوروبەرەی تیایدا بەکار هاتوون مەبەستەکان روونەدەبنەوە . رێزداری وەك بابەتێکی زمانی و کۆمەڵایەتی ، قسەکەران دەتوانن سنوری مەبەست لە بەکارهێنانی فراوانتر بکەن . واتە هەر ئەو فۆرم و شێوازە زمانیانەی بۆ دەرخستنی رێز و حورمەت و پاراستنی روخساری خود و بەرامبەر ، بۆ

گەیاندنی مەبەست و پەیامێکی تر ،کە هەندێ جار بە پێچەوانەی رێزگرتنە بەکاردەهێنن . بەمەش وا دەکات کە چەند رەهەندێکی دوورتر بە بابەتی رێزداری ببەخشێت لەوانەش :-

### ٣-١-١-توانج لێدان:-

زۆر جار مرۆڤ لە مامەڵەکردنی رۆژانەیدا رووبەرووی شتێك دەبێت، کە بەپێچەوانەی حەز و ویستەکانی بێت، لەبەر چەند هۆکارێك وەك شوێن ، پێگەی کۆمەلأیەتی ، یان شێوەی پەیوەندیەکان بواری ئەوەی پێنادات هەڵوێستێکی توند و نارەزایی بە ئاشکرا دەربڕێ ، هەر بۆیە پەنا دەباتە بەر شێوازێکی دیکەی پێچەوانە و بەدەربڕینە زمانیە رێز هەڵگرەکان وەلأمدەداتەوە و کاردانەوە دەردەخات ، هەندێ جار زیادە ڕوویشی تیایدا دەکات ، بەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئاخێوەر مەبەستی رێز نییە بە واتا ناسراوەکەی ،بەڵکو مەبەستی توانج و رەخنە گرتنە . (لەبەر ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە واتای پەیامەکان بەو رێو شوێنەی کە قسەکەی تیایدا وتراوە دەبەستنەوە ، چونکە کەشی قسەکردنەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کار لە واتای گوتنەکان دەکات ) . (سەرچاوەی پێشوو :٦٧)

بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەم رستانە بدەین :-

- **بخێر هاتی ئەزبەنی** .
- **سپاس بۆ هاتنا هەوە** .
- **سەر سەرو سەرچاڤا هاتی بەرێز** .

ئەم سێ رستەیە لە بەرکارهێنانی ئاسایی خۆیاندا ،نموونەن بۆ شێوازێکی بەرێزانەی بەخێرهاتن، بەلأم ئەگەر بەرێوەبەرێك یاخود خاوەن کارێك بەم جۆرە رستانە بەخێرهاتنی فەرمانبەرێك بکات، کە لە دەوامی خۆی دوا کەوتبێ ، ئەوە بێ گومان بە مەبەستی رێزگرتن نەگوتراوە . بەڵکو بۆ مەبەستی توانج لێدان و رەخنەیە . بەلأم ئەگەر چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەم رستانە بگۆڕین ، واتە بۆ بەخێرهاتنی میوانێکی تایبەت بێت ، ئەوە ئەو کات ئاماژەیەکی حاشا هەڵنەگر دەبێت بۆ رێزنواندن .

نەك تەنیا لە شوێنە فەرمیەکاندا بگەر لە پەیوەندییە نافەرمیەکانیش بۆ نموونە لە ماڵەوە ر لە گفتوگۆیەکی نێوان دایك و منداڵەکانی، ئەگەر دایکەکە وشەی (خان ، خاتین ، کاك ، ئاغا)ی بۆ ناوهێنانی مناڵەکانی بەکارهێنا ، ئەوە بزانە کە لە شتێك نارازیە . وەك لەم رستانە :-

- شیرین خان ، خلاس نەبوو ؟
- خاتین دەستێ خوە سڤك كە ، بێ زەحمەت .

لەم جۆرە پرسینەدا دیار دەبێت كە (شیرین) لە ئەنجامدانی كارێك دواكەوتووە و دایكەكە نارازیە، بەڵام هەر هەمان شێواز دەكرێ ئاراستەی كەسێك بكرێت و بەرێزەوە داوای پەلەكردنی لێبكرێت بۆ ئەنجامدانی كارێك .

یاخود لە رستەیەكی وەك ئەمەی خوارەوە :-

- ل مە ببورە ، ئەڤ شیڤە نەهەژی جەنابێ تەیە .

ئەم داوای لێبوردنە بەڕێزانە ئەگەر ئافرەتێك ئاراستەی هاوسەرەكەی بكات، كە چێشتەكەی بەدڵ نەبێت، ئەوە واتایەكی پێچەوانە دەدات و كاردانەوەی خراپ لای بەرامبەر دروست دەكات .

## ٣-١-٢-گاڵتە پێكردن :-

بێ گومان مرۆڤەكان شایانی رێزگرتنن، بەڵام هەندێ كەس چ بە مەبەستی سوكایەتی پێكردن یان بۆ دەربڕینی خۆشی، رێزگرتنێكی زۆر بەرامبەر بە كەسێك دەنوێنن، كە لەڕووی ژێرییەوە تەواو نەبێت . وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە:

- كەرمكە ئەز خولام ، سەرێ كۆچكێ یاتەیە .
- سەیدا ، مەدڤیا شیرەتەكێ ل جەنابێ تەوەرگرین .

بەكارهێنانی شێوازێكی لەم جۆرە، لەم حاڵەتەتایبەتانەدا بۆ گاڵتە پێكردنە نەك رێزداری بە واتا راستەقینەكەی ،یاخود لە رستەیەكی تری وەك ئەمە :-

- یا شێخ ، ئەزیەت نەبیت دوعایەكی بۆ هەڤالی مە بكە .

ئەم داواكردنەو بەكارهێنانی نازناوی ئاینی بۆ كەسێك كە لای هەمووان ئاشكرا بێت، كە كەسێكە لە رووی ئاینەوە پابەند نییە ئەوە تەنیا بۆ سوحبەتكردن دەبێت . هەروەها لە نێو هاوڕێیاندا جاری وا هەیە رێز دەربڕین ڕامانی پێچەوانە دەدات وەك ئەم نموونەیە:-

- حاشای تە برا، چ پێنەڤێت راستی رێیازاتەیە .

ئەم وەسفە پڕ حورمەتە، ئەگەر یەکێك ئاراستەی هاوڕێیەکی بکات کە زۆر بە باشی بیناسێت و زۆر باوەر بە قسەکانی نەکات . ئەم جۆرە دەربڕینانە بە سەرنج دان بە ئاماژە تا گوتەییەکان وەك زەردەخەنە و یان چاوتروکاندن و بەرزکردنی تۆنی دەنگ زیاتر روون دەبنەوە . لە هەندێ حاڵەتدا وەك ئەم نموونەی دوایی دەکرێ بڵێین هەردوو مەرام ،توانج و گاڵتەپێکردن تێکەڵ بە یەك دەبن .

### ٣-١-٣- خۆپاراستن:-

لێرەدا رێزگرتن دەبێتە قەلغانێك بۆ پاراستنی کەسایەتی. ( رێژەیەك لە کارەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای ترس ئەنجام دەدرێن ، هەر بۆیە هەندێ رەفتار و گوتن هەن کە چۆن لە ئەنجامی ترس ناوترێن هەرواش هەندێکی تر هەن بەهۆی ترسەوەوە دەردەبڕێن . ترس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ ، بەلاّم بە گشتی لە هەموو تاکێکدا بوونی هەیە ) . (شیلان عوسمان، ٢٠٠٨ :٣٠) .

رێزداری بە مەبەستی پاراستنی کەسایەتی لەوانەیە لە میانی چەند حاڵەتێك رووبدات . یان ئەوەتا ئاخێوەر و گوێگر پەیوەندیەکی زۆر نزیك لەناویان هەبێت وەك هاوڕێتی ، هەموو جۆرە قسە و گاڵتەیەك لە یەکتر قبوڵ بکەن ، بەلاّم بە ئامادەبوونی کەسانی تر لە ڕێگەی رێزنواندنەوە بیەوێ پەیامێك بە هاوڕێکەی بگەیەنێ، کە ئەوان بەتەنیانین ، و خۆی لە (احراج – شکانەوە) بپارێزی . بۆ نموونە :

- گۆڤەند برا داخازا لێبۆرینی لتە دکەم ، پاشی دێ تەبینم . (رێزی تیایدایە)
- جارێ من مەجال نینە ، پاشی . (رێزی تیایدانییە)

ئەم دوو رستەیە هەمان مەبەست دەگەیەنن ئەویش نەبوونی کاتە بەلاّم بە شێوازی جیاواز . ئەگەر دوو هاوڕێ بەکارهێنانی شێوازی رستەی دووەم لە نێوانیان ئاسایی بێت، بەلاّم جارێکیان شێوازی رستەی یەکەمی بەکارهێنا واتە بەرێزەوە داوای لێبوردنی لێبکات ئەمە بۆ ئەوەیە بەرامبەرەکەی لێیتێبگات ، کە دەبێ ئەویش رێز پەیڕەو بکات . لەبەر هەبوونی کەسێکی تر .

یاخود لە حاڵەتێکی تر کە زیاتر باوە ، لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەسێکی خاوەن پێگەی ئابووری، سیاسی، یان کۆمەلاّیەتی، کە هێزی پێدەبەخشێ ئاخێوەر بە بەرێزترین شێواز گفتوگۆ دەکات. بۆ خۆپاراستن لە بچووکترین هەڵەی زمانی، کە لەوانەیە ببێتە مایەی هەرەشە بۆی. واتە بەکارهێنانی رێزداری بۆ پاراستنی روخساری خودە پێش هی بەرامبەر. بۆ نموونە هەندێ جارئاخێوەر چەند پێشەکیەك دەدات پێش ئەوە بچێتە نێو بابەتێك . وەك :–

- ئەز بەنی دێ وە دەرفەت هەبێت ، تنی پرسیارەکێ بکەم .
- سەیدا ببورە روخسەت هەیە، چەند خولەکەکێ ل دەمێ وە بگرم .

دەتوانین بڵێین ئەمەیان بەکارهێنانی ستراتیژی چوارەمی ڕێزداری نەرێنیە کە بۆ کەمکردنەوەی رادەی سەپاندن بەکاردێت .

## ٣-١-٤- مەرایی :-

(ڕێزگرتن جگە لەوەی کە بە ترۆبکی بەها کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت ، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی پێویستی کەسەکان دەمامکێکی باشە )(watts, 2003 :33). لە نێو کۆمەڵگەدا هەندێ کەس هەن بۆ گەیشتن بە مەرامی خۆیان ، وەك ڕێخۆشکەرێك بۆ جێبەجێکردنی داخواز و ویستەکانیان ڕێزێکی زۆر لەو کەسانە دەگرن، کە کاریان پێدەکرێت ، مەبەستمان ئەوانەیە کە ڕێزگرتن رفتاری هەمیشەییان نییە ، تەنیا بەرامبەر هەندێ کەس بۆ مەرامیی بەکاریدەهێنن ئەو ڕێزدارییەی، کە (لە ڕێگەی هەندێ رستە بۆنموونە :

١- بەرزکردنەوەی بەرامبەر و نزمکردنەوەی خود .

٢- نزمکردنەوەی شت بەرامبەر بەکەسەکان .

ئەنجام دەدرێت) (عبدالواحد مشير، ٢٠٠٧ : ٢٦٢) . ئەم جۆرە شێوازانە دەکرێ یارمەتی کەسەکان بدات بۆ گەیشتن بە رازیکردنی بەرامبەر و قبولکردنی داواکاریان ، یان بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی . بۆ نموونە :-

-ئەز خولام ، پێلاڤێت تە سەرسەری مەل وێرێ هەتا ڤێرێ . (ڕێگەی یەکەم)
-مال و مەزلێت مە نە هەژی جەنابێ تەنە . (ڕێگەی دووەم)

## ٣-١-٥- سنوردانان :-

ئەم مەبەستە زیاتر لەو ڕێزلێنانە دیاردەبێت کە پەیوەندی نێوان کەسانی لە دوو رەگەزی جیاواز بەکاردێت.واتە، کاتێك ئافرەتێك بیەوێ پەیامێك بە بەرامبەرەکەی (پیاو) بگەیەنێ ، کە پەیوەندییەکان لە سنوری ناسیاوی تێپەر نابێت ، و بواری پەیوەندییەکی تر لە نێوانیان نییە . هەروەها پیاوانیش زۆرجار ئەم شێوازە بەکاردێنن . بۆ نموونە:-

- **برایەکێ هێژای .**
- **خوشکەکا ئەزیزی . رێزەکا تایبەت تەیا هەی .**
- **فەرقاتە و برایەکێ من نینە .**

لەم پەیوەندییەدا کەسەکان رێز لە بەرامبەریان دەگرن و بە کەسێکی نزیکی ئەندامانی خێزانیان دایدەنێن . جگە لەمەش هەندێ کەس ئەگەر نەیانەوێ کەسێکی تر تێکەڵی بابەتێکی تایبەتیان بێت ، بە بەکارهێنانی ستراتیژی ناراستەوخۆی رێزداری دەتوانن سنور بۆ بەشداریکردنی دابنێن . وەك ئەم نموونەی خوارەوە :-

- **سپاس برا، مە نەڤێت تە مژیل کەین .**

## ٣-٢- تەوەری دووەم: رێزداری لە ئاستەکانی زماندا :-

### ٣-٢-١-ئاستی دەنگسازی :-

أ- **گۆڕینی فۆنیم**:- هەبوونی لێکچوونێك لە نێوان هەندێ وشە و پاشگری وشەیەکی تر ، ئەمە بەدیاردەیەکی ئاسایی دادەنرێت ، بەڵام ئەگەروشەکە رامانێکی تا بۆ و یان ناپەسەندی هەبێت . لەگەڵ درکاندنی ئەو پاشگرانە . ئەوە ناپەسەندی و یاخود نەگونجاوی و لاوازی بە وشەکە دەدات . بۆیە بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ناوهێنانیان ئەوە فۆنیمێك لە فۆنیمەکانی دەگۆڕدرێت . تاوەکو شێوەیەکی گونجاوتری پێببەخشێت و لەکاتی درکاندنی بیری گوێگر بۆ وشە هاوشێوەکەی نەچێت. وەك :-

گۆڕینی (ە) بۆ (ا) لە پاشگری (کەر) وەك :-

**خەباتکەر ← خەباتکار**

یاخود گۆڕینی (ا) بۆ (ە)لە پاشگری (گا) وەك :-

**کۆمەڵگا ← کۆمەڵگە**

## ب- هێز ، ئاوازە:-

هێز وئاوازە لە دەنگسازیدا بە (کەرەستەی ناکەرتی)[٤] ناودەبرێن، ئەو کەرەستانەی لە هەر زمانێکدا سیمای جیاواز بە سەر قسەکان دەسەپێنن، بەڵام لە هیچ قسەیەکدا نابنە توخمێك لە ڕۆنانی ئەو ئاخاوتنانە، یان کەرتێك لە پێکهاتی ئەو وشانە، واتە ئەو فۆنیمە لاوەکییانە بەشداری لە ڕۆنانی وشە ناکەن . هەموو وشەکە دواتر سەرتاپای ئاخاوتنەکە دادەپۆشن ولە ڕووی ئەرکەوە ڕۆڵی جیاواز دەبینن (عەبدولوەهاب خالید،٢٠٠٧ :٧ ).هێز، زیادە وزەیێکی دەنگییە، کە لە پڕ لە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدات . ئاواز، لە گۆڕینی لەرینەوەی ژییەکان دێتە ئاراوە، هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستەکە دەبەخشێ(وریا عمر امین، ١٩٩٤ :١٣-١٥)

هێز ، ئاوازە و خێرایی قسەکردن هۆکارێکن بۆ هەڵگری واتای کاریگەر .بۆ نموونە ئەگەر هێز بە مەبەست لەسەر هەر وشەیەك بێت ئەوە بۆ ئەوەیە کە گوێگر واتایەك لەئاخێوەر وەربگرێت . (عبدالواحد مشیر،، ٢٠١١: ١١٣) . بۆ نموونە لە رستەیەکی وەك ئەمە :-

- کەرمکە سەیدا ، پێشکەڤە .

ئەگەر ئەم ڕستەیە بەشێوەیەك دەربڕێت ، هێز بکەوێتە سەر کاری دووەمی رستەکە (پێشکەڤە). واتە ئاوازی گوتنەکە لە نزم بۆ بەرز بێت . ئەوە ئەم رستەیە بە واتای ڕێزگرتن نایێت ، بەڵکو دەبێتە جۆرێك لە فەرماندان، کە لەکاتی نارازیبوون دەردەکەوێت ، واتە نابێتە ئەو واتایە کە بۆ ڕێزگرتنی کەسێك دێت و داوای لێدەکرێت پێشبکەوێت لە چوونە ژوور بۆ شوێنێك .

( ئەگەر هێز خرایە سەر کەرەستەکانی گوتن ، یان خرایە سەر کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی بۆ دەرخستنی ئەو کەرەستە لە نێو کەرەستەکانی دیکەی گوتنەکە، ئەمە دەبێتە هێزێکی دەوروبەری واتایی کە بە ئاواز ناودەبرێتو دیارە بەکاربردنی ئاوازیش لە هەر گوتنێکدا بە مەبەستی واتایەکی دیاریکراو بەرهەمدەهێنرێت، بۆیە زۆر جار ئاخێوەر مەبەستی گوتنەکانی لە ڕووی پراگماتیکەوە لە ئاستی ئاوازدا بەرجەستە دەکات) (تالیب حوسین،٢٣٥:٢٠١٤). ئەم چەند رستەیەی خوارەوە، کە ڕامانی ڕێز لە خۆ دەگرن، بەڵام دەکرێ لە ڕێی ئاوازەوە چەند مەبەستیکی دیکە بگەێنن، واتە بە

---

٤- (( لە دەنگسازیدا کەرەستە دەنگییەکان دوو جۆرن (کەرتی و ناکەرتی) کەرەستە کەرتییەکان (فۆنیمی سەرەکی) ئەو ڕیزە دەنگانەن، کە کەرت دەکرێن و دەبنە فۆنیمەکان.کەرەستەی ناکەرتی (فۆنیمی لاوەکی) ئەو دەنگانەن کە لە ڕەوتی ئاخاوتنی قسەی نەپچراودا دێنە ئاراوە، واتە کاتی زنجیرە دەنگەکان دەکەونە تەك یەك و لە چوارچێوەی ڕستەدا ئەرکێکی دیاریکراو رادەپەرێنن وەك ( هێز، ئاوازە، چیناواز (تۆن)، ترپە، وەستان...هتد)) (عەبدولوەهاب خالید، ٢٠٠٧! ٦)

بەرزی و نزمی پلەی دەنگ و گورینی شوێنی هێز لەکاتی دەربڕینیدا، مەبەستی رستەکان دەگۆڕێ . وەك :-

- **ئەم یل خزمەت دا .**
- **هوین ئەمر دکەن .**
- **هیڤی دارم ل مەبورى.**

ئەگەر بە ئاوازێکی نزم بۆ بەرز دەرببڕێن، واتاکەیان هیچ پەیوەندیەکی بەرێزداریەوە نابێت، بەڵکو لە شوێنی جیاوازدا واتای پێچەوانە دەدان، وەك توانج و یان کەم کردنی بەرامبەر .(( کەواتە هەر ئاوازێکی دەربڕاو پەیوەستە بە ئەرکێکی یان واتایەکی گشتی ، یان بەواتایەکی زمانی دیاریکراو، دیارە ئەمەش بەپێی هەڵوێست و دەوروبەری ئاخاوتنەکە دێتە ئاراوە ))(تالیب حوسین، ٢٠١٤ : ٢٣٢).لە یەکێ لە ستراتیژە لاوەکییەکانی ڕێزداری ئەرێنیدا، کە بریتییە لە (زیادەڕۆی لە گەڵ حەزو ویست وسۆزی گوێگر) باس لە ڕۆڵی هێز وئاوازە دەکرێ لە بەرجەستەکردنی ئەو زیادەڕۆییە لە دەربڕیندا .

## ٣-١-٢- لە ئاستی وشەسازی:-

**أ- گۆڕینی وشە :-** چ بە مەبەستی هەست راگرتنی بەرامبەر بێت ، یان بەهۆی نالەباری وتنی وشەیەك بەپێی شوێن و کاتی قسەکردن . لە گفتوگۆیەکی ئاسایی کە ڕێزگرتن تیایدا رەچاو دەکرێت ، بە مەبەستی یۆفیمیزم وشەیەکی دیکە یان دەستەواژەیەك لە شوێنی ئەم جۆرە وشانە بەکاردێت .وشە بەکارهێنراوەکان چ لە ڕێگای داتاشین بێت لە خودی زمان ، یان وەرگێران ، و یان وەرگرتن لە زمانێکی دی .نەگونجاوی بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە بەهۆی واتاکانیانەوە بۆشاییەك دروست دەکات، ئەم بۆشاییە لە ئاستی وشەسازیدا پڕدەکرێتەوە و دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوواتا.

بۆ دووبارە نەکردنەوەی نموونەکان، ئەوە لە ئاستی واتاسازی خراونەتە ڕوو( بڕوانە لاپەڕە ٧٢-٧٣).

## ب- گۆڕینی جێناوی کەسی دووەمی تاك بە کۆ:-

بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت، یان خاوەن پلە و پایەیەکی بەرز، جێناوی کەسی دووەمی کۆ لەجیاتی جێناوی کەسی دووەمی تاك بەکاردێت ، ئەمەش زیاتر لە پەیوەندییە فەرمییەکان دا دەبینرێ .

گۆڕینی هەردوو جێناوی کەسی سەربەخۆ تو ← هوین (جۆری یەکەم)(٥)

تە← وە – هەوە (جۆری دووەم)

گۆڕینی جێناوی لکاوکەسی دووەمی تاك ی ←ن

بۆ نموونە :-

- تو خودان شیانی ← هوین خودان شیانن .
- بخێر هاتناتە دکەین ← بخێر هاتنا وە دکەین .
- خانیێ تەیێ نو پیرۆزبیت ← خانیێ وە یێ نو پیرۆزبیت .

---

٥- لە شێوەزاری بادینیدا دوو جۆر جێناوی کەسی سەربەخۆ هەن:-

١- جۆری یەکەم/

| تاك | کۆ |
|---|---|
| ئەز | ئەم |
| تو | هوین |
| ئەو | ئەو |

٢- جۆری دووەم/

| | |
|---|---|
| من | مە |
| تە | وە (هەوە) |
| وی (نێر) | وان |
| وێ (مێ) | |

(کامیل حەسەن بصیر و ئەوانی تر، ١٩٨٧: لا٣٤).

بەکارهێنانی ئەم جۆرە شێوازە وەك ئاماژەیەك بۆ ڕێزداری زمانی لە زمانەکانی تریش بەکاردێت وەك زمانی عەرەبی وفارسی، لە زمانێکی وەك ئەڵمانی جگە لە جێناوە سەربەخۆیەکانی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم ، جێناوی (Sie) جێناوێکی تایبەتە وەك جێناوێکی کۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ لە پەیوەندییە فەرمییەکان بەکاردێت و لەپەیوەندییە نافەرمیەکانیشدا بۆ کەسانی نەناسیاو بەکاردێت ، واتە لە نێوان ئەوانەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نزیکیان نەبێت ( Loscher،2000:158 )

## ٣- بەکارهێنانی دەستەواژەی تایبەت لە شوێنی ناوی کەسی :-

لە شێوەزاری بادینیدا بۆ بەرز نرخاندنی بەرامبەر لەکاتی ئاراستەکردنی قسە و گفتوگۆدا دەستەواژەی تایبەت بەکاردێن ، وەك( ئەز بەنی ، ئەز خولام ، ئەز خدام )کە لە دوو بەش پێك دێت :–

جێناوی سەربەخۆیکەسی یەکەمی تاك (ئەز) + وشەی (بەنی)

\+ وشەی (خولام)

\+ وشەی (خدام)

یاخود هەندێ جار لە شوێنی جێناوی کەسی یەکەمی تاك وشەی (برا ، مام ، خاڵ ، خالەت ، مەت ) بەکاردێن . وەك :–( برا خولام ، مامۆ خولام ، خالۆ خولام ، خالەت خدام ، مەتێ خدام)،ئەم جۆرە بەکارهێنانە زیاتر لە پەیوەندییە نافەرمییەکان بەکاردێت .

## ٤– بەکارهێنانی ناسناو لە شوێنی ناوی کەسی، یان لەگەڵ ناوی کەسیدا :-

ناسناوی کۆمەڵایەتی (کاك ، خوشك، مام ، خاڵ ، خاڵەت ، مەت ،خاتین) .

ناسناوی فەرمی (هێژا ، بەڕێز ، ڕێزدار ، جەناب ، ....)،

ناسناوی ئاینی ( حەجی ، حەجیا ، شێخ ...).

ناسناوی پیشەیی (سەیدا ، دکتور ، هۆستا ، حاکم ،...).

یاخود بەکارهێنانی وشەی (خان،ئاغا) لە پاش ناوی کەسەکان وەك :–شیرین خان ، گۆڤەند ئاغا ...

### ٣-١-٣- لە ئاستی رستەسازیدا :-

بۆ شیکردنەوەی دەرکەوتنی ڕێزداری لە سنوری رستەدا ، پێویستە باس لە تیۆری کردە قسەیەکان بکەین، ئەو تیۆرەی لەلایەن (ج.ل.ئۆستن ) دانراوە . بەپێی ئەم تیۆرە زمان کردەیەکە و مۆرگی کۆمەلأیەتی بەخۆوە هەڵدەگریٚ ، بۆ پەیوەندیکردن و کارلێکردن لە بازنە کۆمەلأیەتی فەرمی و تایبەتیەکاندا بەکاردێت ، ئەرکی سەرەکی ڕاپەڕاندنی چەندین کارە . بەم پێیە قسەکردن بە ئەنجامدانی کارێك دادەنریٚ و لە ڕێگەی دۆزینەوەی دەوروبەری بەکارهێنانی چەندین مەبەست و ئەرکی جیاواز دەردەخەن . (امنه لعور، ٢٠١١ : ٥٦).

(ئۆستن) باس لە دوو جۆری کردە قسەییەکان دەکات (ئاشکرا و شاراوە) لە کردە قسەییە شاراوەکاندا ئەو ناراستەوخۆییەی بەکاردێت چەندین هۆکاری بەدواوەیە . (سێریل ، گرایس ، براون و لێفینسن) ئاماژە بە ڕێزنواندن دەکەن وەك هۆکارێك بۆ ناراستەوخۆ بوون. دەربڕینە شاراوەکان لە شێوەی رستەی (هەواڵ گەیاندن ، پرسیار و فەرماندان) خۆیان دەنوێنن . (عبدالواحد مشیر، ٢٠١١ : ٦١) واتە زۆر لە رستە هەن کە لەشێوەی پرسیار و هەواڵ گەیاندن دێن، بەلأم مەبەستی سەرەکی لە دەرکەوتنیان شاراوەیە و بەزانینی بۆ ئەو چۆنیەتی بەکارهێنانیان مەبەستەکان روون دەبنەوە . لەوانەش :-

#### أ- دەرکەوتنی فەرماندان لە شێوەی هەواڵ گەیاندن :-

بەهۆی ئەوەی فەرماندان ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکرا دەربڕێت ڕێزی تیایدا نامینێت. بۆیە زۆرجار ئاخێوەر بە گەیاندنی هەواڵێك دەیەویٚ گوێگر کارێك ئەنجام بدات لە هەمان کات نەبێتە مایەی بێڕێزی و خۆسەپاندن . وەك ئەم نموونەیە :-

- **دکتۆری جگارە ل من قەدەغە کریە** .

ئەگەر ئەم هەواڵە بە میوانێکی جگەرەکێش بدەی ، ئەمە بە مەبەستی فەرمان پێکردن دێت کە شێوە ڕاستەوخۆیەکەی بەم شێوە دەبێت :

- **جگاریٚ ل ڤێری نەکێشە** .

بەلأم بەهۆی ئەوەی مێوان لە نەریتە کۆمەلأیەتیەکاندا ئەگەر فەرمانی لێبکرێت ،ئەوە بەبیٚ ریزی هەژمار دەکریٚ ،بۆیە شێوە ناڕاستەوخۆیەکەی بەکاردەهێنریٚ .

یاخود لە گەیاندنی هەواڵێکی لەم جۆرە :-

- **سوباهی ڤێت سپێدێ زی ژ خەو ڕابم .**

ئەم هەواڵە ئەگەر بەشەو بە ئامادەبوونی کەسێك بوترێ، ئەمە بە واتای (ڤێت تۆ بچی ، ئەز دێ نڤم)،ئەم جۆرە دەرکەوتنە هەر هەمان ستراتیژی ناراستوخۆی مۆدێلی ڕێزداری (براون و لیڤنسن)ە.

## ب- دەرکەوتنی فەرماندان لە شێوەی پرسیار:-

لەم رستەدا :- **دەستێ تە دگەهیتە شەکرێ ؟**

راستە ئەم رستەیە لە شێوە ئاساییەکەیدا رستەیەکی پرسیارە ، واتە ئاخێوەر دەبێ چاوەڕێ وەلام بێت بە (بەڵێ یان نەخێر) . بەلام ئەگەر هاتوو ئەم پرسیارە لە کاتێك کرا کەئاخێوەر و گوێگر لەسەر مێزێکی نان خواردن بن ، ئەوەئاخێوەر پێویستی بە شەکری سەرمێزەکەیە، بەلام بەهۆی ڕەچاوکردنی ڕێز شێوازی راستەوخۆ بەکارناهێنێت تا نەبێتە فەرمان بە دانی شەکرەکە، بەم شێوەیە:-

**-وێ شەکرێ بدە من.**

یاخود لە رستەیەکی تری وەك ئەمە :-

- **ئەرێ نەکەینە شەڤ ؟**

ئەگەر خێزانێك لە میوانداری بن ،ئەم پرسیارە زۆر جار لە سەر زاری پیاوێك ئاراستەی هاوسەرەکەی دەکرێت ، بە واتای (ڕابە بلا بچین) ، بەلام بۆ ئەوەی وا دەربخات کە ڕێز لە ڕای هاوسەرەکەی دەگرێت لە چونەوە پرسی پێدەکات ، ئەوە بەم جۆرەی سەرەوە پێڕادەگەێنێت.

جگە لەمەش هەندێ جار رستەی کلکە پرسیار بۆ فەرمان پێکردنێکی ناراستەوخۆ بەکاردێت . وەك :-

- **تو دزانی من کۆمبوون هەیە ، مانە ؟**

لێرەدا ئاخێوەر دەیەوێ بە گوێگر بڵێت،کە کاتی نییە لەگەڵی دانیشێت، بەواتا ڕاستەوخۆیەکەی دەبوایە پێی بڵێت (پاشی وەرەڤە) . ئەم جۆرە بەکارهێنانە یەکێکە لە ستراتیژە لاوەکیەکانی ڕێزداری ئەرێنی (براون و لێفنسن)ە.

## پ- ڕەتکردنەوەی فەرماندان یان داخوازی لە شێوەی هەواڵ گەیاندن :-

ئەگەر هەواڵێك ببێتە وەلاٌم بۆ فەرمانێك ، ئەوە ئەو هەواڵە بەواتای ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی کارەکە دەبێت وەك :-

- **شیرین دەرگەهی ڤەکە** . فەرماندان
- **ئەز فراڤینێ بەرهەڤ دکەم** . وەلاٌم

ڕستەی دووەم هەواڵێکە بەلاٌم خۆی بە واتای یاخود بۆ مەبەستی ئەوە هاتووە کە بڵێت کارەکە ئەنجام نادەم و لە ڕێگەی ئەم هەواڵە هۆکاری ڕەتکردنەوەی فەرمانەکەی پێدەدات .جگە لەمە زۆر جار بۆ ڕەتکردنەوەی داوایەك، داوالێکراو پەنا دەباتە بەر ڕێگە گەیاندنی هەواڵێك کەهۆکاری ڕەتکردنەوە تیایدا دیار دەبێت ، واتە دەبێتە ڕێگەیەکێ کورتکراوە بۆ ڕەتکردنەوە وشیکردنەوەی هۆکار لە هەمان کاتدا . بۆ نموونە :-

- **ڕۆژا ئەینییێ ئەز ێل هیڤیا تە بۆ فراڤینێ** . داواکردن
- **پێنچشەمبێ ئەزدێ چمە ئەستنبول و سێ ڕۆژا دێ ل وێری مینم** . هەواڵ

ئەم سێ جۆرە دەرکەوتنەی باس کران ، چۆنیەتی گۆرینەوەی ئەرك و مەبەستەکان بوو لە نێوان ڕستەکانی (هەواڵ گەیاندن ، پرسیار و فەرماندان) بەپێیی تیۆری کردە قسەیەکان ، واتە چۆن ڕێزداری دەبێتە هۆکار بۆ بەکارهێنانی کردە شاراوە و ناراستەوخۆیەکان لە ڕستەکانی زماندا .

جگە لەم سێ جۆرەی ڕستەی کەباسکران، (ڕستەی بکەر نادیار) بۆ دەرخستنی چەند مەبەستێکی جیاواز لە بابەتی ڕێزداریدا بەکاردێت بەم جۆرەی خوارەوە :-

## بەکارهێنانی ڕستەی بکەر نادیار بەمەبەستی :

### ١- خاکەڕایی :-

بۆ دوورکەوتنەوە لە سەپاندنی خود بەسەر گوێگر، ئاخێوەر (من)ی بکەر لە ڕستەکە لادەبات و ڕستەکە دەداتە پاڵ بکەر نادیار وەك :-

– ئەڤ کارە ب ڤی ئاوایی هاتە رێکخستن .

لەم نموونەیەدا ئەگەر ئاخێوەر لە شیکردنەوەی کار و چالاکیەکانی خۆی ، شێوازی بکەر نادیار بەکاردەبهێنیٚ، ئەوە دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی تر ودەرخستنی خاکەڕایی لەقسەکانیدا.

**٢- بە بابەتی کردنی شتەکان:-**

بۆ دەرنەخستنی هەڵویستی کەسی لە کاتی ئاگادارکردنەوە و یان ئاراستەکردنی کەسانێك ، بۆ پاراستنی سنوورەکانی پەیوەندی لەنێوانیان، وا باشترە شتەکان بە بابەتییانە بخرێتە ڕوو .

– یێت ئەڤ کارە ئە نجامدای ، دیٚ هێنە دویر خستن .

لەم ئاگادارکردنەوەیە شێوازی بکەر نادیار بەکارهاتووە ، کە لەوانەیە ئەنجامدەرانی کارەکەش دیار بن، بەڵام بۆ بەکەسی نەکردنی بابەتەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك کەس ، بەشێوەیەکی گشتگیر دەخرێتە ڕوو ، بۆ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی و دوورکەوتنەوە لە ململانیٚ لە هەمان کاتدا .

**٣-١-٤- لە ئاستی واتاسازیدا:-**

**أ- دۆزینەوەی هاوواتای وشە:-**

یەکیٚ لەو ئاریشانەی کە تووشی وشەکانی زمان دەبێت ، لەڕووی بەکارهێنانەوە ، ئەو فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیانەن، کە واتای بارکراوی ناپەسەند دەدەنە پاڵ هەندیٚ وشە و دەبێتە هۆکار بۆ کەمی بەکارهێنانیان و یان قەدەغەکردنیان لە زۆربەی حالەتەکان .

بۆ پڕکردنەوەی پێویستی ئاخێوەران بۆ هەموو جۆرە وشە و دەستەواژەیەك ، زمان روو لە گەشەکردن دەکات . (لەلایەنە گرینگەکانی گەشەکردنی زمانیش گۆڕینی واتایە . ئەم گۆڕانەش بە دوو شێواز دەبێت :-

١- لەکاتی واتایەکی تازە دەدرێتە پاڵ وشەیەکی کۆن .

٢-کاتیٚ وشەیەکی تازە بۆ واتایەکی کۆن دەبینریٚ . (حسن حامد، ٢٠٠٣ : ٦٦) .

ئەوەی مەبەستمان بڵێین کە جۆرێك لەو گۆڕانەی لەلایەن واتایی زمان ڕوودەدات ، دەبێتە هۆی دروست بوونی وشەی هاوواتا . یەکیٚ لەو هۆکارانەی کەوا لە قسەکەران دەکات هەوڵ بۆ دۆزینەوەی

هاوواتای وشەیەك بدەن ، ئەو واتا بارکراوە ناپەسەندەی وشەیە کە پاڵ بە ئاخێوەران دەدات بەدوای وشە و یان دەستەواژەیەکی تر بگەڕێن و بتوانن مەبەستی پێبگەیێنن و لەهەمان کاتدا نەبێتە هۆی هەست بریندارکردن و یان روومەند بەزێنی لە کاتی گفتوگۆ و پەیوەندیکردندا ، دەربرینەکان لە چوارچێوەی شێوازێکی زمانی بەڕێز و رێك دەرنەچێت .

( زۆرجاریش ئەم هاوواتاییە بە تێپەڕبوونی کات و بەهۆی زۆری بەکارهێنان هەر هەمان ناپەسەندی وشە کۆنەکەی لێباردەکرێ ، بۆیە دیسان بەهەمان رێچکە بەدوای وشەیەکی تر جێگر دەگەڕێن . وەك لەم نەخشەیە دیارە :-

<table dir="rtl">
<tr><td>دروست بوون</td><td>بەکارهێنان</td><td>بارکردن</td><td colspan="5">ڕێزداری لە زمان</td></tr>
<tr><td colspan="3" rowspan="3">وشەی (أ)</td><td>لەشوێن دانان</td><td>بەکارهێنان</td><td>بارکردن</td><td colspan="2">ڕێزداری لە زمان</td></tr>
<tr><td colspan="3" rowspan="2">وشەی (ب)</td><td>لەشوێن دانان</td><td>— — —</td></tr>
<tr><td colspan="2">وشەی (ج)</td></tr>
<tr><td colspan="8">هاوواتا = وشەی (أ) + وشەی (ب) + وشەی (ج)</td></tr>
</table>

(شێوەی ژمارە ٣)          (الازهر الزناد،٢٠١٤: ١٣٦-١٣٧)

لێرەدا ژمارەیەکلەو هاوواتایانەی کەوا پەسند دەکرێ لە شێوازێکی زمانی بەڕێزدا بەکاربێن، دەخەینە ڕوو :-

ژن :- هەڤژین

دین :- نەخۆشی دەروونی

هەژار :- دەستکورت ، خودان داهێتێن کێم

بیژی :- زارۆین ناشەرعی

پیر :- دان عەمر

سەقەت :- خودان پێدڤێن تایبەت

کۆرە :- نابین

کەڕ :- گوهـ گران

مری :- رەحمەتی ، خودێ ژی رازای

مر :- وەغەرا دۆماهیێ کر

شێرپەنجە :- ئیشاگران

میز :- دەستاڤا زراڤ

جووتبوون :- سیکس

حەملە :- دوو گیان

درەو :- نەراستی

ئەدەبخانە :- توالێت . WC

زیندان :- چاکسازی

هەندێ وشەی دیکەش هەن کە بۆ وەسفکردن بەکار دێن ، بەلاّم دەچنە خانەی جنێودان، بۆیە بە وشە یان دەستەواژەی تر وەسف دەکرێن کە کاریگەری بەکارهێنانیان لەسەر گوێگر کەمتر دەبێت و بێ رێزی بەزەقی تیایدا دیار نابێت . وەك :-

گێل :- نەشەهرەزا

زۆج :- خوەش باوەر

بێ رەوشت :-نەتەمام

چنە :- کێرنەهاتی

بێ وەج :- دەست و پێ سپی

تەمبەل :- بێ خیرەت

## ب- هەستیاری لە بەکارهێنانی فرە واتاکان:-

(ئەو وشانەی زیاتر لە واتایەك دەدەن ، ویەکێ لە واتاکانی رامانی سیکس بدەن ، ئەوە دەبێتە تابۆ) (نژیار ئدریس، ٢٠١٢ : ٤٦) .بۆیە لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانی زمان لە گفتوگۆیەکی گشتیدا. ئاخێوەر هەوڵدەدات خۆی لەم وشانە دووربخاتەوە ، ئەگەر پێویست بوو ئەوە بەتەنیا بەکارناهێن، بەڵکو لەگەڵ وشەیەکی تر کە رامانەکەی پێی روون ببێت و لە واتا تا بۆیەکەی دووربخرێتەوە ، یان دەستەواژەی تایبەت لە پێشیان بەکاردێت وەك : (بیلا مەعنا ، عەیب نەبیت) . ئەو وشانەش زیاتر لە شێوەی کارن :- وەك

( ڤەرسین، رابوون، هەڵدان ، ژیهاتن ،ڕەقبوون ،سیاربوون ،کرن، ریسکرن ،خوریان ،دان، مهتن پەرخاندن ......)

## پ- بەکارهێنانی خوازە :-

(خوازە بە واتای گواستنەوەی واتای وشەیەك بۆ وشەیەکێ تر ، کە هەر چەندە پەیوەندی لێکچواندن لە نێوانیان نییە، بەڵام چەند پەیوەندیەکی تر کۆیان دەکاتەوە وەك (پەیوەندی نێوان گشت و بەش ، یان پەیوەندی نێوان گشتی و تایبەتیدا) . (حامد حسین، ٢٠٠٣ :٨٥) .

لەو وشانەی کە بە مەبەستی رێزداری وشە گشتی یەکەی لە جیاتی بەشەکە بەکاردێت وەك:-

| | | |
|---|---|---|
| خێزان ، ماڵ | لە جیاتی | ژن |
| سینگ | لە جیاتی | مەمك |
| لەش | لە جیاتی | ئەندامی زاوزێ |

بۆ نموونە:-**ماڵێ نەساخن ، دێ وان بەمە نەخۆشخانێ.**

بەکارهێنانی وشە گشتیەکان لە جیاتی وشە تایبەتیەکان لە گفتوگۆ و ئاراستەکردندا بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە رووبەرووبوون و بەزاندنی روومەندی لە یەکێ لە ستراتیژە لاوەکییەکانی رێزداری (نەرێنی) مۆدێلی (براون و لێڤنسن) دا هاتووە .

## ٣-٣-تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان هەڵبژاردنی ستراتیژ و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان.

### (ئەنجامی راپرسی)

بۆ دڵنیابوون لە رەوایەتی مۆدێلی رێزاری (براون و لیڤنسن)، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی ستراتیژ و هۆکارەکانی بواری گفتوگۆی کۆمەڵایەتی ، واتە تا چ رادەیەك ئەو سێ هۆکارە کۆمەڵایەتیەی براون و لیڤنسن داینانوە کە بریتی بوون لە :-

١. رادەی سەپاندن
٢. مەودای کۆمەڵایەتی
٣. هێز

وەك سێ هۆکاری سەرەکی بۆ ئاراستەکردنی رێزداری دادەنرێن. کاریگەریان لەسەر هەڵبژاردنی یەکێ لەو پێنج ستراتیژەی رێزداری (راستەوخۆ ، ئەرێنی ، نەرێنی ، ناراستەوخۆ، ئەنجامنەدانی(FTA) -پەیوەندینەکردن) هەیە.

بۆجێبەجێکردنی ئەم لایەنەی مۆدێلی رێزداری (براون و لیڤنسن) لە سەر ئاخێوەرانی شێوەزاری بادینی ، راپرسێکمان لەسەر (١٥٠) کەس لە چینی فەرمانبەر لە هەردوو رەگەز، کە تەمەنییان لە نێوان (١٧-٥٩)ساڵ دابوو،لە دام و دەزگایەکانی سنوری پارێزگای دهۆك ئەنجامداوە .

ناوەرۆکی راپرسیەکە کەسەکان دەخاتە بەر تاقیکردنەوەیەك بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی هەڵبژاردنی شێوازی مامەڵەکردن لە بارودۆخێکی تایبەتدا ، بەرامبەر کەسە جیاوازەکان . ئەنجامی راپرسیەکە پێویستە بمانگەیێنێتە وەڵامی چەندین پرسیار وەك : ئایا ئاخێوەرانی ئەم شێوازە باوەڕیان بە رێزداری هەیە وەك یارمەتیدەرێك بۆ کارلێکردن و پاراستنی روومەندی ؟ و چۆن لە رێگەی رێزداری زمانیەوە دەتوانین مەبەستەکان بخەینەڕوو ، تەنانەت ئەگەر مەبەستەکان لە بەرژەوەندی کەسیبەرامبەریشدا نەبێت ؟ بە واتایەکی تر رێزداری چۆن دەتوانێ کاریگەری دڵڕەنجاندن لەکاتی رەتکردنەوەی داوایەك لەسەر کەسی بەرامبەر کەم بکاتەوە ؟ ئەمەو لە کۆتایی دەبێ وەڵامی ئەوەشمان بداتە دەست ، کە ئایا هەڵبژاردنی ستراتیژی جیاوازی رێزداری دەوەستێتە سەر هێز و مەودای کۆمەڵایەتی و ئاستی سەپاندن وەك چۆن (براون و لیڤنسن) پێشنیازیان بۆ کردوە؟

**پوختەی راپرسیەکە:-** بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی یەکێ لە ستراتیژیەکانی مۆدێلی رێزداری (براون و لیڤنسن) . کەسەکان دەخاتە نێو سیناریۆیەکی لەم شێوەیە ، (ئەگەر ئێوە بەرپرسی بەشی کارگێڕی

بن له دەزگایەك ، دەزگاكەتان داوای كارمەندی تازەی كردبێت . ئەوانەی سیڤییەكەیان تەواو نەبوو و وەرنەگیران. چۆن هەواڵی رەتكردنەوەی داواكەیان پێ رادەگەێنی ، ئەگەر لە نێو ئەواندا :-

**أ- كەسێك هەبێت لەلایەن بەرپرسێك رەوانە كرابێت .**

**ب- برادەرێكی ئێوە بێت .**

**پ- كەسانی تر كە نەناسیاو بن بۆ ئێوە .**

كەواتە لێرەدا سێ بارمان هەیە (أ-ب-پ) . بۆ هەر بارێك پێنج ستراتیژ دانراوە :-

١- **ستراتیژی راستەوخۆ/** گەیاندنی هەواڵە ناخۆشەكە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و بە ئاشكرایە . لەم ستراتیژەدا رادەیەكی كەمی رێزداری هەیە .

٢- **ستراتیژی رێزداری ئەرێنی/** گەیاندنی هەواڵە كە پاش پێشكەشكردنی هەڵسەنگاندنێكی جوان و شیاو بۆ توانای كەسی داواكار و دەرخستنی دڵپاكی لە رێگەی دانی ئومێدێك .

٣- **ستراتیژی رێزداری نەرێنی/** گەیاندنی هەواڵەكە بە داوای لێبوردنەوە ، و نیشاندانی ئەوەی كە ئەمە حەز و ویستی ئاخێوەر نەبووە ، هەروەها شیكردنەوەی هۆكار و گەراندنەوەی بەشێك لە هۆكارەكە بۆ كەمتەرخەمی ئاخێوەر خۆی . (ئەم ستراتیژە بەرێزدارترین ستراتیژ دادەنرێت ) .

٤- **ستراتیژی ناراستەوخۆ/** گەیاندنی هەواڵ بەشێوەیەكی نا ئاشكرا لە ڕێگەی ئاماژەدان ، واتە بواری چۆنیەتی وەرگرتنی هەواڵی رەتكردنەوە بۆ داواكار بەجێدەهێڵێت .

٥-**ئەنجامنەدانی** (FTA)/ واتە هەواڵی رەتكردنەوەكە بە داواكار نەگەیەنێ ، و ئەم ئەركە بە كەسێكی تر بسپێرێ، وەك ( سكرتێر یان جێگر).

**هۆكاری هەڵبژاردنی سیناریۆیەكی بەم شێوەیە بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە :-**

**یەكەمیان/** گەیاندنی هەواڵی رەتكردنەوە، واتای ئەوە دەدات، كە كارێكی ناخۆش لەبەردەم ئاخێوەردایە. مۆدێلی رێزداری پێشبینی ئەوە دەكات كە گەیاندنی هەواڵی ناخۆش لە گەیاندنی هەواڵی خۆش سەپاندنی زیاتر تیایدایە .

**دووەم/** هەبوونی كەسێك كە لەلایەن بەرپرسێك رەوانە كرابێت، ئاماژەیە بۆ هێز، واتە هێزی گوێگر لەسەر ئاخێوەر زۆر دەبێت .

**سێیەمیان/** هەبوونی کەسێك کە برادەری ئاخێوەر بێت ، لێرەدا ئاماژەیە بۆ کەمی لە مەودای کۆمەلأیەتی نێوان هەردووکیان .


**چوارەم/** کەسانی تر کە زۆربەیان نەناسیاون بەنیسبەت ئاخێوەر واتە زۆربوونی مەودای کۆمەلأیەتی و کەم بوونەوەی هێز لە هەمان کاتدا.


**ئە نجامی ڕا پرسییەکە بەژمارە وبە ڕێژەی سەدی بەم شێوەی خوارەوە بوو :- لە کۆی ( ١٥٠ )بەشداربوو :-**

| باری ( أ ) | کەس | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ستراتیژی یەکەم | ٥ | ٪٣ |
| ستراتیژی دووەم | ٢٩ | ٪١٩ |
| ستراتیژی سێیەم | ١٠٥ | ٪٧٠ |
| ستراتیژی چوارەم | ٩ | ٪٦ |
| ستراتیژی پێنجەم | ٢ | ٪٢ |
| باری ( ب ) | | |
| ستراتیژی یەکەم | ٥٢ | ٪٣٥ |
| ستراتیژی دووەم | ٦٨ | ٪٤٥ |
| ستراتیژی سێیەم | ١١ | ٪٧ |
| ستراتیژی چوارەم | ١٩ | ٪١٣ |
| ستراتیژی پێنجەم | ٠ | ٪٠ |
| باری ( پ ) | | |
| ستراتیژی یەکەم | ٤٢ | ٪٢٨ |
| ستراتیژی دووەم | ٢ | ٪١ |
| ستراتیژی سێیەم | ٢ | ٪١ |
| ستراتیژی چوارەم | ٥ | ٪٣ |
| ستراتیژی پێنجەم | ٩٩ | ٪٦٦ |

# ئەنجامەکان


# ئه نجامی ڕا پرسی بۆ باری ( ا )





شێوەی ژمارە ( ٤ )

# ئه نجامی ڕا پرسی بۆ باری ( ب )





شێوەی ژمارە ( ٥ )

# ئه نجامی ڕا پرسی بۆ باری (پ )




شێوەی ژمارە ( ٦ )

مۆدێلی ڕێزداری (براون و لێفنسن) جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە بەکارهێنانی ستراتیژەکانی‌لەلایەن تاکەکانەوە دەوەستێتە سەر سروشت و بواری پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و ئەو کەسەی پەیامەکەی بۆ دەچێت ، واتە ئەم مۆدێلە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ئاخێوەران زیاتر ڕێزدار دەبن کاتێك ١- هێزی گوێگر -پەیام وەرگر زۆر دەبێت لەسەر ئاخێوەر ٢- مەودای کۆمەڵایەتی نێوان کەسی کوێگر و ئاخێوەر زۆر دەبێت ٣- ڕادەی سەپاندن (کە لەچوارچێوەی بابەت و مەبەست دیار دەبێت ) بەرز بێت .بە پێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە بۆ هەر سیٚ بار، دەتوانین بڵێین ئەم مۆدیلەی (براون و لیڤنسن) تا ڕادەیەکی زۆر لە نێو ئاخێوەرانی شێوەزاری بادینیدا گونجاوە بۆ بەکارهێنان، واتە :-

أ-کەسەکان یەکێك لە ڕێزدارترین ستراتیژیان بۆ گەیاندنی هەواڵی ڕەتکردنەوە بە کەسی یەکەم بەکارهێناوە .(بەپێی ئەوەی کە لەلایەن کەسێکی پلە بەرزتر لە خۆی ڕەوانە کراوە) بەمەش کەسەکە لە گەڵ هەبوونی مەودایەکی فراوانی کۆمەڵایەتی هێزیشی هەیە. (٧٠٪ ) لە کەسەکان ستراتیژی سێیەم (ڕێزداری نەرێنی)یان بەکارهێناوە.

ب- بەپێی ئەوەی کە کەسی دووەم (برادەری ئاخێوەر) دەبێت ، ستراتیژێکی تری ڕێزداری بەکاربێت کە لە هی کەسی یەکەم جیاواز بێت ، چونکە لێرەدا مەودای کۆمەڵایەتی کەمە و هێزیش کەمە.( ٤٥٪ ) لە کەسەکان ستراتیژی دووەم (ڕێزداری ئەرێنی)یان هەڵبژاردووە ، ( ٣٥٪ )یش ستراتیژی یەکەم (ڕاستەوخۆ)یان هەڵبژاردووە. ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە لەو حاڵەتانەی مەودای کۆمەڵایەتی کەم بێت بە هۆی نیزیکی کەسەکان ڕیزداری فەرامۆش ناکەن لە پەیوەندیکردندا، بە شێوازێکی ئەرێنی بۆ ڕێزداری ، هەوڵی کەمکردنەوەی پلەی سەپاندن لە گەیاندنی هەواڵی ناخۆش دەدەن.

پ- بۆ کەسە سێیەمەکان، کە زۆرترین مەودای کۆمەڵایەتیان لەگەڵ ئاخێوەر هەیە . و هیچ ئاماژەیەکیش بۆ بوونی هێز نییە، کەواتە ئاخێوەر ناچاری ئەوە نابێت بیر لە ڕێزدارترین ستراتیژ بکات بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی سەپاندنی هەواڵە واتە لەوانەیە سادەترین ستراتیژ بەکار بهێنن .( ٦٦٪) ستراتیژی پێنچەم (ئەنجامنەدانی کردەی هەرەشە لە سەر روخسار)یان هەڵبژاردووە.

# ئه نجامەکان

١- لە شێوەزاری بادینیدا لەمیانەی مەبەست و چۆنیەتی بەکارهێنان دەتوانرێ چەندین رەهەندی تری جیاواز بە دەربڕینەکانی رێز ئامێز بدرێت ، کە زۆرجار رامانێکی پێچەوانەی رێز نواندن لەخۆ دەگرێ وەك توانج ، گاڵە ، مەرایی ... .

٢-لەهەر چوار ئاستەکانی زماندا رێزداری لە شێوەزاری بادینی بەرجەستەکراوە، بەڵام بەڕێژەی جیاواز ، لە ئاستی دەنگسازی بەشێوەیەکی کەم کە لە چەند نموونەیەك تێپەڕناکات، بەڵام لە ئاستی رستەسازی بەشێوەیەکی فراوانتر بەرچاو دەکەوێ .

٣-لەو ڕاپرسییەی کە کراوەو بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاخێوەرانی شێوەزاری بادینی لە هەڵبژاردنی ستراتیژەکانی رێزداریدا هەرسێ هۆکاری کۆمەڵایەتی (هێز ، مەودای کۆمەڵایەتی ، سەپاندن) دەکەنە خالی جیاکەرەوە بۆ هەڵبژاردنیان، وەك چۆن (براون ولیڤنسن) لە مۆدێلەکان پێشنیازی دەکەن .بەم شێوەی خوارەوە :

| بارەکان | ستراتیژەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕاستەوخۆ | ڕێزداری ئەرێنی | ڕێزداری نەرێنی | ناڕاستەوخۆ | ئەنجامنەدانی(FTA) |
| ( ا ) | ٪٣ | ٪١٩ | ٪٧٠ | ٪٦ | ٪٢ |
| ( ب ) | ٪٣٥ | ٪٤٥ | ٪٧ | ٪١٣ | ٪٠ |
| ( پ ) | ٪٢٨ | ٪١ | ٪١ | ٪٣ | ٪٦٦ |

# سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردی :-


- ئارام عبدالواحید حەمە رەشید (٢٠١٣) رێزگرتن لە زمانی کوردیدا ، چ١ ، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی .
- بەهار زایر محمد (٢٠٠٩) ، زمان ویاس کۆمەڵایەتیەکان ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین .
- طالب حسین علی (١٩٩٨) ، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە وواتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆراه، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .
- تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی ، چ١، چاپخانەی رۆژهەلاَت ، هەولێر.
- چیمەن نیزامەدین محمود (٢٠١١) ، کاریگەریا تەمەنی لەسەر زمانێ پەیوەنیکردنێ ، ناما ماستەرێ ، فەکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆکێ .
- دەرون عەبدولرەحمان سالح (٢٠١٤) ، رۆلی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەرونیی تاکدا ، نامەی دکتۆراه ، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی .
- ساجدە عەبدوڵلاّ فەرهادی (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی رستەسازی زمانی کوردی ، چ١ ، چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر .
- شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (٢٠٠٨) ، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی بەغدا .
- عەبدولوەهاب خالید موسا(٢٠٠٧)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی ژووروودا، نامەی دکتورا ، کۆلیژی زمان-زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر .
- عبدالواحد مشیر دزەیی (١٩٩٩) ، پێکهاتی ئاخاوتن لە زاری هەولێریدا ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر .
- ________________(٢٠٠٧) ، رێزگرتن لە کەلتووری کوردەواریدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین تایبەت بە توێژینەوەکانی کۆنگرەی دووەمی زانستی زمان،ژمارە(٢) .
- ____________(٢٠١١)، زانستی پراگماتیك ، چ٢ ، چاپخانەی پاك ، هەولێر.
- _____________ (٢٠١١)، لێکسیکۆلۆجی ،چ١، چاپخانەی ماردین ،هەولێر.

- كاميل حسن البصير، كوردستان موكرياني، سادق بهائەدين ئاميْدى، حەمە ئەمين هەورامى (١٩٨٧)، زارە كوردىيەكان، چاپخانەى زانكۆى سەلاحەددين ، هەولێر .
- محمد معروف فتاح (١٩٨٦) ، سنور و بنەما و ئەركەكانى كۆ زمانەوانى ، گۆڤارى رۆشنبيرى نوىٰ ، ژمارە (١١٢) ، بەغدا.
- ____________(١٩٩٠) زمانەوانى ، چاپخانەى دار الحكمە ، هەولێر .
- نژيار ئيدريس ئەمين (٢٠١٢) ، تابۆ دزمانىٰ كورديدا (گۆڤەرا بەهدينى وەك نموونە) ، ناما ماستەرىٰ ، كۆليژا ئادابىٰ ، زانكۆيا دهۆكىٰ .
- وريا عمر امين (١٩٩٤) ، هێز و ئاواز ، گۆڤارى ڕۆشنبيرى نوىٰ ، ژمارە(١٣٤).


## ❖ سەرچاوە عەرەبييەكان:-


- احمد ابراهيم عفيفي (٢٠١٣) ، لغة الجسد ، ط١، دار الحياة ، اليمن .
- احمد العيد ابو السعيد وزهير عبد اللطيف (٢٠١٤) ، مهارات الاتصال ، اليازورى للطباعة ، عمان
- احمد مختار عمر (١٩٨٢) ، علم الدلالة ، ط٢ ، دار العروبة ، الكويت .
- ادريس مقبول (٢٠٠٧) ، الاسس الايستمولوجية و التداولية للنظر النحوي عند سيبوية ، دار جدارا للكتاب العالمي ، عمان .
- الازهر الزناد (٢٠١٤) ، اللغة و الجسد ، ط١، دار نيبور للطباعة ، العراق .
- آمنه لعور (٢٠١١) ، الافعال الكلامية في سورة الكهف ، رسالة ماجستر ، كلية الاداب ، جامعة منتورى ، الجزائر .
- جورج لايكوف و مارك جونسن (١٩٩٦) ، الاستعارات التى غيابها ، ترجمة عبدالمحيد محفة ، دار توبقال ، المغرب .
- جورج مونين (١٩٧٢) ، تأريخ علم اللغة منذ نشأتها حتى القرن العشرين ، ترجمة بدرالدين قاسم ، ديمشق . ص ١٥٢.
- جون لاينز (١٩٨٧) ، اللغة و المعنى والسياق ، ترجمة صادق عبدالوهاب ، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد .
- حسن حامد الصالح (٢٠٠٣) ، التطور الدلالي في العربية في ضوء علم اللغة الحديث ، مجلة الدراسات الاجتماعية ، عدد (١٥) .

- ستيفن اولمان (١٩٨٦) ، دور الكلمه في اللغه ، ترجمه كمال محمد بشير ،ط ١٠، مكتبه الشباب ، القاهره .
- سعيد حسين بحيري (٢٠١٤) ، علم اللغة البراجماتى ، ط١ ، مكتبة زهراء الشرق ، القاهرة .
- صباح بويا سولاقا (٢٠١٣) ، الاتيكيت ، ط١ ، شركة المطبوعات . بيروت .
- صميد الطائي و بشير العلاق (٢٠١٣) ، اساسيات الاتصال ، ط١، اليازورى للطباعة ، عمان .
- طه عبدالرحمن (١٩٩٨) ، اللسان و الميزان (التكوثر العقيلى) ، ط١، المركز الثقافي العربي .
- عبدالهادي بن ظافر الشهري (٢٠٠٤) ، استراتيجيات الخطاب ، ط١ ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، بيروت .
- عبدالعزيز بنعيش(٢٠٠٥) .استراتيجيات وكفايات التواصل ،المغرب.
- عدنان بن ذريل (١٩٨٠) ، اللغة و الاسلوب ، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع ،عمان .
- فاروق خالد الحسنات (٢٠١١) ، الاعلام و التنمية المعاصرة ، ط١، دار اسامة ، الاردن.
- فرهاد عزيز محى الدين (٢٠١٣) ، اثرالعامل النفسي في تغير دلالات الالفاظ ، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية ، المجلد الثامن ، العدد (١) .
- لمى فايق جميل (٢٠١٢) ، الكلام المحظور (اللامساس Taboo) ، مجلة ، كلية الاداب ، جامعة بغداد ، العدد (١٠١) .
- محمد اسماعيلي علويى (٢٠١٣) ، التواصل الانسانى ، دار كنوز المعرفة ، الاردن .
- ميشال زكريا (١٩٨٤) ، الالسنية (علم اللغة الحديث) ، المؤسسة الجامعية للدراسات للنشر والتوزيع ، بيروت .
- ناصر الججيلان (٢٠١٢) ، التهذيب ليس ترفاً ، جريدة الرياض ، العدد (١٦٢١٥).
- هحمان روي – سي (١٩٨٩) ، اللغة و الحياةو الطبيعة البشرية ، ترجمة داود حلمي احمد ، ط١ ، جامعة الكويت .
- هدسن (١٩٨٧) ، علم اللغة الاجتماعي ، ترجمة محمود عبدالغني عياد ، ط١ ، دار الشؤون الثقافة العامه .

### ❖ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:-


- AbdulMajeed،Rufaidah kamal (2009).The Realization of positive politeness strategies in Language ،J.of college of Education for women ،University of Baghdad.
- Brown and Levinson (1987). Politeness some Universals in Language Usags .cambridge : Cambridge University press .
- Fraser، Bruce (1990). Perspectives on politeness، Journal of pragmatics : North – Holland .
- Grice ،Paul (1989)- studies in the way of words ، Cambridge . MA: Harvard university press .
- Hurmiz،salamNimat (2009).Politeness in English and syriac : Acomparative study، unpubished ph.D.Dissertation، University of salahaddin-Erbil.
- Jana svarova (2008) Politeness Markers in spocken Language ، Brno.
- Lakoff، Robin Tolmach(1990).Talking power : the politics of language in our lives ، Glasgow ،Harper colins.
- Lakoff،RobinTolmach (1973). The logic of politenss،papers from the ، Regional Meeting of the chicaga Linguistic Societty .
- Leech ، Geoffrey (1983) .principles of pragmatics، London: langman Group Limited .
- Lounis Naha (2014). Cross-Cultural perspectives on Linguistic Politeness.
- Yule،George (1996).The study of Language ،2nd،Great Britain ،combridge University press .
- Gray – matsumoto ، Katherine (2009) Politeness in creasing Degree of Composition Asociolingustic study of politeness in political conversation .USA The university of Utah.
- Gilks،kate(2010).Is Brown and levinson (1987) Model of Politeness as useful and Influential as orginally Clained?England :Northgham University Pres .
- Watts، Richard (2003).politeness،Cambridge: Cambridge University press .

❖ سەرچاوەی ئەڵمانی


- Rnata Loscher، (2000) ،Grammatik Der modernen deutschen Um Gangassprache Hueber ، Munchen


❖ ئینتەرنێت


- www.lc. Arizona.edu
- www.soft panorama.org
- www.uobabylon.edu

# پاشکۆکان

زانكۆی سەلاحەدین

كۆلێژی زمان

بەشی كوردی / توێژینەوەی ماستەری زمان.

## فۆرما را پرسیێ تـايیەت ب « رێزداری د دەڤۆكا بەهدینی - زمانێ كوردیدا »

پێزانینێن كەسی.

تەمەن : «     » سالێ .

رەگەز: نێر «     » ، مێ «     »

پیشە : «          »

ئەو هەلبژاردنا تە پێ درست بیت نیشانا «     » ل پێش هژمارا وێ دانێ:

---

**ڤێ سیناریۆێ بینە پێش چاڤێت خو :**

- ئەگەر جەنابێ تە بەرپرسێ كارگێری بیت ل دەزگەهەكێ دیاریكری ، ئەوێ دەزگەهێ داخازا كارمەندا كربوو، هژمارەك ل وان سیڤییێت كو هاتیە پێشكەش كرن ژ بەر ئەزموونا وان یا كێم بۆ دەزگەهێ وە دەست نادەن، دێ چەوا پەیاما وەرنەگرتنێ ب شێوازەكێ برێزڤە ب وان راگەهێنی؟ ئەگەر د ناڤ واندا :

**یەكەم : كەسەك ژ ئالیێ بەرپرسەكێ هاتبیتە فرێكرن ، دێ كیژ لڤان شیوازان بكار ئینی ؟**

«» «» ١- داخازا تە نەهاتە قەبیل كرن، ب هیڤیا دەرفەتەكا باشترم بۆ تە.

«» «» ٢- یا دیارە تو كەسەكی چەلەنگ و خودان شیانی، لێ ئەو كەسێن كو هاتیێە وەرگرتن ئەزمونا وان ژ یا تە پترە، ئەڤە سیڤیا تە دێ ل نك مە مینیت ، هەردەمێ مە پێدڤی بوو دێ تە ئاگەهدار كەین.

«» «» ٣- گەلەك داخازا لێ بۆرینێ ل تە دكەم، ناڤێ تە د ناڤ واندا نەبوو یێت هاتییە وەرگرتن ، شاشیا مە بوو پێ دڤی دكر مە داخویانێن پتر بۆ مەرجێن ئەزموونێ دابان.

«» «» ٤- بەلكی ل جهەكێ دیتر مفایێ ل شیانێن تە وەرگرن ، بێ هیڤی نەبە.

«» «» ٥- بێژییە جێگرێ خو پێش تەڤە دگەل باخڤیت، تو ب خو پەیاما وەرنەگرتنێ پێ رانە گەهینی.

**دووەم : ئەگەر ئەو کەسێ نەهاتیە وەرگرتن هەڤالەکێ وە بیت ، دێ چەوا پێڕا گەهینی ؟**

- ١- داخازا تە نەهاتیە قەبیل کرن ، دەرفەت نەبوو ببینە هەڤکار.
- ٢- ئەز دزانم تو خودان شیانی، لێ ژ بەر کو ئەزموونا تە یا کێمە تو نەهاتیە وەرگرتن ئەڤە سیڤیا تە یا ل نك مە، هەر دەمێ دەرفەت هەبوو ئەز بخو دێ بتەڕاگەهینم.
- ٣- داخازا لێبوردنێ ل تە د کەم، مخابن تو نە هاتیە وەرگرتن، شاشیا من بوو، پێدڤی دکر پێشتر مەرجێن ئەزموونێ بۆ تە خویا بکەم .
- ٤- هەڤال یا باشتر ئەوە بزاڤێ بۆ کارەکی دی بکەی، ئەز باوەرم دێ بدەست تە کەڤیت.
- ٥- بێژییە جێگرێ خو پەیاما وەرنەگرتنێ پێ را بگەهینیت.

**سێیەم : کەسێن دی یێن نەنیاس، دێ چەوا ب وان ڕاگەهینی ؟**

- ١- داخازاتە نەهاتە وەرگرتن، ب هیڤیا دەرفەتەکا باشتر.
- ٢- پێدچیت تو کەسەکێ چەلەنگ بی، لێ ئەم نەشێین تە وەرگرین چونکی ئەزموونا تە یا کێمە، بێ هیڤی نەبە، سیڤیا تە دێ ل نك مە مینیت.
- ٣- ببورە، تە شەنش د گەل مە نەبوو بۆ کارکرنێ ، پێدڤی دکر مە داخویانێن پتر بۆ مەرجێن ئەزموونێ دابان.
- ٤- هیڤیا من ئەوە کارەکێ باشتر ب دەست تە بکەڤیت.
- ٥-ِبێژییە جێگرێ خو پەیاما وەرنەگرتنێ پێ را بگەهینیت.

**دگەل سپاس و پێزانینا**

أقليم كوردستان- العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين- أربيل

# التهذيب في اللجهة البادينية
# من اللغة الكوردية

رسالة
مقدمة الى مجلس كلية اللغة في جامعة صلاح الدين- أربيل
و هي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل

**ذكرى نزار محمد شريف** بكالوريوس -جامعة صلاح الدين- أربيل -٢٠٠٠

بإشراف

**د. عاطف عبدالله فرهادى**

بوشبر ٢٧١٥ كوردي　　رمضان ١٤٣٦ هجري　　حوزيران ٢٠١٥ ميلادي

## الملخص

تعني هذه الرسالة الموسومة (التهذيب في اللهجة البادينية من اللغة الكوردية) بدراسة التهذيب كظاهرة لغوية يتعدى استخدامها حدود الكلمات المعبرة عن الاحترام ألى أستخدام طرق وأليات مختلفة لغرض الحصول على علاقة اجتماعية ناجحة.

وتتضمن الرسالة ثلاث فصول تسبقها مقدمة و تختتم بالنتائج .يعد الفصل ألأول مدخلا ألى الموضوع يتكون من أربع مباحث، في المبحث الأول يلقى الضوء على البعد الاجتماعي للغة بشكل عام . المبحث الثاني يضم عدة تعاريف ومجموعة من أليات أستخدام التهذيب عند متحدثي اللغة. المبحث الثالث يتطرق ألى ظهور التهذيب في قواعد المحادثة لعدد من الباحثين المعروفين. المبحث الرابع يلقي الضوء عن صور أستخدام الغير اللفظي للتهذيب.

الفصل الثاني يضم مبحثين ،المبحث ألأول يتم فيه عرض أحدى أهم النظريات الخاصة بالتهذيب اللغوي للباحثين |(براون و ليفنسن) وعرض أهم أليات التهذيب بنظرهم وكشف عن نقاط الضعف التي أعتبرت نقدا لتلك النظرية .المبحث الثاني يتحدث عن الدوافع الاجتماعية والنفسية التي تدفعنا للجوء الى التهذيب لديمومة العلاقات.

الفصل الثالث يتضمن ثلاث مباحث، المبحث الاول يعرض كيفية استخدام العبارات والجمل الدالة على التهذيب لاغراض اخرى حسب نظرية السياق والتى بدورها تكشف عن ابعاد مختلفة لتهذيب اللغوي . المبحث الثاني يتطرق الى ظهور التهذيب في مستويات اللغة الاربعة عند متحدثي اللهجة البادينية. المبحث الثالث يعرض نتائج الاستبيان الذي خصص لمعرفة مدى فاعلية آراء (براون وليفنسن ) حول الاسباب الاجتماعية التى تحدد اختيار احدى اليات التهذيب في اللغة عند متحدثي اللهجة البادينية .

## Abstract

This thesis is entitled (Politeness in Badini Sub-dialect of Kurdish Language). It addresses the occurrence of politeness in language as manner and a strategy to succeed the social relationships, to be away from offence and to keep the personalities.

The study, despite the introduction and the results, consists of three chapters. The first chapter is includes four sections. The first section talks about language social dimension.The second section indicates a number of definitions and strategies of politeness. The third section deals with the occurrence of politeness in interaction principles according to the view of several researchers. The fourth section displays a range of aspects of unstated politeness.

The second chapter includes two sections. In the first section, Brown and Levinson's model is demonstrated through thought, strategy and those social factors that affect selecting the strategies. Then, these critics that have been directed to the modal are described. In the second section, an attempt is made to determine the pushing social and psychological factors that cause the existence of politeness in language.

The third chapter in corporates three sections. The first section, according to the context theory, talks about the use of politeness for several other purposes. The second section highlights the appearance of politeness in the four levels of language. In the third section, the result of a questionnaire is provided, which has been done among the speakers of Badini sub-dialect in order to know the authenticity of Brown and Levinson's model on the relationship of social factors and selecting one of the strategies.

Kurdistan Region-Iraq
Ministry of Higher Education
And Scientific Research
Salahaddin University-Erbil

# Politeness in Badini sub-Dialect of KurdishLanguage

A Thesis

*Submitted to the Council of the College of languages University of Salahaddin – Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish language*

By
**ThikraN.Mohammad Sharif** B.A.in Kurdish Languge -University of Salahaddin- Erbil2000

Supervised by
**Dr.AtifAbdullah farhadi**

June 2015A. Ramadhan 1436 Al-H. Pushpar 2714 k.